زانستی

تەجوید

سیروان حامد

الجامع للقراءات العشر من طريق الشَّاطبيَّة والدُّرَّة

پێداچوونەوەو پێشەکی

د.دیاری أحمد إسماعیل

الجامع للقراءات العشر من طريق الشَّاطبيَّة والدُّرَّة والطَّيِّبة

چاپی سێیەم

١٤٣٦ك - ٢٠١٥ ز

ناوی کتێب: زانستی تەجوید

ئامادەکردنی: سیروان حامد

دیزاینی بەرگ: گۆڤاری بڕیار

نۆبەی چاپ: سێیەم

تیراژ: ٢٠٠٠

ساڵی چاپ: ٢٠١٥ز - ١٤٣٦ک

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (١٣٨١)ی ساڵی (٢٠١٥)ی پێدراوە.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَـٰهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ يَتْلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ أُو۟لَـٰٓئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِۦ ۗ وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَـٰسِرُونَ﴾ (البقرة: ١٢١)

جوانخوێندنەوەی قورئان
زمان تێیدا بەشدارە بەڕاستکردنەوەی پیتەکان،
عەقڵیش بە تێڕامان لەواتاکان،
دڵیش بە ئامۆژگاری وپەندوەرگرتن.

نزاو پاڕانەوەی خەم و پەژارە

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت:

[مَا أَصَابَ أَحَدًا قَطُّ هَمٌّ وَلا حَزَنٌ فَقَالَ: (اللَّهُمَّ إِنِّي عَبْدُكَ، وَابْنُ عَبْدِكَ، وَابْنُ أَمَتِكَ، نَاصِيَتِي بِيَدِكَ، مَاضٍ فِيَّ حُكْمُكَ، عَدْلٌ فِيَّ قَضَاؤُكَ، أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ، أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ، أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ، أَوْ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ، أَنْ تَجْعَلَ الْقُرْآنَ رَبِيعَ قَلْبِي، وَنُورَ صَدْرِي، وَجِلاءَ حُزْنِي، وَذَهَابَ هَمِّي) إِلا أَذْهَبَ اللَّهُ هَمَّهُ وَحُزْنَهُ وَأَبْدَلَهُ مَكَانَهُ فَرَجًا.

قَالَ: فَقِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَلا نَتَعَلَّمُهَا ؟ فَقَالَ: بَلَى، يَنْبَغِي لِمَنْ سَمِعَهَا أَنْ يَتَعَلَّمَه] [1]

واتە: هیچ کەسێك نییە کە خەم وپەژارەیەکی تووش ببێت و بڵێت:

(خوایە من بەندەی تۆم و کوڕی بەندەی تۆم و کوڕی کەنیزەکی تۆم، ناوچەوانم بە دەست تۆیەو بڕیارت بە سەرمدا جێبەجێیە، فەرمانت بە سەرمدا دادپەروەرانەیە، داوات لێ دەکەم بە هەموو ناوێك کە هی تۆیەو خۆتت پێ ناو ناوە، یاخود لە کتێبەکەتدا ناردووتەتە خوارەوە، یاخود فێری یەکێك لە دروستکراوەکانت کردووە، یاخود لە عیلمی غەیبدا لای خۆت هەڵتگرتووە، قوڕئان بکەیتە بەهاری دڵم و نوری سنگم و لابەری خەم و پەژارەم)

خوای گەورە خەم و پەژارەکەی لا نەبات و بۆی نەگۆڕێت بە خۆشی و شادی.

دەڵێ: وترا: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا لە بەری نەکەین؟

فەرمووی: بەڵێ پێویستە هەرکەسێك کە دەیبیستێت لە بەری بکات.

---

[1] رواه أحمد عن ابن مسعود ﷺ برقم : (٣٧١٢) وضعفه شعيب الأرنؤوط في تحقيقه لمسند أحمد، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة: (١٩٩).

پێشەکی

الحمد لله والصَّلاة والسَّلام على رسول الله.

گەر بە وردی سەیری فەرموودە بە نرخەکەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) بکەین کەدەفەرموێت: (خيرُكم من تعلَّمَ القُرآن وعلَّمَهُ) دەردەکەوێت کەئەم (چاکترینە) ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەپاش ئەوەی خۆیان فێری قورئان خوێندنەوە دەبن، خەڵکانی تریش فێردەکەن ... دیارە چاکترین زانستیش زانستەکانی قورئانە.

خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلاً﴾ کەواتە پێویستە قورئان بە جوانی، واتە بە تەجویدەوە بخوێنرێتەوە ...

هەر بۆیە لای زانایان چاکخوێندنەوەی قورئان ئەرکە (واجب)، گەرچی زانینی وردەکاری زانستی تەجوید فەرزی کیفایەیە.. لێرەوە دەردەکەوێت نووسین لە بابەتی تەجویدو بڵاوکردنەوەی ئەم زانستە کارێکی زۆر پیرۆزەو پێویستە گرنگی پێبدرێت، بە تایبەتی لە کردنەوەی خولی فێربوونی تەجویدو چاکخوێندنەوەی قورئان، چونکە تەنها زانستە تیۆریی (نظري)یەکە بۆ فێربوون بەس نییە، بە تایبەتی لە ناو ئەو گەلانەی کەعەرەب نین، چونکە دەربڕینی پیتەکانی و دەرهێنان لە جێدەنگەکانیانەو (مخرج) کارێکە لە بەردەم مامۆستایانی شارەزادا پێویستی بە ڕاهێنان هەیە.

کاتێك برای بەڕێزم (مامۆستا سیروان حامد) داوای لێکردم کە بەسەر چاپی دووەمی کتێبەکەی (زانستی تەجوید)دا بچمەوە، بینیم بە شێوەیەکی زانستیو شارەزایانە بابەتەکانی داڕشتووەو لە کتێبە کوردیەکانی دیکە کە باسی ئەم زانستە دەکەن جیاوازە، بە تایبەتی لە ڕێکخستنو ڕیزکردنی بەشەکان و چڕی زانیاریەکانی وردەکاری تێدا بە کارهاتووە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی خۆی لەوانە وتنەوەو فێربووندا، کە مامۆستا سیروان مۆڵەت (إجازة)ی خوێندنەوەی قورئانی بە ریوایەتی (حَفص) لە (عاصِم)ەوە هەیە، هەروەها زۆری ئەو سەرچاوە بە پێزانەی کە بە کاریهێناوە.

کتێبی (زانستی تەجوید) هەر چۆن بۆ خوێندکاران بە سوودە مامۆستایانیش دەتوانن وەك سەرچاوەیەکی گرنگ بە کاریبهێنن، بۆیە گەر وەك پرۆگرامی خولەکانی فێربوونی قورئان بە کارببرێت سوودێکی زۆر دەگەیەنێت.

خوای گەورە پاداشتی نووسەر بداتەوەو بیخاتە تەرازووی چاکەکانی لە ڕۆژی دواییداو لە ئێمەو ئەویش خۆش بێت.

وآخرُ دعوانا أنِ الحمدُ للهِ ربِّ العالمين.

د. دیاری أحمد إسماعيل

الجامع للقراءات العشر من الشَّاطبيَة والدُّرَّة

سلێمانی

٢٢/شعبان/١٤٣٢

٢٤/تموز/ ٢٠١١

پێشەکی چاپی دووەم

الحمدُ لله الذي بنعمته تتمّ الصَّالحات، والصلاة والسلام على نَبيِّ الرّحمات الذي باتّباعه تنال المكرمات، وتتمّ السّعادات في الحياة وبعد الممات، وعلى آله وصحبه دعاة الخير وأئمة الهدى ومصابيح الرّشاد.

وبعد:

سوپاس بۆ خوای بێ وێنەو بیسەرو بینەر، پاش تەواوبوونی چاپی یەکەمی[٢] کتێبی (زانستی تەجوید) لە ماوەیەکی کەمدا، بڕیارمدا بۆ جاری دووەم لە چاپی بدەمەوەو گرنگیەکی تایبەتتری پێبدەم، کات و کۆششێکی زیاتری بۆ تەرخانبکەم، بۆیە ئەم چاپە جیاوازە لە چاپی پێشوو ئەویش بە:

١- ڕاستکردنەوەی هەڵەی چاپ و هەڵە هونەرییەکان.

٢- سەر لە نوێ داڕشتنەوەیەکی تازەم بۆ زۆرێك لە پێناسەکان و بابەتەکانی تری کردۆتەوە.

٣- سوود وەرگرتن لە چەندین سەرچاوەی تری بەهێزو باوەڕ پێکراو کە لەکۆتایی کتێبەکەدا ئاماژەم بۆ کردووە.

٤- زیادکردنی چەندین بابەتی تر وەك: سیفەتی شاراوەیی (الخفاء)و، مینگە (الغنّة)و، وەستان (وقف)ی جبريل و، دەستپێکردن (الإبتداء)و، (الروم والإشمام)و، بڕین (القطع)و، دەنگ بەرزکردنەوە (النَّبر)و ...تاد.

٥- ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ ئەو بابەتانەی کەپێویستییان بە ڕوونکردنەوە هەبوو وەك: جێدەنگ و (مخرج) و سیفەتی پیتەکان و وەستان (الوقف)و ...

٦- گۆڕینی سەرجەم وێنەکان بە وێنەی تازەترو لە گەڵ زیادکردنی هەندێکی تریش.

٧- بەڵگە هێنانەوە بۆ زۆربەی بابەتەکان، ئەویش بە دێڕە شیعرەکانی پێشەوای زانستی تەجویدو قیرائات ئیبنولجەزەری لە پێشەکیەکەیدا، هەندێ جاریش بە (التُحفة)ی (الجمزوري)و، هەروەها (التحفة)ی (السَّمَنُّوديّ)- ڕەحمەتی خوایان لێ

---

[٢] چاپی یەکەم (١٥٠٠) دانەی لێ چاپ کرابوو.

بێت- ئەمەش لە پێناو زیاتر پتەوکردنی بابەتەکەو ئاشناکردنی خوێنەر بەو سەرچاوانە.

٨- نووسینەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزی ناو ئەم کتێبە بە ڕێنووسی (عثماني).

٩-ئەزمونی خۆیشم کە خوای گەورە یارمەتیدام بۆ خوێندنەوەی خەتمێك بە ریوایەتی (حفص) لە (عاصم)ەوە، لە خزمەت مامۆستای بەڕێزو خۆشەویستماندا (د.دیاری أحمد)، بێگومان ئەم ئەزمونە تازەیەش زیاتر بەم زانستەی ئاشناکردم.

لە کۆتاییدا دوعای سەرفەرازی دونیاو قیامەت بۆ ئەو برا بەڕێزانە دەکەم یارمەتیان دام بۆ دووبارە بە چاپگەیاندنەوەی ئەم کتێبە بە تایبەت مامۆستای بەڕێزمان (د.دیاری أحمد) کە ئەرك و زەحمەتی کێشا بۆ پێداچوونەوەی ئەم کتێبە، بێگومان وردبینی و تێبینیەکانی بەڕێزیان کتێبەکەیان پتەوترو بەهێزتر کرد، خوای گەورە پاداشتی بە خێری بداتەوە.

خوایە لەو کەسانە بین قورئان دەخوێنن و سنورەکانی دەپارێزن، لەو کەسانە نەبین قورئان دەخوێنن و سنورەکانی دەبەزێنن. آمین.

سیروان حامد

هەڵەبجەی تازە

٨ شعبان ١٤٣٢

١٠ تموز ٢٠١١

Sirwanhamed٧٥@gmail.com

پێشەكی چاپی یەكەم

إنَّ الحمدَ لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا إنه من يهده الله فلا مضلَّ له ومن يضلل فلا هادي له وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمَّداً عبده ورسوله.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾[3]

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾[4]

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَـٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾﴾[5]

أما بعد، فإنَّ أصدقَ الحديث كتابُ الله تعالى، وخيرَ الهدي هَديُ محمّدٍ (ﷺ)، وشرَّ الأمور محدثاتها، وكلَّ محدثة بدعة، وكلَّ بدعةٍ ضلالة، وكلَّ ضلالةٍ في النار.

خوێنەری بەڕێز:

بێگومان یەكێك لە كردەوە پیرۆزو هەرەچاكەكان خوێندنی قورئانی پیرۆزە، خوای گەورە دەفەرمویٚ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَـٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُوا۟ مِمَّا رَزَقْنَـٰهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً يَرْجُونَ تِجَـٰرَةً لَّن تَبُورَ﴾[6] واتە: بە ڕاستی ئەوانەی كە پەڕاوەكەی خوا ئەخوێننەوە و، نوێژی ڕێك و پێك ئەكەن و، لەو ڕۆزییەی پێمان داون بە نهێنیو بە ئاشكرا دەبەخشن، بە ئومێدی بازرگانییەكن كە هەرگیز لە برەو ناكەویٚ، تاخوای گەورە لە بەرامبەر هەوڵەكانیان بە چاكی پاداشتیان بداتەوەو لە بەهرەی خۆی زێدەشیان بداتیٚ، چونكە بە ڕاستی ئەو لێبوردەو پێزان و پاداشت دەرەوەیە.

---

٣ آل عمران: ١٠٢

٤ النساء: ١

٥ الأحزاب: ٧٠-٧١

٦ فاطر: ٢٩

پێغەمبەری پێشەوایشمان (ﷺ) دەفەرمویٚ: (اِقرءُوا القرآنَ فإنَّهُ يأتي يوم القيامةِ شفيعاً لأصحابِه)[٧]. واتە: قورئان بخوێنن چونكە لە ڕۆژی دواییدا تكاكارە بۆ هاوەڵەكانی.

خوێندنەوەی قورئانیش جیاوازە لە هەموو كتێبێكی تر، چونكە بنەماو یاسای تایبەتی خۆی هەیە، كە پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانیك جیٚ بەجێیان كات لەكاتی خوێندنیدا.

منیش لە سۆنگەی ئایەتی ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰ ﴾[٨] خوای گەورە یارمەتیدام كە ئەم كتێبە بە ناونیشانی (زانستی تەجوید) بخەمە بەردەست دۆستانی قورئانەوە بە هیوای سوود لیٚ وەرگرتنی.

جا ئەگەر لە ئامادەكردنو وەرگێڕانی بابەتەكەدا پێكابێتم ئەوا فەزڵ و بەخششی پەروەردگارە، ئەگەر كەمو كوڕی تێدابوو ئەوا داوای لێبووردن دەكەمو، داواكارم لە خوای بە بەزەیی بیخاتە تەرازووی چاكەكانم.

دەستخۆشی لە هەر خوشكو برایەك دەكەم كە لەهەر كەمو كوڕیو هەڵەو بیرچوونێك كە هیچ كەس لێیان بە دوور نابێت ئاگادارم بكاتەوە.

سبحانك اللهمَّ وبحمدك أشهدُ أن لا إلهَ إلاّ أنت، أستغفرُك وأتوبُ إليك.

سیروان حامد

هەڵەبجەی تازە

٢٢ جمادي الثاني ١٤٣٠

١٥/ ٦/ ٢٠٠٩

---

[٧] دواتر (تخريج)ی دێت.

[٨] المائدة:٢

بەشی یەکەم

پێشەکیەکانی زانستی تەجوید

یەکەم: پێناسەی تەجوید.

تەجوید لە زمانەوانیدا: چاککردن وشارەزابوونە.

لە زاراوەشدا دەبێت بە دوو بەشەوە:

١- تەجویدی زانستی (التجويدُ العِلْميّ): زانینی ئەو بنەماو یاسایانەی کە زانایان دایان ناوەو نوسیویانەتەوە، وەك: شوێنی دەرچوونی پیتەکان، زانینی سیفەتەکانی، ئەحکامەکانی نونو میمی زەننەدارو درێژکردنەوە (المدّ)و بەشەکانی و ... هتد.

٢- تەجویدی کردەیی (التجويدُ العَمَليّ): (إخراجُ كلِّ حرفٍ من مخرجه، وإعطاءُهُ حقَّهُ ومستحقّهُ.)

(إخراجُ كلِّ حرفٍ من مخرجه) واتە: دەرکردنی پیتەکان لە جێدەنگی (مخرج) خۆیانەوە.

حقَّهُ: ئەو سیفەتانە دەگرێتەوە کە خۆیینو لە پیتەکە جیانابنەوە، وەك: چپەو ئاشکرا (الهمس والجهر)، بەرزی ونزمی (الاستعلاء والاستفال) و ... هتد.

مستحقّهُ: ئەو سیفەتانە دەگرێتەوە کە کاتین (عرضي)، لە هەندێ کاتدا تووشی پیت دەبن و لە هەندێ کاتیشدا لێی جیادەبنەوە، وەك: ئاشکراکردن (الإظهار) و تێهەڵکێش (الإدغام) و شاردنەوەو (الإخفاء) و هەڵگەڕاندنەوە (القلب) و بچووککردن (الترقيق) و گەورەکردن (التفخيم).[٩]

تێبینی: هیچ کەسێك ناتوانێت لە ڕێگەی پەرتووكو کتێبەکانی زاستی تەجویدەوە فێری جۆری دووەم: (التجويد العَمَليّ) ببێت، بەڵکو فێربوونیان تەنها لە ڕێگەی مامۆستایانی شارەزاوە (خاوەن سەنەدی نەبچڕاو) دەبێت، ئەویش بە بیستنو بینینو وەرگرتن لێیانەوە.

---

[٩] بڕوانە: الوجيز في حكم تجويد الكتاب العزيز د محمد بن سيدي محمد الأمين لا:١٤، غاية المريد في علم التجويد عطية قابل نصر لا: ٤٠.

دووەم: مێژووی نووسینەوەی زانستی تەجوید.

لە ڕابردوودا زانستی تەجوید لە گەڵ قوڕئانی پیرۆزدا بە زارەکی (شفهي) دەخوێنرا، بە شێوەیەك قوتابی چەند جار قوڕئانی بۆ مامۆستاکەی دەخوێندەوە تا بە باشی فێری خوێندنەوەی دەبوو، دواتر زانایانمان ڕەحمەتی خوایان لێبێت هاوشێوەی زانستەکانی تر یاساو بنەماکانی ئەم زانستەیان نوسییەوە.

یەکەمین نوسراوی سەربەخۆ لەم بوارەدا هۆنراوەکەی ئەبو موزاحیمی خاقانیە (٣٢٥ك کۆچی دواییکردووە)و لە (٥١) دێڕ پێکهاتووەو زۆرێك لە بابەتەکانی تەجویدی لە خۆگرتووە، بێ ئەوەی زاراوەی تەجویدی تێدا بە کارهێنابێت، چونکە ئەو زاراوەیە تا ئەو کاتە نەناسرابوو.

پاشان ئەسسەعیدیی عەلی کوڕی جەعفەر (٤١٠ك کۆچی دواییکردووە) دوو کتێبی بە ناوی (التنبیه علی اللحن الجلي واللحن الخفي)و (اختلاف القراء في اللام والنون)ی نووسی، ئیتر بەم شێوەیە زانایان دەستیانکرد بەنووسین لەم بوارەدا، گرنگترینیان:

- الرعاية لتجويد القراءة وتحقيق لفظ التلاوة، مكي بن أبي طالب القيسي (٤٣٧ك کۆچی دوایی کردووە)
- التحديد في الإتقان والتجويد، أبو عمرو الداني (٤٤٤ك کۆچی دوایی کردووە)
- شرح قصيدة أبي مزاحم الخاقاني، أبو عمرو الداني.
- التجويد، أبو الفضل الرازي (٤٥٤ك کۆچی دوایی کردووە).
- المُوضِّحُ في التجويد، عبدالوهاب القرطبي (٤٦٢ کۆچی دوایی کردووە).

(غانم قدوری الحمد) لە کتێبی (الدراسات الصوتية عند علماء التجويد) زیاتر لە (١٠٠) نوسراوی زانایانی لەم بوارەدا ژماردووە کە تا کۆتایی سەدەی سیازدەیەمی کۆچی نوسراون.[١٠]

سێیەم: چۆنێتی فێربوونی تەجویدی کردەیی (العملي).

ئەم فێربونە دوو شێوازی هەیە:

١- گوێگرتنی فێرخواز بۆ خوێندنی مامۆستا، ئەمە شێوازی پێشینانە.

٢- گوێگرتنی مامۆستا بۆ خوێندنی فێرخوازو ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی.

[١٠] المنير في أحكام التجويد لا: ١٠-١١.

وا باشترە سوود لە هەردوو شێوازەکە وەربگیرێت، بەڵام ئەگەر کات کەمبوو سوود لە شێوازی دووەم وەردەگیرێت.

چوارەم: گرنگیی تەجوید.

بە ڕاستی تەجوید هۆکارێکە بۆ گەیشتن بە مەبەستێك، ئەو مەبەستەش لەم چەند سوودەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

١- پەرستن‌و بە جێهێنانی فەرمانی خواو، شوێنکەوتنی پێغەمبەرە (ﷺ) لە چۆنیەتی خوێندنی قوڕئاندا.

٢- دەرکەوتنی ئیعجازی قوڕئان.

٣- ڕوونبوونەوەی جیاوازی نێوان خوێندنەوەی قوڕئان‌و کتێبی ئاسایی.

٤- جوانکردنی خوێندنەوەو ڕازاندنەوەی.

٥- لە سەر خۆیی‌و هێواشی کە هەل دەڕەخسێنی بۆ:

أ- تێڕامان‌و وردبوونەوەو تێگەشتن لە قوڕئانی پیرۆز.

ب- ملکەچبوون بۆ خوا.

ج- دەربڕین بە شێوەیەکی ڕاست‌و ڕەوان.

٦- بەدیلێکی شەرعی جوانە بۆ مۆسیقاو ... هتد.

٧- فێربوونی ڕێنوسی (عثماني) کە قوڕئانی پیرۆزی پێ نوسراوە.

پێنجەم: جوانخوێندنەوەی قوڕئان لە سەر پێنج بنەما بنیاتدەنرێت.

١- زانینی جێدەنگی پیتەکان‌و پاشان ڕاستکردنەوەی زمان‌و چاکدەربڕینیان.

٢- زانینی سیفەتی هەمیشەیی‌و کاتیی پیتەکان‌و جیاکردنەوەیان لە یەکتر.

٣- زانینی ئەو ئەحکامانەی کە لە ئەنجامی لێکدانی پیتەکان دروستدەبن.

٤- زانینی وەستان‌و دەستپێکردن‌و ئەوەی پەیوەستە پێیانەوە، چونکە لایەنێکی گرنگی تەجویدن.

٥- ڕاهێنانی زمان و زۆر وتنەوە.

شەشەم: حوکمی فێربوونی تەجوید.

سەبارەت بە حوکمی فێربوونی تەجوید و جێبەجێکردنی یاساکانی زانایان دوو ڕایان هەیە:

١- فێربوون و شارەزابوونی ئەم زانستە واتە: (التجويد العلمي) فەرزی کیفایەیە، بەڵام جێبەجێکردنی لە کاتی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزدا، واتە: (التجويد العَمَلي) فەرزی عەینەو پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانێك ژن بێت یاخود پیاو لە کاتی قورئان خوێندندا پەیڕەوی بکات، ئەمە ڕای زۆربەی هەرەزۆری زانایانە.

٢- ڕەچاوکردن وجێبەجێکردنی بنەماو یاساکانی ئەم زانستە سوننەتەو پابەندبوون پێوەی لە کاتی قورئان خوێندندا شتێکی باشە، ئەمەش ڕای هەندێك لە شەرعزانانە (الفقهاء)[11].

بەڵام ڕای یەکەم بەهێزترە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا﴾. واتە: زۆر بە جوانی و لە سەرخۆیی قورئان بخوێنەرەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرموویەتی: (لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يَتَغَنَّ بِالْقُرْآنِ). واتە: لە ئێمە نییە ئەو کەسەی بە دەنگەوە قورئان نەخوێنێت.

هەر بۆیە پێشەوا ئیبنولجەزەریش لە پێشەکیەکەیدا وتویەتی:

وَالأَخْذُ بِالتَّجْوِيدِ حَتْمٌ لازِمُ	**مَنْ لَمْ يُجَوِّدِ الْقُرآنَ آثِمُ**
لأَنَّهُ بِهِ الإِلَهُ أَنْزَلاَ	**وَهَكَذَا مِنْهُ إِلَيْنَا وَصَلاَ**

واتە: خوێندنەوەی قورئان بە تەجویدەوە پێویستە، هەرکەسێك بە تەجویدەوە قورئان نەخوێنێت تاوانبارە، چونکە پەروەردگار قورئانی بە تەجویدەوە دابەزاندوە، هەر بەو شێوەیەش نەوە بەنەوە بە (تواتر) پێمان گەشتووە.

[11] (محمد بن صالح العثيمين)یش ڕەحمەتی خوای لێبێت لە کتێبی شرح رياض الصالحين لا: (١١٤٠، ١١٥٤)دا ڕای دووەم بە پەسەند دەزانێت!

حەوتەم: گەورەیی و پاداشتی فێربوونی قوڕئان و فێرکردنی.

١- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ هَـٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَهْدِى لِلَّتِى هِىَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا﴾[12] واتە: بێگومان ئەم قوڕئانە خەڵکی بۆ ڕاستترین ڕچەو بەرنامە ڕێنوێنی دەکات، مژدەی پاداشتێکی زۆر گەورەش بەو بڕوادارانە دەدات کە کارو کردەوەی چاکە ئەنجام دەدەن.

٢- عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ ﷺ قَالَ خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ونحنُ في الصُّفّةِ فقال: (أَيُّكُمْ يُحِبُّ أَنْ يَغْدُوَ كُلَّ يَوْمٍ إِلَى بُطْحَانَ أَوْ إِلَى الْعَقِيقِ فَيَأْتِيَ مِنْهُ بِنَاقَتَيْنِ كَوْمَاوَيْنِ فِي غَيْرِ إِثْمٍ وَلَا قَطْعِ رَحِمٍ فَقُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ نُحِبُّ ذَلِكَ قَالَ أَفَلَا يَغْدُو أَحَدُكُمْ إِلَى الْمَسْجِدِ فَيَعْلَمُ أَوْ يَقْرَأُ آيَتَيْنِ مِنْ كِتَابِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ خَيْرٌ لَهُ مِنْ نَاقَتَيْنِ وَثَلَاثٌ خَيْرٌ لَهُ مِنْ ثَلَاثٍ وَأَرْبَعٌ خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَرْبَعٍ وَمِنْ أَعْدَادِهِنَّ مِنْ الْإِبِلِ؟)[13] واتە: عوقبەی کوڕی عامیر دەڵێت: لە کاتێکدا ئێمە لە (الصُّفّة)[14] دانیشتبووین پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات و فەرمووی: کام لە ئێوە حەز دەکات کە هەموو ڕۆژێك سەر لە بەیانی بچێت بۆ (بُطْحان) یاخود (العقيق)و دوو وشتری کۆپارە گەورەی قەڵەو لەوێ بێنێتەوە بێ ئەوەی گوناهبار ببێت یاخود دڵی هیچ خزمێکی لێ بئێشێت؟ وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەموومان حەز بەوە دەکەین. فەرمووی: ئەی ناکرێت هەر یەکێ لە ئێوە سەر لە بەیانی بڕوات بۆ مزگەوت و دوو ئایەت لە قوڕئان فێر ببێت یان بخوێنێت کە باشترە بۆی لە دوو وشتری مێ، سیانیش باشترە بۆی لە سیان و چواریش باشترە بۆی لە چوار، بە ئەندازەی ژمارەی ئایەتەکان باشترە بۆی لە وشتر.

٣- عن عثمانَ بن عفانَ ﷺ قال : قالَ رسولُ اللَّهِ (ﷺ): (خَيرکُم مَنْ تَعلَّمَ القُرْآنَ وَعلَّمهُ)[15] واتە: باشترینتان ئەو کەسەیە قوڕئان فێر ببێت و کەسانی تریش فێرکات.

---

[12] الإسراء: ٩.

[13] رواه مسلم: (٧٠٣).

[14] جێگایەکی سەرگیراو بووە لە بەشی دواوەی مزگەوتەوە دروستکراوە بۆ ئاوارەو هەندێك لە کۆچەران.

[15] رواه البخاري: (٥٠٢٧).

٤- عن أبي هريرة ﷺ قال: قال رسول الله (ﷺ): (... ومَا اجْتَمَعَ قَوْمٌ فِي بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ اللَّهِ تَعَالَى يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ وَيَتَدَارَسُونَهُ بَيْنَهُمْ إِلَّا نَزَلَتْ عَلَيْهِمْ السَّكِينَةُ وَغَشِيَتْهُمْ الرَّحْمَةُ وَحَفَّتْهُمْ الْمَلَائِكَةُ وَذَكَرَهُمْ اللَّهُ فِيمَنْ عِنْدَهُ.)[١٦] واتە: هەر كۆمەڵێك كۆببنەوە لە ماڵێك لە ماڵەكانی خواو قورئان بخوێننەوەو بە یەكتری بڵێنەوە، ئەوا بێگومان ئارامی دادەبەزێت بە سەریانداو، بەزەیی دایان دەپۆشێت، فریشتەكان چواردەوریان دەدەن، خوای گەورەش لای ئەوانەی كەلای ئەون باسیان دەكات.

٥- عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (إِنَّ لِلَّهِ أَهْلِينَ مِنْ النَّاسِ) قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ مَنْ هُمْ؟ قَالَ: (هُمْ أَهْلُ الْقُرْآنِ أَهْلُ اللَّهِ وَخَاصَّتُهُ)[١٧] واتە: بێگومان خودا لە ناو خەڵكیدا دۆستانێكی هەیە. وتیان: كێن ئەوانە ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی: ئەوانە قورئانخوێنەكانن، دۆستو هەڵبژێرراوی خوان.

٦- عن عمرَ بن الخطابِ ﷺ أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قال: (إِنَّ اللَّه يرفَعُ بِهذَا الكتاب أَقواماً ويضَعُ بِهِ آخَرين)[١٨] واتە: بێگومان خوا بەهۆی ئەم قورئانەوە چەند گەلو هۆزێك سەربەرز دەكاتو چەندانی تریش نزم ونەوی دەكات.

٧- عن أبي مسعودٍ ﷺ أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قال: (يَؤُمّ القومَ أقرؤُهم لكتاب الله وأقدمُهم قراءةً)[١٩] واتە: ئەوەی پێشنوێژی دەكات بۆ خەڵك باشارەزاترینیان بێت لە خوێندنی قورئاندا.

٨- عن أبي أمامة ﷺ قال سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: (اِقرَءُوا القرآنَ فإنّهُ يأتي يومَ القيامةِ شفيعاً لأصحابه)[٢٠]واتە: قورئان بخوێنن چونكە لە ڕۆژی دواییدا بۆ هاوڕێیانی تكاكار دەبێت.

---

[١٦] رواه مسلم: (٢٦٩٩).

[١٧] رواه أحمد في مسنده (١٢٣٠١) وصححه الأرناؤوط، وابن ماجة في سننه (٢١٥) وصححه الألباني في صحيح وضعيف ابن ماجة.

[١٨] رواه مسلم: (٨١٧).

[١٩] رواه مسلم: (٦٧٣).

[٢٠] رواه مسلم: (٨٠٤).

٩- عن عائشة رضي اللَّه عنها قالتْ: قال رسولُ اللَّهِ (ﷺ): (الَّذِي يَقرَأُ القُرْآنَ وَهُو ماهِرٌ بِهِ معَ السَّفَرةِ الكرَامِ البررَةِ، والذي يقرَأُ القُرْآنَ ويتَتَعْتَعُ فِيه وَهُو عليهِ شَاقٌ له أجْران)[21] واته: ئەو کەسەی قورئان بە ڕەوانی دەخوێنێتەوە لە گەڵ فریشتە بەڕێزو پاکەکاندایە، ئەو کەسەشی قورئان دەخوێنێتو زمانی تەتەڵە دەکات تیایداو لە سەر زاری قورسە دوو پاداشتی هەیە.

١٠- عن أَبِي موسى الأشْعريِّ ﵁ قال: قال رسولُ اللَّهِ (ﷺ): (مثَلُ المؤمنِ الَّذِي يقْرَأُ القرآنَ مثلُ الأُتْرُجَّةِ ريحهَا طَيِّبٌ وطَعمُهَا حلْوٌ، ومثَلُ المؤمنِ الَّذي لا يَقْرَأُ القُرْآنَ كَمثَلِ التَّمرةِ لا رِيح لهَا وطعْمُهَا حلْوٌ، ومثَلُ المُنَافِق الذي يَقْرَأُ القرْآنَ كَمثَلِ الرَّيحانَةِ رِيحها طَيّبٌ وطَعْمُهَا مرٌّ، ومَثَلُ المُنَافِقِ الذي لا يَقْرَأُ القرآنَ كَمَثَلِ الحَنْظَلَةِ لَيْسَ لَها رِيحٌ وَطَعمُهَا مُرٌّ)[22] واته: نموونەی بڕواداری قورئانخوێن وەك نموونەی نارنجە، بۆنی خۆشەو تامیشی خۆشە، بڕواداری قورئاننەخوێنیش وەك خورما وایە، بۆنی نییەو تامی شیرینە، نموونەی دوو ڕووی قورئانخوێنیش وەك ڕێحانە وایە بۆنی خۆشەو تامی تاڵە، نموونەی دوو ڕووی قورئاننەخوێنیش وەك کوژاڵك وایە، بۆنی نیەو تامیشی تاڵە.

١١- عنِ ابن عمر رضي اللَّه عنهما عن النَّبِيِّ (ﷺ) قال: (لا حَسَدَ إلاَّ فِي اثنَتَيْن: رجُلٌ آتَاهُ اللَّه القُرآنَ، فهوَ يقومُ بِهِ آناءَ اللَّيلِ وآنَاءَ النَّهَارِ، وَرجُلٌ آتَاهُ اللَّه مالاً، فهُو يُنْفِقهُ آنَاءَ اللَّيْلِ وآنَاءَ النهارِ)[23] واته: ئێرەییبردن تەنها لەدوو شتدا نەبێت دروست نییە: پیاوێك خوا قورئانی پێ خەلأت کردبێو شەوو ڕۆژو بەردەوام بیخوێنێتەوە، پیاوێکیش خوا سامانی پێبەخشیبێت بەشەو بەڕۆژ بەردەوام لەڕێی خوادا بیبەخشێت.

١٢- عنِ البراء بنِ عَازِبٍ ﵁ قال: كَانَ رَجلٌ يَقْرَأُ سورةَ الكَهْفِ، وَعِنْدَه فَرسٌ مَربوطٌ بِشَطَنَيْنِ فَتَغَشَّته سَحَابَةٌ فَجَعَلَت تَدنو، وجعلَ فَرسُه ينْفِر مِنها. فَلَمَّا أَصبح أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ)، فَذَكَرَ له ذلكَ فقال: (تِلكَ السَّكِينَةُ تَنَزَّلتْ للقُرآنِ)[24] واته: بەڕائی کوڕی عازیب دەڵێت: پیاوێك سورەتی کەهفی دەخوێند، ئەسپێکی لە لابوو بە دوو گوریسی درێژ

[21] متفق عليه: صحيح البخاري: (٤٦٥٣)، صحيح مسلم: (٧٩٨).

[22] متفق عليه: صحيح البخاري: (٥٤٢٧)، صحيح مسلم: (٧٩٧).

[23] متفق عليه: صحيح البخاري: (٧٥٢٩)، صحيح مسلم: (٨١٥).

[24] متفقٌ عليه: صحيح البخاري: (٥٠١١)، صحيح مسلم: (٧٩٥).

بەسترابوویەوە، پەڵە هەورێك دایگرتەوەو هەر بەسەریەوە دەسووڕایەوەو لێی نزیك دەبوویەوە، ئەسپەکەشی هەر لێی ئەسڵەمیەوە، کە ڕۆژ بوویەوە هاتە خزمەتی پێغەمبەرو (ﷺ) بۆی باسکرد، ئەویش فەرمووی: (ئەوە فریشتەکان بوون لە بەر قورئان دابەزین).

١٣- عن ابن مسعودٍ ﷺ قالَ: قال رسولُ اللَّهِ (ﷺ): (منْ قرأَ حرْفاً منْ كتاب اللَّهِ فلَهُ حسنَةٌ، والحسنَةُ بِعشرِ أَمثالِهَا لا أَقول: ﴿الٓمٓ﴾ حَرفٌ، ولَكِن: أَلِفٌ حرْفٌ، ولامٌ حرْفٌ، ومِيَمٌ حرْفٌ)[25] واتە: هەرکەسێك پیتێك لە پەڕاوەکەی خوا (قورئان) بخوێنێت چاکەیەکی بۆ دەنوسرێت، چاکەکردنیش بە دە هێندەی خۆیەتی، من ناڵێم ﴿الٓمٓ﴾ پیتێکە، بەڵکو ئەلیف پیتێکەو لامیش پیتێکەو میمیش پیتێك.

١٤- عن النَّوَّاسِ بنِ سَمْعَانَ ﷺ قال: سَمِعْتُ رسولَ اللهِ (ﷺ) يقولُ: (يُؤْتَى بِالْقُرْآنِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَأَهْلِهِ الَّذِينَ كَانُوا يَعْمَلُونَ بِهِ تَقْدُمُهُ سُورَةُ الْبَقَرَةِ وَآلُ عِمْرَانَ) وَضَرَبَ لَهُمَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ثَلاَثَةَ أَمْثَالٍ مَا نَسِيتُهُنَّ بَعْدُ قَالَ: (كَأَنَّهُمَا غَمَامَتَانِ أَوْ ظُلَّتَانِ سَوْدَاوَانِ بَيْنَهُمَا شَرْقٌ أَوْ كَأَنَّهُمَا حِزْقَانِ مِنْ طَيْرٍ صَوَافَّ تُحَاجَّانِ عَنْ صَاحِبِهِمَا)[26] واتە: نەوواسی کوڕی سەمعان دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) دەیفەرموو: (لە ڕۆژی قیامەتدا قورئان دەهێنرێت لە گەڵ ئەو دۆستانەی کە کاریان پێکردووە سورەتی (البقرة)و (آل عمران) لە پێشیانەوەیە، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) سێ نموونەی بۆ هێنانەوە هێشتا لە بیرم نەچوونەتەوە، فەرمووی: (وەك دوو پەڵە هەور، یاخود وەك دوو سێبەر کە لە نێوانیاندا ڕووناکی هەیە، یاخود وەك دوو پۆل باڵندە کە باڵیان ڕاخستووە لە ئاسماندا، دێن بەرگری لە دۆستەکانیان دەکەن).

---

[25] رواه الترمذي (٢٩١٠) وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة: (٣٣٢٧).

[26] رواه مسلم: (٢٥٣).

هەشتەم: دەنگخۆشکردن لە کاتی قوڕئان خوێندندا.

١- عن البراء ﷺ قال: سمعت النَّبي (ﷺ) يقرأ ﴿وَٱلتِّينِ وَٱلزَّيۡتُونِ﴾ في العشاء، وما سمعتُ أحداً أحسن صوتاً منه أو قراءة.[٢٧] واته: گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو کە لە نوێژی خەوتنان سورەتی: ﴿وَٱلتِّينِ وَٱلزَّيۡتُونِ﴾ی دەخوێندەوە، گوێم لە کەس نەبووە کە وەك ئەو دەنگی خۆش بێت یاخود جوانتر بیخوێنێتەوە.

٢- عن أبي هريرة ﷺ قال: قال رسول الله (ﷺ): (ما أذَنَ الله لشيء ما أذن لنبيّ حسن الصوتِ يَتغنَّى بالقرآن يجهرُ به)[٢٨] واته: خوای گەورە بیستنی هیچ دەنگێکی، هێندەی دەنگخۆشی پێغەمبەرێك کە بە جوانی و بە ئاشکرایی قوڕئان دەخوێنێت، پێ خۆش نییە.

٣- عن البراء بن عازب أن رسول الله (ﷺ) قال: (زَيِّنوا القرآنَ بأَصواتِكم فإنَّ الصوتَ الحسنَ يزيدُ القُرآنَ حُسْناً)[٢٩] واته: قوڕئان بڕازێننەوە بە دەنگەکانتان، بێگومان دەنگی خۆش جوانی زیاتر بە قوڕئان دەبەخشێت.

٤- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يَتَغَنَّ بِالْقُرْآنِ)[٣٠] واته: ئەو کەسەی بە دەنگەوە قوڕئان نەخوێنێت لە ئێمە نییە.

٥- عَنْ أَبِي مُوسَى ﷺ عَنْ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ لَهُ: (يَا أَبَا مُوسَى لَقَدْ أُوتِيتَ مِزْمَارًا مِنْ مَزَامِيرِ آلِ دَاوُدَ.)[٣١] واته: ئەی ئەبو موسا تۆ دەنگێکی خۆشت لە دەنگە خۆشەکانی بنەماڵەی داوود پێدراوە.

---

[٢٧] متفق عليه: صحيح البخاري: (٧٣٥)، صحيح مسلم: (٤٦٤).

[٢٨] متفق عليه: صحيح البخاري: (٥٠٢٣)، صحيح مسلم: (٧٩٢).

[٢٩] رواه أبو داود (١٤٧٠) وابن ماجة (١٣٤٢) وأحمد (١٨٤٩٤) وصححه الألباني في صحيح الجامع (٣٥٨٠) وشعيب الأرنؤوط في تحقيقه لمسند أحمد.

[٣٠] رواه البخاري: (٧٥٢٧).

[٣١] متفق عليه: صحيح البخاري: (٥٠٤٨)، صحيح مسلم: (٧٩٣).

نۆیەم: گەورەیی‌و پاداشتی قورئان لەبەرکردن.

١- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (يُقَالُ لِصَاحِبِ الْقُرْآنِ إِذَا دَخَلَ الْجَنَّةَ اقْرَأْ وَاصْعَدْ فَيَقْرَأُ وَيَصْعَدُ بِكُلِّ آيَةٍ دَرَجَةً حَتَّى يَقْرَأَ آخِرَ شَيْءٍ مَعَهُ)[32] واتە: بە قورئانخوێن دەوترێت کاتێك دەچێتە بەهەشتەوە: بخوێنەو سەرکەوە، ئەویش دەخوێنێ‌و بەخوێندنی هەموو ئایەتێك لەبەهەشتدا پلەیەك سەردەکەوێت، تا کۆتا ئایەت کە لە بەریکردووە.

٢- عَنْ أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (إِنَّ مِنْ إِجْلَالِ اللَّهِ إِكْرَامَ ذِي الشَّيْبَةِ الْمُسْلِمِ وَحَامِلِ الْقُرْآنِ غَيْرِ الْغَالِي فِيهِ وَالْجَافِي عَنْهُ وَإِكْرَامَ ذِي السُّلْطَانِ الْمُقْسِطِ.)[33] واتە: بێگومان ڕێزگرتن و گەورەیی دانان بۆ خوای گەورە لە ڕێزگرتنی پیرو بە سالأچووی موسڵمان‌و ئەو قورئان لە بەرەی توندڕەوی‌و شلگیری تێدا ناکات و فەرمانڕەوای دادپەروەردایە.

٣- عَنْ أَبِي مُوسَى عَنْ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: (تَعَاهَدُوا الْقُرْآنَ فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَهُوَ أَشَدُّ تَفَصِّيًا مِنْ الْإِبِلِ فِي عُقُلِهَا.)[34] واتە: لە پیاچونەوەی قورئان بەردەوامبن، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە لەو وشترەی کە جڵەوی بەردەبێت‌و ناگیرێتەوە خێراتر لە دەستدەردەچێت.

٤- عن عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ ﵁ قال: إِنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) قَالَ: (لَوْ جُعِلَ الْقُرْآنُ فِي إِهَابٍ ثُمَّ أُلْقِيَ فِي النَّارِ مَا احْتَرَقَ)[35] واتە: ئەگەر قورئان بخرێتە ناو پێستێك‌و فڕێبدرێتە ناو دۆزەخەوە ناسوتێت، (هەر ئیمانداڕێك قورئانی لە بەر بێت ئاگری دۆزەخ نایسوتێنێ، لەشی قورئان لە بەر دەبێتە پێستێك بۆ قورئانەکەی ناو سنگی)

[32] رواه أبوداود، بڕوانە: السلسلة الصحيحة للألباني: (٢٢٤٠).

[33] رواه أبو داود في سننه (٤٨٤٥) وابن أبي شيبة في المصنف (٣٣٢٢٨)، والبيهقي في سننه (١٧١٠١) وحسّنه ابن حجر في التلخيص الحبير: (٧٦٢)، والألباني في صحيح أبي داود: (٤٠٥٣)، والأرنؤوط في تحقيقه لسنن أبي داود.

[34] متفق عليه: البخاري: (٤٦٤٧)، ومسلم: (٧٩١).

[35] رواه أحمد في المسند (١٥١،١٥٥/٤)، والدَّارميُّ في السنن (٣٣٥٣)، وأبو يَعْلى في المسند (١٧٤٥)، وحسّنه المناوي في فيض القدير (٩٤١٣) والألباني في السلسلة الصحيحة: (٣٥٦٢).

٥- وعن ابن عباس رضي الله عنهما قال: قال رسول الله (ﷺ): (إنَّ الذي ليسَ في جوفه شيءٌ من القرآن كالبيتِ الخَرِب).[٣٦] واته: ئەوكەسەی هیچ لە قورئانی لە سنگدا نییە (هیچی لێ لەبەر نەکردووە) وەك خانووی وێران وایە.

[٣٦] رواه الترمذي (٢٩١٣) وأحمد (١٩٤٧)، وضعّفه الألباني في ضعيف الجامع (١٥٢٤)، والأرنؤوط في تحقيقه لمسند أحمد (٤٠٢)، وأبو إسحاق الحويني في فتاويه الحديثية (٦٤/١).

دەیەم: ڕەوشتو ئادابەکانی قوڕئانخوێن.

١- نیازپاکی بۆ خوای تاکو تەنهاو دوورکەوتنەوە لە ڕووپامایی و شۆرەت.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (من قرأ القرآن فلْيسألِ الله به فإنّه سيجيءُ أقوامٌ يقرؤون القرآنَ يَسألونَ به النّاسَ)[٣٧] واتە: هەر کەسێك قوڕئانی خوێند با داوای لە خوا پێبکات، چونکە لە داهاتوودا خەڵکانێك پەیدا دەبن قورئان دەخوێننو بە هۆیەوە داوا لە خەڵکی دەکەن.

هەروەها دەفەرموێت: (اقرءُوا القرآنَ ولا تغلُوا فيه ولا تجفوا عنه ولا تأكلوا به ولا تستكثروا به)[٣٨] واتە: قوڕئان بخوێننو زێدەڕەوی و شلگیری تێدا مەکەنو بە هۆیەوە مەخۆنو سامانی پێ زیاد مەکەن.

هەروەها عوبادەی کوڕی صامیت خوای لێ ڕازیبێت دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆربەی کات سەرقاڵبوو کاتێك کۆچەرییەك خۆی دەگەیاندە لای، دەیدایە دەست پیاوێك تاکو قورئانی فێرکات، جارێکیان پیاوێکی دایە دەست من لە ماڵەوە لە لام دەمایەوەو ئێواران لە خواردنی ماڵەوە خواردنم پێدەداو قورئانم فێردەکرت، دوای گەڕانەوەی بۆلای کەسوکاری کەوانێکی بە خەڵات بۆ ناردم، تا ئێستە لەو کەوانە چاکترو جوانترم نەبینیبوو، منیش ڕۆشتم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتم: چی تێدا دەبینی ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: (جَمرةٌ بين كتفيك تقلدْتها أو تعلقتها)[٣٩] واتە: سکڵێکە لە نێوان هەردوو شانتدایە، جا ئیتر لە ملی کەیت یاخود هەڵیواسیت.

٢- باشتر وایە لە کاتی لەشگرانی و بێ دەستنوێژیدا قوڕئان نەخوێنرێت.

٣- پاك وخاوێنی شوێنو لەشو جل وبەرگ.

---

[٣٧] رواه الترمذي (٢٩١٧) وأحمد (١٩٩٤٤) وابن أبى شيبة (٣٠٦٢٤) والطبرانى في المعجم الكبير (٣٧٣) والبيهقي في شعب الإيمان (٢٣٨٦) عن عمران بن حُصين، وصحّحه الألباني في السلسلة الصحيحة: (٢٥٧).

[٣٨] رواه أحمد (١٥٦٦٨)، والطبراني في المعجم الأوسط (٢٥٧٤)، والبيهقي شعب الإيمان (٢٣٨٣) عن عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ شِبْلٍ الْأَنْصَارِيِّ، و قال ابن حجر فى الفتح (١٠١/٩): سنده قوي، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة: (٢٦٠) وشعيب الأرنؤوط.

[٣٩] رواه أبو داود (٣٤١٩) وأحمد (٢٢٧٦٦)، وصححه الألباني في صحيح أبي داود: (٢٩١٦)، وشعيب الأرنؤوط في مسند أحمد.

٤- پاككردنەوەی دەم بە سیواك.

عەلی كوڕی ئەبوتالیب خوای لیٚ ڕازیبیٚت لە پیٚغەمبەری خوداوە دەگیٚڕیٚتەوە دەڵیٚت: (إنَّ العبدَ إذا تسوّك ثُمّ قام يُصلّي قام الملك خلفَه فسمع لقراءته فيدنو منه أو كلمة نحوها حتى يضعَ فاه على فيه وما يخرج من فيه شيءٌ من القرآن إلا صارَ في جوفِ الملكِ فَطهّروا أفواهَكم للقرآن)[40] واتە: بیٚگومان هەر بەندەیەك سیواك بە كاربهیٚنیٚو پاشان هەستیٚت نویٚژ بكات، فریشتەیەك لە پشتیەوە دەوەستیٚو گویٚ لە خویٚندنی دەگریٚتو لیٚی نزیك دەبیٚتەوە تا وەكو دەم دەخاتە سەر دەمی، ئەو قوڕئانەی كە لەدەمی دیٚتە دەرەوە دەچیٚتە ناو سنگی فریشتەكەوە، كەوابوو دەمتان بۆ قوڕئان خویٚندن پاككەنەوە.

پیٚشەوا عەلیش خوای لیٚ ڕازیبیٚت دەڵیٚت: (إنَّ أفواهَكُم طُرقٌ للقرآنِ فطيّبوها بالسواك)[41] واتە: بیٚگومان دەمتان ڕیٚگایە بۆ قوڕئان، كەوایە بە سیواك پاكی بكەنەوە.

٥- سوننەتە ڕوو لە ڕووگە (قبلة) بكریٚت، بەلاٌم بە پیٚوەو لە كاتی ڕیٚكردنداو بەدانیشتنو لە سەر تەنیشتو بە ڕاكشانیش دروستە: خوای گەورە دەفەرمویٚت: ﴿ٱلَّذِينَ يَذۡكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَـٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمۡ﴾[42] واتە: ئەو كەسانەی بە پیٚوەو بە دانیشتنو لە سەر تەنیشتو ڕاكشان یادی خوا دەكەن.

پیٚغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمویٚت: (إنّ لكلّ شيء سيّداً وإن سيّدَ المجالس قبالة القبلة)[43] واتە: بە ڕاستی هەموو شتیٚك گەورەیەكی هەیە، گەورەی هەموو نشتگەیەكیش بەرامبەر ڕووگەیە.

---

[40] رواه البيهقي في سننه موقوفاً (١٦٥) وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة (١٢١٣) وقال: وظاهره أنه موقوف ويحتمل أنه مرفوع، وقال شعيب الأرنؤوط في تحقيقه لسنن ابن ماجة (١/ ١٩٤): فهو موقوفًا أصحُّ، وصححه الهيثمي مرفوعاً في مجمع الزوائد (٢٥٦٤).

[41] رواه بن ماجة (٢٩١) وقال شعيب الأرنؤوط: إسناده ضعيف لانقطاعه، سعيد بن جبير لم يسمع من علي، ولضعف بحر ابن كنيز وعثمان بن ساج. وضعفه الألباني في السلسلة الضعيفة: (١٢١٣).

[42] آل عمران: ١٩١.

[43] رواه الطبراني في المعجم الأوسط (٢٣٥٤) عن أبي هريرة، وحسنه الهيثمي في مجمع الزوائد (١٢٩١٥) والألباني في السلسلة الصحيحة (٢٦٤٥).

٦- خوێندنی (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا قَرَأۡتَ ٱلۡقُرۡءَانَ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾[٤٤] واتە: گەر ویستت قورئان بخوێنیت، بەر لەوە پەنا بە خوا بگرە لە شەیتانی نەفرین لێکراو.

٧ ‌ ملکەچبوونو ئارامگرتنو هەستکردن بەگەورەیی ئەو زاتەی فەرمایشتەکەی دەخوێنیتەوە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَوۡ أَنزَلۡنَا هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ عَلَىٰ جَبَلٍ لَّرَأَيۡتَهُۥ خَٰشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنۡ خَشۡيَةِ ٱللَّهِۚ وَتِلۡكَ ٱلۡأَمۡثَٰلُ نَضۡرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ﴾[٤٥] واتە: ئەگەر ئەم قورئانەمان بۆ سەر چیایەك دابەزاندایە، ئەوا لە ترسی خوا بە کزۆڵیو وردو خاشبوو دەتبینی، ئێمە لە قورئاندا ئەم نموونانە بۆ خەڵکی دێنینەوە تاوەکو بیربکەنەوەو تێبگەن، هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَيَخِرُّونَ لِلۡأَذۡقَانِ يَبۡكُونَ وَيَزِيدُهُمۡ خُشُوعًا﴾[٤٦] واتە: هەر کات قورئانیان بۆ بخوێنرێتەوە چەناگە نەوی دەکەنو دەگرینو ئیمانیان زیاتر دەبێت.

٨- وردبوونەوەو تێڕامان لە واتای ئایەتەکانی.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلۡقُرۡءَانَ أَمۡ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقۡفَالُهَآ﴾[٤٧] واتە: ئایا ئەوانە بۆ لەئایەتەکانی قورئان ڕانامێننو وردنابنەوە، یاخود ئەوانە قوفڵ لەسەر دڵیان دراوە.

---

[٤٤] النحل: ٩٨.

[٤٥] الحشر ٢١.

[٤٦] الإسراء: ١٠٩.

[٤٧] محمد: ٢٤.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿كِتَـٰبٌ أَنزَلْنَـٰهُ إِلَيْكَ مُبَـٰرَكٌ لِّيَدَّبَّرُوٓا۟ ءَايَـٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَـٰبِ﴾[48] واتە: کتێبێکی پیرۆزەو بۆ تۆمان –ئەی پێغەمبەر (ﷺ)– دابەزاندووە تا لە ئایەتەکانی ڕابمێنن، خاوەن ژیری و هۆشیارەکانیش ئامۆژگاری لێوەرگرن.

پێشەوا عەلیش خوای لێ ڕازیبێت دەڵێت: (لا خيرَ في عبادة لا فقهَ فيها، ولا في قراءة لا تدبرَ فيها)[49] واتە: خێر لە بەندایەتیەکدا نییە کە تێگەشتنی تێدا نەبێت، هەروەها خوێندنەوەیەکیش وردبوونەوەی تێدا نەبێت.

ئیبن عەبباسیش خوای لێ ڕازیبێت دەڵێت: (لَأن أقرأَ البقرةَ في ليلة فأدَّبَّرها وأرتّلها أحبّ إليَّ من أن أقرأ القرآن أجمعَ هَذْرَمَةً)[50] واتە: پێم خۆشترە کە سورەتی (البقرة) لە شەوێکدا بە تێگەشتنەوەو بە جوانی و لە سەرخۆیی بخوێنمەوە، لەوەی هەموو قوڕئان بە پەلە بخوێنمەوە.

٩- خوێندنەوەی قوڕئان بە لەسەرخۆیی و بێ پەلەکردن و، خەتم نەکردنی لە ماوەی سێ شەو کەمتردا.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا﴾[51] واتە: زۆر بە جوانی و لە سەر خۆیی قوڕئان بخوێنەرەوە.

پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێت: (لا يفقهُ من قرأ القرآن في أقلّ من ثلاث)[52] واتە: گەر کەسێك لەماوەی سێ ڕۆژ کەمتردا قوڕئان بخوێنێتەوە، لێیتێناگات.

١٠- داواکردنی بەزەیی لە خوای گەورە لە کاتی خوێندنی ئایەتەکانی بەزەیی و پەناگرتن بە خوا لە سزاکانی لە کاتی خوێندنی ئایەتەکانی سزادا.

عن عوف بن مالك الأشجعي ﷺ قال: قمتُ مع رسول الله (ﷺ) ليلةً فقام فقرأ سورة

---

[48] سورة ص: ٢٩.

[49] إحياء علوم الدين، بتخريج الحافظ العراقي: (٢/ ٤٢).

[50] فضائل القرآن لابن كثير (١/٢٣٧) وصححه محققه أبو إسحاق الحويني.

[51] المزمل:٤.

[52] رواه أبو داود (١٣٩٦) والترمذي (٢٩٤٩) وابن ماجة (١٣٤٧) وأحمد (٦٥٣٥) وصححه الألباني في صحيح أبي داود (١٣٩٠) وشعيب الأرنؤوط في تحقيقه لمسند أحمد.

البقرة لا يمرُّ بآيةِ رحمةٍ إلا وَقَفَ فسألَ ولا يمرُّ بآية عذابٍ إلا وَقَفَ فتعوّذَ.[٥٣] واته: شەوێکیان لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) نوێژمکرد، سورەتی (البقرة)ی خوێند، کاتێك دەگەیشتە ئایەتێك لە ئایەتەکانی بەزەیی دەوستاو داوای بەزەیی دەکردو کاتێکیش دەگەیشتە ئایەتێك لە ئایەتەکانی سزا دەوەستاو پەنای بە خوا دەگرت.

١١- خوێندن بە ئاوازو دەنگێکی خۆشەوە، وەك پێشتر باسمانکرا.

١٢- وەستان لە کۆتایی ئایەتەکاندا.

سەبارەت بە چۆنێتی قورئان خوێندنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسیار کرا لە دایکی ئیمانداران ئوم سەلەمە خوای لێ ڕازیبێت ئەویش فەرمووی: كان يقطع قراءته آيةً آيةً ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ ثم يقف، ﴿ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ ثم يقف.[٥٤] واته: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کۆتایی ئایەتەکاندا دەوەستا، ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ی دەخوێند پاشان دەوەستا، ﴿ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ی دەخوێندو پاشان دەوەستا.

١٣- کار کردن بە فەرمانەکانی قورئان و دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکانی.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (سيَخرُجُ أقوامٌ من أمّتي يشرَبون القرآنَ كشُرْبِهمُ اللبن)[٥٥] واته: لە داهاتوودا لە ناو ئوممەتەکەمدا خەڵکانێك پەیدا دەبن قورئان دەخۆنەوە بیری لێناکەنەوەو کاری پێناکەن و بەسەر زمانیاندا تێدەپەڕێت - وەك چۆن شیر دەخۆنەوە.

ئبن عومەریش خوای لێ ڕازیبێت دەڵێت : لقد عشتُ برهة من دهرٍ وإنَّ أحدَنا يُؤتى الإيمان قبل القرآن وتنزل السورة على محمّد (ﷺ) فيتعلم حلالها وحرامها... .[٥٦] واته: هەر یەکێك لە ئێمە فێری باوەڕ دەبوو پێش ئەوەی فێری قورئان بێت، کاتێك سورەتێك

---

[٥٣] رواه أبو داود (٨٧٣) والنسائي (١١٣٢) وأحمد (٢٣٩٨٠) وصححه الألباني في صحيح أبي داود (٧٧٦) وشعيب الأرنؤوط في تحقيقه لمسند أحمد.

[٥٤] أخرجه أبو داود (٤٠٠٣)، وأحمد في المسند (٢٦٥٨٢) وصححه الألباني في صحيح الجامع الصغير (٥٠٠٠) وصححه شعيب الأرنؤوط.

[٥٥] رواه الطبراني في الكبير (٨٢١) وصححه الهيثمي في مجمع الزوائد (١٠٤١٢) والألباني في السلسلة الصحيحة: (١٨٨٦).

[٥٦] رواه البيهقي في سننه: (٥٤٩٦)، والحاكم في المستدرك (١٠١) والطبراني في الأوسط (٥٤٩٦) وصححه الهيثمي في مجمع الزوائد (٧٥٥).

بۆ موحەممەد (ﷺ) دەهاتە خوارەوە فێری حەڵاڵو حەڕامی دەبووینو لە شوێنی پێویستدا دەوەستاینو تێدەفکراین.

ئیبن مەسعودیش خوای لێ ڕازیبێت دەڵێت: (كَانَ الرَّجُلُ مِنَّا إِذَا تَعَلَّمَ عَشْرَ آيَاتٍ لَمْ يُجَاوِزْهُنَّ حَتَّى يَعْرِفَ مَعَانِيَهُنَّ وَالْعَمَلَ بِهِنَّ)[٥٧] واتە: هەر پیاوێك لە ئێمە دە ئایەتی لە قورئان لە بەرکردایە بە سەریدا تێنەدەپەڕی تاوەکو مانای نەزانیبایەو کاری پێنەکردبایە.

١٤- گوێگرتن و بێدەنگبوون بۆ خوێندنەوەی قورئان.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا قُرِئَ ٱلْقُرْءَانُ فَٱسْتَمِعُواْ لَهُۥ وَأَنصِتُواْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾[٥٨] واتە: ئەگەر قورئان خوێنرا گوێی بۆ بگرنو بێدەنگ بن، بەڵکو خوا بەزەیی پێتانا بێتەوە.

١٥- نەبچڕاندنی خوێندن مەگەر پێویست کات.

جابیر خوای لێ ڕازیبێت دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) چووینە دەرەوە بۆ غەزای (ذات الرقاع) لەوێ پیاوێك ژنی یەکێك لە بێباوەڕەکان دەکوژێت، بێباوەڕەکەش سوێند دەخوات کە واز نەهێنێت تا خوێنی یەکێك لە هاوەڵانی موحەممەد (ﷺ) دەرژێت، دەڕوا بە شوێنیاندا پێغەمبەریش (ﷺ) لە شوێنێکدا دادەبەزێتو دەفەرموێت: (مَنْ رجلٌ يكلؤنا)؟ واتە: چ پیاوێك پاسەوانیمان دەکات؟ پیاوێك لە کۆچەریەکان پیاوێکیش لە پشتیوانان هەستان، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (كونا بفم الشعب) واتە : لە دەم ئەم شیوەدا بن، کاتێك گەشتنە ئەوێ، کۆچەریەکە ڕاکشاو هاوڕێکەی دەستیکرد بە نوێژکردن، بێباوەڕەکەش هاتو کاتێك زانی ئەوانن، تیرێکی تێگرتنو پێکای، ئەویش تیرەکەی دەرهێناو نوێژەکەی نەبڕی تا سێ تیری لێدا،

---

[٥٧] أخرجه الطبري في التفسير (٨١) وقال محققه العلامة أحمدشاكر: هذا إسناد صحيح، وهو موقوف على ابن مسعود، ولكنه مرفوع معنىً، لأن ابن مسعود إنما تعلم القرآن من رسول الله (ﷺ) فهو يحكي ما كان في ذلك العهد النبوي المنير. انتهى

ورواه ابن أبي شيبة في مصنفه (٣٠٥٤٨) والحاكم في المستدرك (٢٠٤٧) وصححه.

[٥٨] الأعراف ٢٠٤.

پاشان چەمایەوەو کڕنوشی برد، پاشان هاوەڵەکەی بێداربوویەوە، کاتێك بێباوەڕەکە دڵنیابوو کە ناسیویانەتەوە هەڵهات، کۆچەریەکەش بە هاوڕێکەی ووت: (سبحان الله) بۆچی بێدارت نەکردمەوە؟ وتی: لە خوێندنی سورەتێکدا بووم حەزم نەکرد بیبڕم.[59]

١٦- ڕێزگرتن لە قورئانی پیرۆز.

پێویستە قورئانخوێن زۆر ڕێز لە قورئان بگرێت، نەیخاتە سەر زەوی و هیچیش لە سەری دانەنێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فِي صُحُفٍ مُّكَرَّمَةٍ ۝١٣ مَّرۡفُوعَةٍ مُّطَهَّرَةِۭ﴾[60]

واتە: ئایەتەکانی قورئان لە چەندین لاپەڕەی پیرۆزدا هەڵگیراون، بەرزو بڵندو پاك و خاوێنن.

١٧- کڕنوشبردن لە کاتی خوێندن یاخود بیستنی ئایەتی کڕنوش (سجدة)دا.

ئەبو ڕافیع دەڵێ: لە گەڵ ئەبو هورەیرە نوێژی شێوانم کرد ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنشَقَّتۡ﴾ی خوێندو کڕنوشی تێدا برد، منیش پێم وت: ئەم کڕنوشە چییە؟ فەرمووی: لە پشت ئەبولقاسیمەوە ئەم کڕنوشەم بردووە، بەردەوامیش دەبم لە سەری تادەگەم بە خزمەتی.[61]

تێبینی: ئەم کڕنووشبردنە لە نوێژو لە دەرەوەی نوێژیشدا فەرز نییە، بەڵکو سوننەتە، چونکە زەیدی کوڕی ثابیت ﷛ دەڵێ: سورەتی ﴿وَٱلنَّجۡمِ﴾م بۆ پێغەمبەر (ﷺ) خوێندو کڕنووشی تێدا نەبرد.[62]

پێشەوا عومەریش (﷛) دەڵێ: (فمن سجد فقد أصاب ومن لم يسجد فلا إثم عليه، إنَّ الله لم يفرضِ السّجودَ إلا أن نشاء)[63] واتە: هەر کەسێ کڕنوش ببات پێکاویێتی و هەر کەسێکیش کڕنوش نەبات تاوانی لە سەر نییە، خوای گەورە فەرزی نەکردووەو ویستی خۆمانە.

---

[59] رواه أبوداود (١٩٨) وحسنه شعيب الأرنؤوط في تحقيقه لسنن أبي داود والألباني في صحيح أبي داود برقم: (١٨٢)

[60] عبس: ١٣، ١٤.

[61] رواه الشيخان: البخاري (٧٣٤، ١٠٢٤، ١٠٢٨)، ومسلم (٥٧٨).

[62] رواه الشيخان: البخاري (١٠٢٣)، ومسلم (٥٧٧).

[63] رواه البخاري: (١٠٢٧).

له سەر ڕای بەهێزی زانایان پێویستی بە دەستنوێژو ڕوو لە ڕووگە (قبلة)و، سەلام دانەوە نییە، چونکە نوێژ نییە تا ئەمانەی پێویست بێت، ئەوەشی دەڵێت نوێژە بەڵگەی بە دەستەوە نییە.[٦٤]

ژمارەشیان (١٥) (سجدة)یە لە (مصحف)دا لە کۆتایی ئایەتەکەدا نیشانەی (۩) بۆ دانراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ لَا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِۦ وَيُسَبِّحُونَهُۥ وَلَهُۥ يَسْجُدُونَ ۩ ﴿٢٠٦﴾﴾ **(الأعراف: ٢٠٦)**

٢- ﴿وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَظِلَٰلُهُم بِٱلْغُدُوِّ وَٱلْءَاصَالِ ۩ ﴿١٥﴾﴾ **(الرعد: ١٥)**

٣- ﴿يَخَافُونَ رَبَّهُم مِّن فَوْقِهِمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ۩ ﴿٥٠﴾﴾ **(النحل:٥٠)**

٤- ﴿وَيَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ يَبْكُونَ وَيَزِيدُهُمْ خُشُوعًا ۩ ﴿١٠٩﴾﴾ **(الإسراء : ١٠٩)**

٥- ﴿ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِن ذُرِّيَّةِ ءَادَمَ وَمِمَّنْ حَمَلْنَا مَعَ نُوحٍ وَمِن ذُرِّيَّةِ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْرَٰٓءِيلَ وَمِمَّنْ هَدَيْنَا وَٱجْتَبَيْنَآ ۚ إِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُ ٱلرَّحْمَٰنِ خَرُّوا۟ سُجَّدًا وَبُكِيًّا ۩ ﴿٥٨﴾﴾ **(مريم: ٥٨)**

٦- ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَسْجُدُ لَهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ وَٱلنُّجُومُ وَٱلْجِبَالُ وَٱلشَّجَرُ وَٱلدَّوَآبُّ وَكَثِيرٌ مِّنَ ٱلنَّاسِ ۖ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيْهِ ٱلْعَذَابُ ۗ وَمَن يُهِنِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّكْرِمٍ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَفْعَلُ مَا يَشَآءُ ۩ ﴿١٨﴾﴾ **(الحج: ١٨)**

---

٦٤ بڕوانە: المحلى لابن حزم (٣/٣٣١-٣٣٢)، تمام المنّة للألباني (١/٢٧٠)، مجموع فتاوي ومقالات ابن باز (١١/٤٥٤).

٧- ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱرْكَعُواْ وَٱسْجُدُواْ وَٱعْبُدُواْ رَبَّكُمْ وَٱفْعَلُواْ ٱلْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ۩ ﴿٧٧﴾﴾ (الحج:٧٧)

٨- ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱسْجُدُواْ لِلرَّحْمَـٰنِ قَالُواْ وَمَا ٱلرَّحْمَـٰنُ أَنَسْجُدُ لِمَا تَأْمُرُنَا وَزَادَهُمْ نُفُورًا ۩ ﴿٦٠﴾﴾ (الفرقان:٦٠)

٩- ﴿أَلَّا يَسْجُدُواْ لِلَّهِ ٱلَّذِى يُخْرِجُ ٱلْخَبْءَ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَيَعْلَمُ مَا تُخْفُونَ وَمَا تُعْلِنُونَ ﴿٢٥﴾ ٱللَّهُ لَآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ۩ ﴿٢٦﴾﴾ النمل

١٠- ﴿إِنَّمَا يُؤْمِنُ بِـَٔايَـٰتِنَا ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُواْ بِهَا خَرُّواْ سُجَّدًا وَسَبَّحُواْ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ۩ ﴿١٥﴾﴾ (السجدة:١٥)

١١- ﴿قَالَ لَقَدْ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعْجَتِكَ إِلَىٰ نِعَاجِهِۦ ۖ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْخُلَطَآءِ لَيَبْغِى بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ وَقَلِيلٌ مَّا هُمْ ۗ وَظَنَّ دَاوُۥدُ أَنَّمَا فَتَنَّـٰهُ فَٱسْتَغْفَرَ رَبَّهُۥ وَخَرَّ رَاكِعًا وَأَنَابَ ۩ ﴿٢٤﴾﴾ (ص:٢٤)

١٢- ﴿وَمِنْ ءَايَـٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ۚ لَا تَسْجُدُواْ لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَٱسْجُدُواْ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴿٣٧﴾ فَإِنِ ٱسْتَكْبَرُواْ فَٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُۥ بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَهُمْ لَا يَسْـَٔمُونَ ۩ ﴿٣٨﴾﴾ فصّلت

١٣- ﴿فَٱسْجُدُواْ لِلَّهِ وَٱعْبُدُواْ ۩ ﴿٦٢﴾﴾ (النجم:٦٢)

١٤- ﴿وَإِذَا قُرِئَ عَلَيْهِمُ ٱلْقُرْءَانُ لَا يَسْجُدُونَ ۩ ﴿٢١﴾﴾ (الإنشقاق:٢١)

١٥- ﴿كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَٱسْجُدْ وَٱقْتَرِب ۩ ﴿١٩﴾﴾ (العلق:١٩)

یانزەیەم: جۆرەکانی قورئانخوێندنەوە.

١- التحقیق: قورئانخوێندنەوە بە هێواشیو لە سەرخۆیی، لە گەڵ تێرامان و وردبوونەوە لە واتاکانی، بە ڕەچاوگرتنی گشت یاساکانی تەجوید.[٦٥]

٢- التدویر: شێوازی مامناوەند لە قورئانخوێندنەوە، کە لە لایەن زۆرینەی زانایانو قورئانخوێنانەوە پەسەندکراوە.[٦٦]

٣- الحَدْر: قورئانخوێندنەوە بە خێرایی، لە گەڵ ڕەچاوگرتنی یاساکانی تەجویدو (إعراب).[٦٧]

خوێندنەوەش بە هەرکام لەم سێ جۆرە دروستەو، لە سایەی ئایەتی: ﴿وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا﴾ (المزمّل: ٤٠) جێی دەبێتەوە.[٦٨]

---

[٦٥] ئەم جۆرە خوێندنەوەیە مەزهەبی ئەو خوێنەرانەیە کە درێژکردنەوە (المدّ)ەکان تەواو تێردەکەن وەك: (ورش) لە ڕێگەی (الأزرق)ەوە، (حمزة)و هەروەها (عاصم) لە هەندێك ڕێگەوە، نموونەشیان ئەو خەتمە تۆمارکراوانەیە کەبە (المجوّد) ناسراون وەك خەتمە خاوەکانی هەریەك لە: (الحُصري و المنشاوي و عبدالباسط).

[٦٦] ئەم جۆرەشیان مەزهەبی ئەو خوێنەرانەن کە درێژکردنەوەی (الجائز المنفصل)و (الواجب المتصل) و(العارض للسکون) و ئاسان (اللین) (بە (٤) جووڵە دەخوێننەوە، وەك: (ابن عامر)و (الکسائي) و.... .

[٦٧] ئەم جۆرەش مەزهەبی ئەو خوێنەرانەن کە درێژکردنەوەی (الجائز المنفصل) بە (٢) جووڵە دەخوێننەوە وەك: (قالون)و (ابن کثیر)و (أبو عمرو)و (أبو جعفر) و (یعقوب) و (ورش) لەڕێگەی (الأصبهاني)یەوە.

بڕوانە: أحکام قراءة القرآن للحصري ل: ٣٢٠-٣٣١، تیسیر علم التجوید ل:٢٢-٢٥، نهایة القول المفید ل: ٢٨-٣٠.

[٦٨] هەندێك لە زانایان پلەی (الترتیل) بە پلەیەکی سەربەخۆ لە دوای پلەی (التحقیق)ەوە دادەنێنو خوێندنەوەش لە هەردووکیاندا بە هێواشیو لە سەرخۆیە، بەوە لێکیان جیادەکەنەوە کە دەڵێن (التحقیق) بۆ فێربوونە، چونکە شێوازێکی خاوترەو یاساکانی تەجوید باشتر تێیاندا جێبەجێدەکرێت، بەڵام (الترتیل) ئەو شێوازەیە کە خوێنەر دوای فێربوونی قورئان لە سەری بەردەوام دەبێت.

ئیبنولجەزەریش لە (الطیِّبةُ النشر)[69]دا دەڵێت:

وَيُقْرَأُ الْقُرْآنُ بِـ : التَّحْقِيق مَـعْ حَـدْرٍ وَتدْوِيرٍ، وَكُلٌّ مُتَّبعْ
مَعْ حُسْنِ صَوْتٍ بِلُحُونِ الْعَرَبِ مُـــرَتَّلاً مُجَوَّداً بِالْعَرَبِـــي.

(الزَّمْزَمَة): قورئانخوێن لەبەرخۆیەوەو بەدەنگێکی نزم قورئان بخوێنێت بەشێوەیەك ئەوانەی دەوروبەری بەباشی نەیبیستن. ئەمجۆرە هەندێ لەزانایان باسیان لێوەکردووەو دەڵێن بەشێکە لەشێوازی (الحدْر)[70].

(الهَذْرَمَة) یاخود (الهَذّ): خوێندنەوەی قورئان زۆر بەخێرایی بەجۆرێك کە خوێنەر نەتوانێت ڕەچاوی یاساکانی تەجویدو تێڕامان لەئایەتەکان بکات. بۆیە زانایان بەپشتبەستن بەچەند بەڵگەیەك ئەمجۆرە خوێندنە بەدروست نازانن، لەوانە:

جارێکیان پیاوێك دێتە لای ئیبن مەسعود و پێی دەڵێ: من سوڕەتەکانی (المفصل)[71] لە یەك رکاتدا دەخوێنم. ئیبن مەسعودیش خوای لێ ڕازیبێت دەڵێت: هَذًّا كَهَذِّ الشِّعْرِ! لَقَدْ عَلِمْتُ النَّظَائِرَ الَّتِى كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَقْرَأُ بِهِنَّ سُورَتَيْنِ فِى رَكْعَةٍ.[72]واتە: خوێندنەوەیەك وەك خوێندنەوەی شیعر! من ئەو هاوشێوانە- کە لە کورتی و درێژیدا لە یەکەوە نزیکبوون- دەزانم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیخوێندن دوو لەو سوڕەتانەی لە یەك رکاتدا دەخوێند.

[69] متن طيبة النشر في القراءات العشر ل ٣٦.

[70] بڕوانە: نهاية القول المفيد في فن التجويد للشيخ محمد نصر ل ٢٨.

[71] واتە: لە سوڕەتی (الحجرات)ەوە تا کۆتایی سوڕەتی (الناس)ە.

[72] متفقٌ عليه: البخاري (٧٧٥)، ومسلم (٢٠٤).

دوانزەیەم: هەڵەکردن (اللَّحْن).

(اللَحْن) لە زمانەوانیدا: هەڵەو لادان لە ڕاستی.

لە زاراوەشدا: هەڵەیەکە لە ناکاو توشی وتە (لفظ) دەبێت‌و هەندێ جار واتاو ماناو هەندێ جاریش یاساکانی خوێندنەوە تێك دەدات.

ئەمیش دەبێت بە دوو بەشەوە:

یەکەم: (اللحنُ الجليّ) هەڵەی ئاشکرا:

هەڵەیەکە لە ناکاو توشی وشە دەبێت و یاساکانی خوێندنەوەو شێوازی وشەکە تێك دەدات، جا مانای وشەکە بگۆڕێت یان نا. بۆیە ئەم ناوەشی لێنراوە چونکە شارەزایان‌و کەسانی تریش بە ئاشکرا هەستیپێدەکەن.

ئەمجۆرە هەڵەیە لە وشەو، پیت و، جووڵەو (حرکات)، زەنندا ڕوودەدات:

أ- لە پیتدا کەسێ شێوەی هەیە:

١- گۆڕینی پیتێك بە پیتێکی تر، وەك:

گۆڕینی ﴿صِرَٰط﴾ بۆ (صرات) (مانا ناگۆڕێت)

یان ﴿وَأَصَرُّوا﴾ بۆ ﴿وَأَسَرُّوا﴾ (مانا دەگۆڕێت)

٢- زیادکردنی پیتێك بۆ وشەکە، وەك:

﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ بکرێت بە (إِيَّاكَ نَعْبُدو) (مانا ناگۆڕێت)

﴿وَلَتُسۡـَٔلُنَّ﴾ بکرێت بە (وَلا تُسْأَلُنَّ) (مانا دەگۆڕێت)

٣- کەمکردنەوەی پیتێك لە وشەکە، بۆ نموونە: ﴿فَإِذَا جَآءَتِ ٱلطَّآمَّةُ ٱلۡكُبۡرَىٰ﴾ بکرێت بە (إذا جاءت الطّامَة الكبرى)

ب- لە وشەدا ئەمیش سێ شێوەی هەیە:

١- گۆڕینی وشەیەك بە وشەیەکی تر، بۆ نموونە: ﴿وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ﴾ بە ﴿وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ بخوێنرێتەوە.

٢- زیادكردنی وشەیەك لە ئایەتێكدا، وەك: ﴿أَوۡ تَحۡرِيرُ رَقَبَةٖۖ﴾ بكرێت بە (أو تحرير رقبةٍ مؤمنة).

٣- كەمكردنی وشەیەك لە ئایەتێك، وەك: ﴿وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ﴾ بكرێت بە (ولله ما في السموات والأرض).

ج- لە جووڵەو (حركات) زەنندەدا: گۆڕینی بۆر (ضمّة) بە سەر (فتحة) وەك:

﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾ بگۆڕرێت بۆ(الحَمْدَ لله) یان بۆ (الحَمْدِ لله). (مانا ناگۆڕێت)

﴿أَنۡعَمۡتَ﴾ بگۆڕرێت بۆ (أَنْعَمْتُ) (مانا دەگۆڕێت)

*حوكمی (اللحن الجلي): ئەمجۆرە (لحن)ە بە تێكڕای دەنگی زانایان حەڕامەو ئەگەر بە ئەنقەست بكرێت خاوەنەكەی لە دوا ڕۆژدا سزا دەدرێت، هەروەها لە كاتێكیشدا ئەگەر نەزان بێتو كەمتەرخەمی بكات لە هەوڵی فێربووندا، بەلاٌم ئەگەر لێی تێكچوو، یان لە پێناوی فێربووندا ئەو هەلاٌنەی كرد بە تاوان بۆی نانوسرێت.

دووەم: (اللحن الخفي) هەڵەی شاراوە: هەڵەیەکە لە ناکاو توشی وشە دەبێت و یاساکانی خوێندنەوە تێکدەدات، بەڵام مانا ناگۆڕێت. دەکرێت بە دوو بەشەوە:

أ- بەشێکی خوێنەرانی قورئان بە گشتی هەستیپێدەکەن، وەك وازهێنان لە تێهەڵکێش (الإدغام)و شاردنەوە (الإخفاء)و ئاشکراکردن (الإظهار)و ... هتد.

ب- بەشێکیشی قورئانخوێنی تەواو شارەزا نەبێت کەسیتر هەستی پێناکات. وەك: زۆر دووبارەکردنەوەی پیتی (ر)، گەورەکردنی پیتی (ل) لە کاتێکدا خۆی بچووکبێت، زیادەڕۆیی لە مینگەکان، کەموزیادکردنی درێژکردنەوەکان... هتد. بۆیە ئەم ناوەشی لێنراوە، چونکە تەنها کەسانی شارەزاو لێهاتوو هەستی پێدەکەن و لای خەڵکانی تر شاراوەیە.

***حوکمی (اللحن الخفي): زانایان هەندێکیان بە حەڕامو هەندێکی تریشیان بە(مکروە)ی دەزانن، بەڵام بەڕای بەهێزی زانایان تەنها لە سەر ئەو کەسانە حەڕامە کە توانای فێربوونیان هەیەو کەمتەرخەمن.**[٧٣]

---

[٧٣] **بڕوانە: الروضة الندية شرح متن الجزرية: (٢/ ٣٣) محمود بن محمد عبد المنعم بن عبد السلام العبد، حق التلاوة ل ٦٥-٦٧.**

بەشی دووەم

پەناگرتن (الاستعاذة)و ناوی خوا هێنان (البَسْمَلة)

یەکەم: پەناگرتن (الاستعاذة).

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾ (النحل: ٩٨) **واتە: گەر ویستت قورئان بخوێنیت، لە شەیتانی نەفرین لێکراو پەنا بگرە بە خوا.**

شێوەکانی:

١- أعوذُ بالله من الشيطانِ الرجيم.

٢- أعوذُ بالله السّميعِ العليمِ من الشّيطانِ الرّجيم.

خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ ۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ﴾ (فصلت: ٣٦)

٣- أعوذُ بالله من الشّيطانِ الرّجيم من هَمْزِه ونَفْخِه ونَفْثِه.

٤- أعوذُ بالله السّميع العليم من الشّيطانِ الرّجيم من هَمْزِه ونَفْخِه ونَفْثِه.[٧٤]

(هَمْزِه) واتە: شێتیی و خنکاندنی، (نفْخِه) واتە: بۆزو خۆ بەگەورە زانینی، (نَفْثِه) واتە: شیعرو هۆنراوەی.

شوێنی خوێندنی: خوێندنی (الاستعاذة) پێش خوێندنی قورئانی پیرۆزە، بەشێك نییە لە قورئان، بەلاّم شێوازی یەکەم لای تێکڕای زانایان پەسەندکراوە.

حوکمی (الاستعاذة): وتنی لە لای زۆربەی زانایان (الجمهور) سوننەتە، هەندێکیش دەڵێن (واجب) ئەرکە، چونکە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە: ﴿فَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾ (النحل: ٩٨)

[٧٤] رواه أبو داود (٧٧٥) والترمذي (٢٤٢) وابن ماجة (٨٠٧) وابن حبان (١٧٧٩) وأحمد (١١٤٧٣) وصححه الألباني في مشكاة المصابيح (١٢١٧)، وحسنه شعيب الأرنؤوط.

بەرزکردنەوەو نزمکردنەوەی دەنگ لە کاتی خوێندنی (الاستعاذة)دا:

لەم کاتانەی خوارەوەدا (الاستعاذة) بە دەنگی بەرز دەخوێنرێت:

١- ئەگەر قورئانخوێن بە دەنگی بەرز قورئان بخوێنێتو کەسێکی دیکە گوێی لێبگرێت.

٢- لە کاتی فێرکردنو وتنەوەی قورئانی پیرۆزدا.

٣- لە دەستپێکردنی قورئان خوێندنی بە کۆمەڵدا.

لەم دۆخانەی خوارەوەشدا بە دەنگی نزم دەخوێنرێت:

١- لە نوێژکردندا، نوێژی تاك بێت یاخود بە کۆمەڵ.

٢- کەسێك تەنها بۆ خۆی قورئان بخوێنێت، خوێندنەکە بە دەنگی بەرز بێت یان نزم.

٣- لە کۆڕی قورئان خوێندنی بە کۆمەڵدا، بە مەرجێك یەکەم خوێنەر نەبێت.

دووەم: ناو هێنانی خوا (البَسْمَلَة).

تەنها یەك شێوەی هەیە كە: ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ەو، پێش قورئان خوێندنە.

حوكمی خوێندنی لە نێوان سورەتەكانی قورئانی پیرۆزدا:

حوكمی خوێندنی ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ لە نێو زانایاندا (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) جیاوازی هەیە، ئەمەش لە سەر بناغەی ئەوەی كەئایا ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ وەك ئایەتێك لە قورئان دادەنرێت یاخود نا، ئەمەش كورتەی بۆچوونەكانیانە:

١- ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بە ئایەتێك لە گشت سورەتەكان دادەنرێت تەنها سورەتی (التوبة) نەبێت، كەوابوو لە سەر ئەم ڕایە خوێندنی لەنێوان سورەتەكاندا ئەركە (واجب)ە، ئەمە ڕای پێشەوا شافیعییە ڕەحمەتی خوای لێبێت.

٢- ئایەتێكی سەربەخۆیەو بۆ پیرۆزیی و جیاكردنەوەی سورەتەكانە لە یەكدی، لەم دیدەوە خوێندنی چاكە (مُستحبّ)، پێشەوا ئەحمەدی كوڕی حەنبەل و عەبدوڵلای كوڕی ئەلموبارەك و توێژەرەوانی مەزهەبی ئەبوحەنیفەو فەرموودەناسان و شەیخولئیسلام ئیبنوتەیمیەو ئیبن بازو ئیبن عوسەیمین ڕەحمەتی خوایان لێبێت، ئەم تێڕوانینەیان هەیە.[٧٥]

٣- ئایەتێكە تەنها لە سورەتی (الفاتحة)دا.

٤- ئایەتێك نییە لە قورئانی پیرۆز، هەروەك پێشەوا مالیك و ئەبوحەنیفە ڕەحمەتی خوایان لێبێت ئاماژەی بۆ دەكەن.

---

[٧٥] بڕوانە: مجموع الفتاوى (٢٢/٤٠٦)، تفسير العلامة محمد العثيمين: (٢/٤-٥)، تەفسیری ڕامان: ئەحمەد كاكە محمود ل ٦.

تێبینی:

١- هەموو زانایان یەکدەنگن کە ﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ بەشە ئایەتێکە لە سوڕەتی (النمل)[٧٦] و، ئایەتیش نییە لە سوڕەتی (التوبة).

٢- خوێندنی ﴿بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ لە نێوان سوڕەتەکاندا لە ڕیوایەتی (حفص) لە(عاصم)ەوە، (واتە: ئەوەی کەئەمڕۆ دەیخوێنینەوە) پێویستە (واجب).

شێوازەکانی خوێندنی (الاستعاذة) و (البسملة) لەکاتی قوڕئان خوێندندا:

١-جیاکردنەوەی هەرسێکیان (الاستعاذة - البسملة - سوڕەتەکە) لە یەکدی.

٢- گەیاندنی یەکەم (الاستعاذة) بەدووەمەوە (البسملة)و جیاکردنەوەی دووەم لە سێیەم (سوڕەتەکە).

٣- جیاکردنەوەی یەکەم (الاستعاذة)و گەیاندنی دووەم (البسملة) بەسوڕەتەکەوە.

٤- خوێندنەوەی هەرسێکیان بە سەر یەکەوە.

شێوازەکانی خوێندنی (البسملة) لەنێوان سوڕەتەکاندا جگە لەنێوان (الأنفال)و (التوبة) سیانن:

١- جیاکردنەوەی هەرسێکیان لە یەکتر، واتە: وەستان لە سەر کۆتایی سوڕەتەکەو پاشان وەستان لەسەر (البسملة)و پاشان دەستپێکردن بە سوڕەتی دووەم.

٢- جیاکردنەوەی یەکەمو گەیاندنی دووەم بە سێیەمەوە، واتە: وەستان لەسەر کۆتایی سوڕەتی پێشوو، پاشان گەیاندنی (البسملة) بە سەرەتای سوڕەتی داهاتووەوە.

٣- گەیاندنی هەرسێکیان پێکەوە.

بەڵام ڕووی چوارەم دروست نییە، واتە: گەیاندنی کۆتایی سوڕەتی پێشوو بە (البسملة)وەو پاشان وەستان لەسەر (البسملة)و پاشان دەستپێکردن بە سوڕەتی دووەم، چونکە شوێنی (البسملة) سەرەتای سوڕەتە نەك کۆتایی.

---

[٧٦] ﴿إِنَّهُۥ مِن سُلَيْمَٰنَ وَإِنَّهُۥ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ (النمل:٣٠).

هەروەها شێوەكانی خوێندنی نێوان (الأنفال) و(التوبة)ش سیانن:

١- وەستان - بەهەناسەوە - (الوقف) لە سەر ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمُۢ﴾ **و پاشان خوێندنی** ﴿بَرَآءَةٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ ...﴾ **بە بێ (بَسملة).**

٢- گەیاندن (وصل)ی هەردووكیان ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمُۢ بَرَآءَة مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ..﴾

٣- وەستان - بە بێ هەناسە- (السكت) لە سەر وشەی ﴿عَلِيم﴾ **پا شان خوێندنی** ﴿بَرَآءَة ...﴾.

بەشی سێیەم

جێدەنگی پیتەکان (مخارج الحروف)

ئەم بەشە بە گرنگترین بەشەکانی تەجوید دادەنرێت بۆیە پێویستە قورئان خوێن گرنگیەکی تەواوی پێبدات ئەویش بە:

١- ڕاستکردنەوەی جێدەنگی پیتەکان.

٢- پێدانی سیفەتی پیتەکان.

٣- ڕاهێنانی زمان و دەم تاوەکو دەبێتە خوو لەو کەسەدا.

هەر بۆیە ئیبنولجەزەری دەڵێت:

إذْ وَاجِبٌ عَلَـيْهِمُ مُحَتَّـــمُ   قَبْلَ الشُّرُوعِ أَوَّلاً أَنْ يَعْلَمُوا

مَخَارِجَ الْحُرُوفِ وَالصِّـفَاتِ   لِيَلْفِظُوا بِأَفْـصَحِ اللُّغَـــاتِ

پێناسەی جێدەنگ (المخرج):

بریتیە لە شوێنی دەرچوونی پیتەکان لە کاتی دەربڕینیاندا، یا ئەوشوێنەی کە دەنگی پیتەکە تێیدا کۆتاییدێتو بە هۆیەوە لە پیتەکانی تر جودا دەبێتەوە. جێدەنگەکانیش دوو جۆرن:

١- جێدەنگی دیاریکراو (المخرجُ المحقّق): ئەو جێدەنگەیە کە پشت دەبەستێت بە بەشێکی دیاریکراو لە بەشەکانی گەروو یا زمان یا هەردوو لێو.

٢- جێدەنگی خەمڵێنراو (المخرج المقدّر): ئەو جێدەنگەیە کە پشت بە شوێنێکی دیاریکراو نابەستێتو لەو هەوایە پێکهاتووە کەلە هەردوو بۆشایی گەروو و دەم دایە، هەر بۆیە قبوڵی زیادکردنو کەمکردن دەکات، ئەم جێدەنگە هەرسێ پیتەکانی درێژکردنەوە (المد)ی لێوە دەردەچێت.

چۆنێتی دۆزینەوەی جێدەنگ:

بۆ دۆزینەوەی جێدەنگی هەر پیتێك لە پیتەکان، (سکون) زەننە یان (شدّة) یەك بدە بە پیتەکەو لە پاش هەمزەیەکی جووڵاو (متحرّك)ەوە بیخوێنەرەوە، لە هەر شوێنێکدا پیتەکە کۆتایی هات ئەوە جێدەنگی پیتەکەیە.

نموونە: بۆ دۆزینەوەی جێدەنگی پیتی (ب) دەڵێین: (أَبْ)، کەواتە جێدەنگی پیتی (ب) هەردوو لێوە.

بەڵام بۆ دۆزینەوەی جێدەنگی پیتەکانی درێژکردنەوە (المدّ) پیتێکی (فتحة)دار بخەرە پێش پیتی (ألف)و، پیتێکی (ضمّة)داریش بخەرە پێش پیتی (و)، هەروەها پیتێکی (کسرة)داریش بخەرە پێش پیتی (ي). بۆ نموونە: قَال، يقُول، قِيل.

پیتەکانی زمانی عەرەبی (الهجائي): دەبن بە دووبەشەوە:

١- پیتە سەرەکیەکان: کە لەسەر ڕای زۆرینەی زانایان ژمارەیان (٢٩) پیتە، بۆیە (الطّيبي) دەڵێت:

وَعِدَّةُ الْحُرُوفِ لِلْهِجَاءِ   تِسْعٌ وَعِشْرُونَ بِلَا امْتِرَاءِ[٧٧].

(أ، ب، ت، ث، ج، ح، خ، د، ذ، ر، ز، س، ش، ص، ض، ط، ظ، ع، غ، ف، ق، ك، ل، م، ن، ه، و، لا[٧٨]، ي).

٢- پیتە لاوەکیەکان: بریتیە لەوپیتانەی کەلەنێوان دوو جێدەنگدا (مخرج) دەردەچن و، لە نێوان دوو پیتدا دەخوێنرێنەوە، ژمارەیان هەشت پیتە، بەڵام دوانیان پەیوەندیان بە ریوایەتی (حفص)ەوە نییە بۆیە باسیان لێوە ناکەین:

أ- هەمزەی ئاسانکراو (الهمزة الْمُسَهَّلَة): لەنێوان هەمزەو ئەلیفدا دەخوێنرێتەوە، وەك هەمزەی دووەمی وشەی ﴿ءَاْعْجَمِيٌّ﴾ (فصلت: ٤٤)

ب- ئەلیفی لارکراو (الألف الْمُمَالَة): لە نێوان ئەلیفو یائدا (هاوشێوەی پیتی ێ) دەخوێنرێتەوەو تەنها لەم وشەیەدا هاتووە: ﴿مَجْرٜىٰهَا﴾ (هود: ٤١)

---

[٧٧] المفيد في علم التجويد شهاب الدِّين أَحمد بن أَحمد بن بدرالدِّين بْن إبراهِيم الطِّيبِيّ ل٤.

[٧٨] مەبەست لە (لا) لێرەدا پیتی ئەلیفە کە هەمیشە زەنندارەو پێشەوەی (مفتوح)ە، لە زمانی عەرەبیشدا پیتی زەنندار ناکەوێتە سەرەتاوە بەڵکو پێویستی بە پیتێك هەیە بکەوێتە پێشیەوە، جا زانایانی زمان (لغة) پیتی لامیان لە پێشەوەی داناوە، لە بەر ئەوەی پیتی ئەلیف خزمەتێکی زۆری پێشکەش بە پیتی لامی زەنندداری ناساندن (تعريف) کردووە بۆیە پێویستە ئەمیش خزمەتێك بە پیتی ئەلیف پێشکەش بکات. (وانەکانی دکتۆر أيمن سويد).

ج- ئەلیفی گەورە (الألف المفخمة): ئەو ئەلیفەیە کە بە گەورەیی دەخوێنرێتەوە، ئەویش کاتێك بە دوای پیتێکی بەرزدا هات، وەك: ﴿ٱلطَّآمَّةُ﴾، ﴿خَٰلِدُونَ﴾.

د- لامی گەورە (اللام المفخمة): ئەویش لە وشەی پیرۆزی (الله)دا. وەك: ﴿عَبۡدُ ٱللَّهِ﴾، ﴿قَالَ ٱللَّهُ﴾

هـ- نون و (تنوین)ی شاراوە: بە هۆی تێکەڵبونیان لە گەڵ پیتی دوای خۆیان دەبنە پیتێکی ناتەواوو لاوەکی. وەك: ﴿كُنتُمۡ﴾، ﴿تَنظُرُونَ﴾

و- میمی شاراوە: ئەگەر زەنندداربێت و بەدوایدا پیتی (ب) هاتبێت وەك: ﴿أَنۢبِئۡهُم بِأَسۡمَآئِهِمۡۖ﴾ (البقرة:٣٣)

سوود: لە ڕاستیدا پێناسەی پیتە لاوەکیەکان بەسەر (لامی گەورە، نونی زەنندەدار (تنوین)، میمی شاراوە)دا جێبەجێ نابێت، چونکە نە لە نێوان دوو جێدەنگدا دەردەچن، نە لە نێوان دوو پیتدا دەخوێنرێنەوە، بەڵکو پیتی لام تەنها بە گەورەیی دەخوێنرێتەوە، مینگەی هەردوو پیتی نون و میمیش جێدەنگیان کەپووە (الخیشوم).[٧٩]

[٧٩] بڕوانە: نهایە القول المفید ل٥٠.

ژمارەی جێدەنگەکان:

لە سەر ڕای زۆرینەی قورئانخوێنان (جمهور القرّاء) جێدەنگی پیتەکان حەڤدە جێدەنگن کە پێیان دەگوترێت: (جێدەنگە تایبەتەکان)، ئەم بۆچوونەش لەلایەن خەلیلی کوڕی ئەحمەدی ئەلفەڕاهیدی و ئیبنولجەزەری (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) پەسەند کراوە.

ئیبنولجەزەری لە پێشەکیەکەیدا دەڵێت:

مَخَارِجُ الحُروفِ سَبْعَةَ عَشَرْ   عَلَى الْذِي يَخْتَارُهُ مَنِ اخْتَبَرْ.

خوێنەری بەڕێز، ئەم حەڤدە جێدەنگە تایبەتانە بەسەر پێنج جێدەنگی گشتیدا دابەشدەبن، کە ئەمانەن:

١- هەردوو بۆشایی گەروو و دەم (الجوف) (یەك جێدەنگ)

٢- گەروو (الحلق) (سێ جێدەنگ)

٣- زمان (اللسان) (دە جێدەنگ)

٤- هەردوو لێو (الشّفتان) (دوو جێدەنگ)

٥- کەپوو (الخیشوم) (یەك جێدەنگ)

جێدەنگی یەکەم: هەردوو بۆشایی گەروو و دەم (الجوف).

بریتیە لە بۆشایی گەروو و دەم، کە پیتەکانی درێژکردنەوە (المدّ) لە خۆدەگرێت و ئەمانەن:

أ-(ئەلیف)ی زەننەدار پیتی پێشەوەی سەری (فَتْحَة) هەبێت، وەکو: (قَالَ).
ب-(واو)ی زەننەدار پیتی پێشەوەی بۆری (ضَمَّة) هەبێت، وەکو: (يقُولُ).
ج-(ي)ی زەننەدار پیتی پێشەوەی ژێری (كَسْرَة) هەبێت، وەکو: (قِيلَ).

ئەم سێ پیتەش لە هەریەك لەم وشانەدا کۆبونەتەوە:

﴿أُوذِينَا﴾ (الأعراف:١٢٩)، ﴿نُوحِيهَا﴾ (هود : ٤٩)، ﴿ءَاتُونِي﴾ (الكهف: ٩٦).

ئەم جێدەنگەش (تقديري) خەملێنراوەو شوێنێکی دیاریکراوی نییەو هەردوو بۆشایی گەروو و دەم دەگرێتەوە، بە پیتە هەواییەکان (الحروف الهوائية)یش ناودەبرێن، چونکە بە کۆتایی هاتنی هەوا لەدەمدا کۆتاییان دێت، هەر بۆیە شیاوی زیادکردن و کەمکردنیشن.

ئیبنولجەزەری دەڵێت:

فَأَلِفُ الجَوْفِ وأُخْتَاهَا وَهِـي   حُـرُوفُ مَـدّ للْهَـوَاءِ تَنْتَهِـي.

جێدەنگی (الجوف) کە بەشین و سەوز ڕەنگکراوە

جێدەنگی دووەم: گەروو (الحلق).

لە گەروودا سیٚ جێدەنگ بۆ شەش پیت هەیە:

جێدەنگی گەروو بەشین دیاریکراوە

١- دوورترینی گەروو (أقصى الحلق): (کە لە سنگەوە نزیکە)، هەردوو پیتی (الهمزة:ء)و (ه)ی لێدەردەچێت، بەڵام جێدەنگی (ء) دوورترە لە جێدەنگی (ه).

نموونە: ﴿أَحَد﴾، ﴿هَٰٓؤُلَآء﴾، ﴿سُئِلَ﴾، ﴿كَٱلۡعِهۡنِ﴾، ﴿وَرَحۡمَة﴾

٢- ناوەڕاستی گەروو (وسط الحلق): کە هەردوو پیتی (ع)و (ح)ی لێدەردەچێت، بەڵام جێدەنگی (ع) دوورترە لە جێدەنگی (ح).

نموونە: ﴿وَعُيُون﴾، ﴿يَعۡلَمُونَ﴾، ﴿فَٱصۡفَحۡ عَنۡهُمۡ﴾، ﴿حَصۡحَص﴾.

٣- نزیکترینی گەروو (أدنى الحلق): (کە لە دەمەوە نزیکە)و هەردوو پیتی (غ)و (خ)ی لێدەردەچێت، بەڵام جێدەنگی (خ) لە دەمەوە نزیکترە وەك لە جێدەنگی (غ).

نموونە: ﴿يَغۡشَىٰ﴾، ﴿تَخۡشَىٰٓ﴾

ئینولجەزەری سەبارەت بە پیتەکانی گەروو دەڵێت:

ثُمَّ لأَقْصَى الحَلْقِ هَمْزٌ هَاءُ   ثُمَّ لِوَسْطِهِ فَعَيْنٌ حَاءُ

أَدْنَاهُ غَيْنٌ خَاؤُهَا..........   ....

جێدەنگی سێیەم: زمان (اللسان).

زمان و بەشەکانی:

زمان بە گشتی دەبێت بە چوار بەشەوە:[٨٠]

(١) دوورترینی زمان.

(٢) ناوەڕاستی زمان.

(٣) قەراخی زمان.

(٤) پێشەوەی زمان.

---

[٨٠] تیسیر الرحمن ل: ٥٤.

جێدەنگە تایبەتەکانی زمانیش (١٠) جێدەنگن و (١٨) پیت لە خۆ دەگرن:

١- دوورترینی زمان (أقصى اللسان): (کە لە گەرووەوە نزیکە) لەگەڵ ئەوبەشەی کەبەرامبەریەتی لە ئاسمانەی دەم، ئەم جێدەنگەش پیتی (ق)ی لێدەردەچێت.

٢- دوورترینی زمان (أقصى اللسان) کەمێك پێش جێدەنگی (ق) لە گەڵ ئەوبەشەی بەرامبەریەتی لە ئاسمانەی دەم، ئەم جێدەنگەش پیتی (ك)ی لێدەردەچێت.

کەواتە پیتی (ق) لە گەرووەوە نزیکەو لە دەمەوە دوورە، پیتی (ك)یش لە گەرووەوە دوورەو لە دەمەوە نزیکە.

نموونە: ﴿ٱلۡحَقُّ﴾، ﴿بِكُفۡرِكَ قَلِيلاً﴾، ﴿يُدۡرِككُّم﴾.

ئینولجەزەری لە بارەی جێدەنگی ئەم دوو پیتەوە دەڵێت:

أَقْصَى اللِّسَانِ فَوْقُ ثُمَّ الْكَافُ	والْقَافُ......................
....	أَسْفَلُ........................

٣- ناوەڕاستی زمان (وسط اللسان) لە گەڵ ئەو بەشەی بەرامبەریەتی لە ئاسمانەی دەم، ئەم جێدەنگەش سێ پیتی لێدەردەچێت: (ج) و (ش) و (ي) گەر درێژکردنەوە (المدّ) نەبێت. ﴿ٱجۡتُثَّت﴾، ﴿شَطَطًا﴾، ﴿وَذُرِّيَّـٰتِهِمۡ﴾

ئینولجەزەریش دەڵێت:

.... وَالْوَسْطُ فَجِيمُ الشِّينُ يَا ....

تێبینی:

یەکەم: مەبەست لە پیتی (ي) لێرەدا: پیتی درێژکردنەوە (المدّ) نەبێت، بەڵکو بزواو (متحرّك) یان (ساكن) زەنندەدار بێتو پێشەوەی ژێر (کسرة)ی نەبێت.

وەك: ﴿يَعۡلَمُونَ﴾، ﴿يُوقِنُون﴾، ﴿يَدَيِ ٱللَّهِ﴾، ﴿عَلَيۡهِم﴾.

دووەم: لە کاتی دەربڕینی پیتی (ج)دا پێویستە ناوەڕاستی زمان بە بەشی سەرەوەی پووکەوە بنووسێت، بەڵام بۆ پیتی (ش، ي) زمان بە پووکدا نانوسێتو تەنها لێی نزیکدەبێتەوە.

سوود: خوێنەری بەڕێز، پێش باسکردنی جێدەنگەکانی تر پێویستە هەندێ زانیاری لە بارەی ددانەکانەوە بزانیت.

مرۆڤ خاوەنی (٣٢) ددانە بەم شێوەیەی خوارەوە:

– برەڕ (الثنايا): چوار ددانەکەی پێشەوە، دوو لە سەرەوە و دوانیش لە خوارەوە.

– تەنیشتە برەڕ (الرَّباعيات): ئەمیش چوار ددانە دوو لەسەرەوە و دوانیش لە خوارەوە.

– کەڵبە (الأنياب): ئەمیش چوار ددانە بە هەمان شێوە.

– خڕێ (الأضراس): ئەمیش بیست ددانە دەبێت بە سێ بەشەوە:

یەکەم: پێکەنین (الضواحك) ئەو ددانانەی لە کاتی پێکەنیندا دەردەکەون، ژمارەیان چوارە لە دوای کەڵبەکانەوە دێن.

دووەم: هارەڕ (الطواحن) یان (الطواحين): دوازدە ددانی سەرو خوارەوەی لا شەویلگەکان، لە هەر لایەك سێ ددان.

سێیەم: ددانی ژێری (النواجذ): ئەمانیش چوارن.[81]

هەندێ لە زانایان بە هۆنراوە ددانەکانیان باسکردووە:

للإنسان أسنان ثنايا رباعيـــه	وأنياب كل كالضواحك أربع
طواحن ضعف الست أربعة أخر	نواجذ فاعلمها إذ العلم أرفع.

[81] بڕوانە: الروضة النديّة شرح متن الجزرية: (٢/٩)، تاج العروس ل (٦٧٤١).

٤- یەکێك لە لێوارەکانی زمان (حافة اللسان) یان هەردووکیان لە گەڵ دیوی ناوەوەی دانە خڕێکانی سەرەوە (الأضراس العلیا)، هەستیارترین پیتی زمانی عەرەبی لێدەردەچێت، ئەویش پیتی (ض)دە، بەڵام لێواری چەپی زمان لە گەڵ دانەخڕێکانی لاتەنیشتی زیاتر بە کاردەهێنرێتو ئاسانترە، لای ڕاست کەمتر بە کاردەهێنرێتو قورسترە، بە کارهێنانی هەردوولاش بەهێزترو ناوازەترە.

نموونە: ﴿ضَلَـٰل﴾، ﴿فَمَنِ ٱضۡطُرَّ﴾، ﴿وَخُضۡتُمۡ﴾

ئەو ئەندازەیەی کەپیتی (ض) سەرقاڵی دەکات لەدوو لێواری زمان

سوود: فەرموودەی: (أنا أفصح من نطق بالضاد) واتە: من ڕەوانبێژترین کەسم کە پیتی ضادی دەربڕیبێت.

هەردوو پێشەوا: (ابن کثیر)و ئیبنولجەزەری دەڵێن: لا أصل له.[82] واتە: هیچ بنەمایەکی نیە، بەڵام بێگومان واتای فەرموودەکە ڕاستە.

ئیبنولجەزەریش سەبارەت بەجێدەنگی پیتی (ض) دەڵێت:

....	**وَالـضَّـادُ مِنْ حَـافَتـِهِ إِذْ وَلِيَـا**
لَاضْـرَاسَ مِنْ أَيْسَـرَ أَوْ يُمْنَـاهَـا	....

[82] بڕوانە: تفسیر ابن کثیر: (١/ ١٤٣)، النشر في القراءات العشر: (١/٢٢٠).

٥- نزیکترینی هەردوو لێواری زمان (أدنى حافتي اللسان) لە گەڵ پووکی ددانەکانی سەرەوە (هەردوو دانی پێکەنین (الضواحك)و کەڵبەو تەنیشتە بڕەڕو بڕەڕ)، ئەمیش پیتی (ل)ی لێدەردەچێت.

ئەم پیتە فراوانترین جێدەنگی هەیە، دەشتوانرێ یەك لای زمان بەکاربهێنرێ بەلاَم لای ڕاست ئاسانترە بە پێچەوانەی جێدەنگی (ض)ەوە .

﴿وَلْيَتَلَطَّفْ﴾، ﴿سُلْطَٰنٍ﴾، ﴿ٱلْأَذَلَّ﴾

ئیبنولجەزەریش دەڵێت:

.... وَالـلاَّمُ أَدْنَاهـا لِمُنْتَهَاهَـا

٦- پێشەوەی زمان (طرف اللسان) لە گەڵ ئەو بەشەی کە بەرامبەریەتی لە پووکی هەردوو دانی بڕەڕی سەرەوە، کەمێك خوار جێدەنگی لام، ئەمیش پیتی (ن)ی ئاشکرای لێدەردەچێت.

نموونە: ﴿نَسْتَعِينُ﴾، ﴿نُجِی﴾، ﴿نَاصِيَة﴾.

تێبینی: پیتی نونی شاراوە پیتێکی ناتەواوەو جێدەنگی نزیکی جێدەنگی ئەو پیتەیە کە تیایدا دەیشاریتەوە لە گەڵ پشتبەستن بە کەپوو (خیشوم).
جێدەنگی نونی تێهەڵکێشکراویش دەگۆڕێت بۆ جێدەنگی پیتی دوای خۆی.[٨٣]

ئینولجەزەریش دەڵێت:

وَالنُّونُ مِنْ طَرَفِهِ تَحْتُ اجْعَلُوا ....

[٨٣] بڕوانە: تیسیر الرحمن في تجوید القرآن ل ٥٩.

٧- پێشەوەی زمان (طرف اللسان)و بەشێکی کەمیش لە پشتی زمان لەگەڵ ئەو بەشەی کە بەرامبەریەتی لە پووکی دوو دانی بڕەڕی سەرەوە، کەمێك خوار جێدەنگی لام، ئەمیش پیتی (ر)ی لێدەردەچێت.

نموونە: ﴿يَتِرَكُم﴾، ﴿مُسۡتَقَر﴾، ﴿ٱلرَّحۡمَـٰن﴾، ﴿يُصۡدِرَ ٱلرِّعَآءُ﴾

ئینولجەزەریش دەڵێت:

وَالـرَّا يُدَانِيـهِ لِظَهْـرٍ أَدْخَلُـوا. ....

٨- پێشەوەی زمان (طرف اللسان) لە گەڵ پووکی بڕەڕی سەرەوە هەرسێ پیتی: (ط، د، ت)ی لێدەردەچن، بەڵام جێدەنگی (ط) دوورترینیانە لە بڕەڕو پاشان (د)و پاشانیش (ت).

﴿طَاب﴾، ﴿مُّدَّكِرٍ﴾، ﴿كَذَّبَتْ﴾

ئینولجەزەریش دەڵێت:

وَالطَّاءُ وَالدَّالُ وَتَا: مِنْهُ وَمِنْ عُلْيَا الثَّنَايَا ....

٩- پێشەوەی زمان (طرف اللسان)و بەشی سەرەوەی ددانەکانی بڕەڕی خوارەوە،[٨٤] لە گەڵ هێشتنەوەی بۆشاییەکی تەسك بۆ چوونە دەرەوەی هەوا، ئەم جێدەنگەش هەرسیٚ پیتی (س، ص، ز)ی لێدەردەچێت. بەڵام بۆشاییەکە لە پیتی (ص)دا تەسکترەو لە پیتی (ز)دا زیاترەو لە پیتی (س)دا مامناوەندە.

﴿أَصۡدَق﴾، ﴿صَلۡصَٰل﴾، ﴿ٱلۡمَسۡجِد﴾، ﴿بَسۡطَةً﴾، ﴿كَنَزۡتُم﴾، ﴿فَعَزَّزۡنَا﴾

ئینولجەزەریش دەڵێت:

....	.... والصَّفِيْرُ مُسْتَكِنْ
مِنْهُ وَمِنْ فَوْقِ الثَّنَايَا السُّفْلَى	....

[٨٤] هەندێکیش لە زانایان گوتویانە بڕەڕەکانی سەرەوە، هەندێکی تریش گوتویانە نێوان هەردوو بڕەڕەکان، هۆی ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ زانای گەورە (سیبویە) ڕەحمەتی خوای لێبێت، چونکە ئەو دەستنیشانی نەکردووە، بەڵکو زانایانی دوای خۆی قسەیان لێوە کردووە.
بڕوانە: الجامع الكبير في علم التجويد (ل ٤١٦-٤١٨).

١٠- پێشەوەی زمان (طرف اللسان)و بەشی خوارەوەی بڕەڕەکانی سەرەوە کە هەرسێ پیتی: (ث، ذ، ظ)ی لێدەردەچێت. بەڵام دەرکردنی زمان بۆ دەرەوە لە پیتی (ث)دا زیاترە لە دوو پیتەکەی تر، لە پیتی (ذ)یشدا زیاترە لە پیتی (ظ).[٨٥]

﴿ثَالِثُ ثَلَٰثَةٍ﴾، ﴿أَثۡخَنتُمُوهُمۡ﴾، ﴿ٱتَّخَذۡتُمُ﴾، ﴿ذِی ٱلذِّكۡرِ﴾، ﴿عَظِيم﴾، ﴿أَوَعَظۡتَ﴾

ئینولجەزەریش دەڵێت:

....	**وَالظَّاءُ وَالذَّالُ وَثَا لِلْعُلْيَا**
مِنْ طَرَفَيْهِمَا	....

[٨٥] **بڕوانە: نهاية القول المفيد في علم التجويد ل ٥٨.**

جێدەنگی چوارەم: هەردوو لێو (الشَّفتان).

ئەم جێدەنگە دوو جێدەنگی تایبەت بۆ چوار پیت لە خۆدەگرێت:

١- نێوان هەردوو لێو کە ئەم پیتانەی لێوە دەردەچێت:

أ - هەردوو پیتی (ب، م): ئەویش بە داخستنی هەردوو لێو، بەڵام داخستنی هەردوو لێو لە پیتی (ب)دا زیاترە.

﴿بُيُوتٍ﴾، ﴿تَرَبَّصُوا﴾، ﴿بِٱلۡغُدُوِّ وَٱلۡأٓصَالِ﴾، ﴿سَوۡءَٰتِكُمۡ وَرِيشٗا﴾

تێبینی: هەندێ لە زانایان بۆ جیاکردنەوەی جێدەنگی (ب)و (م) لە یەکتر وتوویانە پیتی (ب) پیتێکی دەریایی (بحرية)یە، پیتی (م) یش پیتێکی وشکایی (بريّة)یە. واتە: لە کاتی داخستنی هەردوو لێودا بۆ پیتی(ب) پێویستە هەردوو دیوی ناوەوەی لێو (واتە: تەڕایی دیوی ناوەوەی هەردوو لێو) بەریەك بکەوێت، بەڵام لە کاتی داخستنی هەردوو لێودا بۆ پیتی(م) پێویستە هەردوو دیوی دەرەوەی لێو (واتە: وشکایی هەردوو دیوی دەرەوەی لێو) بەر یەك بکەوێت.[٨٦]

[٨٦] بڕوانە: أحكام قراءة القرآن للحصري ل ٦٧.

ب- پیتی (و): گەر پیتی درێژکردنەوە (المدّ) نەبێت، ئەویش بە کردنەوەو خڕکردنی هەردوو لێو.

تێبینی: مەبەست لە پیتی (و) کاتێك درێژکردنەوە (المدّ) نەبێت، ئەمانەیە:

- (و)ی (فتحة)دار: ﴿وَهُوَ﴾، ﴿كُفُوًا﴾
- (و)ی (ضمّة)دار: ﴿ٱلْوُثْقَىٰ﴾، ﴿تَلْوُۥٓا۟﴾
- (و)ی (كسرة)دار: ﴿وِقْرًا﴾، ﴿وِزْرًا﴾
- (و)ی زەنندار بە دوای سەردا (فتحة) هاتبێت: ﴿يَوْمِهِم﴾، ﴿قَوْلُهُم﴾

٢- بەشی ناوەوەی لێوی خوارەوە لە گەڵ لێواری بڕەڕەکانی سەرەوە، ئەمیش پیتی (ف)ی لێدەردەچێت. ﴿ٱلۡغَفَّـٰرُ﴾، ﴿يُوسُفَ فَدَخَلُواْ﴾

ئینولجەزەریش دەڵێت:

...... وَ مِنْ بَطْنِ الشَّفَـــهْ: فَالْفَا مَعَ اطْرَافِ الثَّنَايَا الْمُشْرِفَهْ

لِلشَّفَتَيْنِ: الْوَاوُ بَاءٌ مِيـــمُ ....

جێدەنگی پێنجەم: کەپوو (الخیشوم).

کەپوو (الخیشوم): ئەو کونەیە کە لوت دەگەیەنێت بە گەروو، ئەم جێدەنگەش مینگەی (الغنّة) لیّ دەردەچێت.[٨٧]

ئینولجەزەریش وتویەتی:

وَغُنَّةٌ: مَخْرَجُهَا الْخَيْشُومُ. ....

تێبینی: مینگە پیتێك نییە بنوسرێت‌و شێوەشی نییە، لە بەر ئەوە هەندێك لە زانایان ڕەخنەیان لە ئیبنولجەزەری گرتووە کە بە پیتێکی خاوەن جێدەنگ دایناوە! بۆیە باشتر وایە بە سیفەت یان بە پیتێکی لاوەکی ئەژمار بکرێت[٨٨].

---

[٨٧] پشت بە خوا لە کۆتایی سیفەتی پیتەکاندا بە درێژی باسی مینگە دەکەین.

[٨٨] بڕوانە: تیسیر الرحمن في تجوید القرآن ل ٦٢– ٦٣.

نازناوی پیتەکان (أَلقابُ الحروف)

پیتەکانی زمانی عەرەبی بە گوێرەی شوێنی دەرچوونیان لە جێدەنگەکانیانەوە نازناویان پێدراوە، یەکەم کەس خەلیلی کوڕی ئەحمەدی ئەلفەڕاهیدی بوو لە کتێبەکەیدا بەناوی (العين) نازناوی بۆ پیتەکان دانا، کە ئەمانەن:

١- پیتەکانی بۆشایی (الحروف الجوفية): بە هەریەکێك لە سێ پیتەکەی درێژکردنەوە (المدّ): (ـَا، ـُو، ـِي) دەوترێت، چونکە جێدەنگیان بۆشایی دەمو گەرووە.

٢- پیتە هەوایییەکان (الحروف الهوائية): ئەمیش هەر بەپیتەکانی درێژکردنەوە (المدّ) دەگوترێت چونکە بە کۆتایی هاتنی هەوا لە دەمدا کۆتاییان دێت.

٣- پیتەکانی گەروو (الحروف الحلقية): بە هەریەکێك لە پیتەکانی (ء، ه، ع، ح،غ ، خ) دەگوترێت، چونکە لە گەرووەوە دەردەچن.

٤- پیتەکانی گەلالۆچ[٨٩] (الحروف اللَّهَوية): بە هەریەکێك لە پیتەکانی (ك، ق) دەگوترێت، چونکە جێدەنگیان لە گەلالۆچەوە (اللَّهَاة) نزیکە.

٥- پیتە شەویلگەییەکان (الحروف الشَّجْرِيّة): بە هەریەکێك لە پیتەکانی (ج، ش، ض، ي) دەوترێت، چونکە لە پاڵ کەلێنی نێوان هەردوو شەویلگەدان.

٦- پیتەکانی سەری زمان (الحروف الذَّلْقِية) یاخود (الذَّلَقِية): بە هەریەکێك لە پیتەکانی (ل، ن، ر) دەوترێت، چونکە جێدەنگیان سەری زمانە (ذَلْق اللسان).

٧- پیتەکانی پێشەوەی مەلاشوو (الحروف النِّطَعيّة): بە هەریەکێك لە پیتەکانی (ط، ت، د) دەوترێت، چونکە جێدەنگیان پێشەوەی ئاسمانەی دەم یا مەلاشوو (نطع الحنك)ە.

---

[٨٩] اللهاة واتە: گەلالۆچ، بڕوانە: فەرهەنگی پزیشکی خوێندکار د. هیوا عمر ل ١٨٢، فەرهەنگی پزیشکی کارینا ل ٣٢٠.

بەلاّم لە نێو کوردەواریدا پێی دەڵێن زمانە بچکۆڵە!

٨- پیتەکانی باریکایی زمان (الحروف الأَسَلِیَّة): بە هەریەکێك لە پیتەکانی (ص، ز، س) دەوترێت، چونکە جێدەنگیان باریکایی زمانە (أسلة اللسان).

٩- پیتە پووکیەکان (الحروف اللِّثْویة): بە هەر یەکێك لە پیتەکانی (ظ، ذ، ث) دەوترێت، چونکە لە نزیك پووکەوە دەردەچن.

١٠- پیتە لێویەکان (الحروف الشَّفَویّة) یان (الشَّفهیَّة): بە هەر یەکێك لە پیتەکانی (ف، و، ب، م) دەگوترێت، چونکە جێدەنگیان هەردوو لێوە.

بەشی چوارەم
سیفەتی پیتەکان

سیفەتی پیتەکان: ئەو نیشانەو تایبەتمەندیانەیە کە بە هۆیەوە پیتەکانی پێدەناسرێتەوەو لە یەکتری جیادەکرێنەوە.

سوودی زانینی سیفەتەکان:

١- جیاکردنەوەی ئەو پیتانەی جێدەنگیان هاوبەشن، بۆ نموونە: هەرسێ پیتی (ث، ذ، ظ) کە جێدەنگیان پێشەوەی زمانو بەشی خوارەوەی بڕەڕەکانی سەرەوە.

٢- چاك دەربڕینی پیتەکان .

٣- ناسینی پیتە بەهێزو لاوازەکان.

جۆری سیفەتەکان:

یەکەم- سیفەتە هەمیشەییەکان (الصفات اللازمة): ئەو سیفەتانەن کە بەشێکن لە پیتەکەو هەرگیز لێی جیانابنەوە، ژمارەیان لە سەر ڕای بەناوبانگی زانایان حەڤدە سیفەتە.

دووەم- سیفەتە کاتیەکان (الصفات العارضة): ئەو سیفەتانەن کە تەواوکەری پیتەکەنو لە هەندێ دۆخی دیاریکراودا تووشیدەبنو لە هەندێ دۆخیشدا لە بەر هۆکارێ لە هۆکارەکان لێی جیادەبنەوە، لە کاتی جیابوونەوەیاندا کاریگەرییان لە سەر خودی پیتەکە نییە، وەك: شاردنەوە (الإخفاء) و تێهەڵکێش (الإدغام) و گەورەکردن (التفخیم) و هتد ... [٩٠].

---

[٩٠] بڕوانە: هداية القاري إلى تجويد كلام الباري للمرصفي ل ٧٩.

یەکەم: سیفەتە هەمیشەییەکان (الصفات اللازمة)

ئەم سیفەتانەش دەبن بە دوو بەشەوە:

١- سیفەتە دژەکان (الصفات المتضادّة).

پێنج کۆمەڵەن و لە هەر کۆمەڵەیەکدا دوو سیفەتی دژ بەیەك هەیە، ئەگەر یەکێك لەو دوو سیفەتە لە پیتێکدا بەدیکرا ئیدی ئەوی تریانی تێدا بەدیناکرێت. بەڵام پێویستە هەموو پیتێك یەکێکیانی تێدا بەدیبکرێت. پێنج کۆمەڵەکەش ئەمانەن:

(١) چپەو ئاشکرا (الهمس والجهر):

* چپە (الهمس) لە زمانەوانیدا چپەیە. لە زاراوەشدا بیستن بە ئەسپایی بە هۆی کردنەوەی دەنگە ژێیەکان و نەلەرزینیان و دەرچوونی زۆرێك لە هەوای هەناسەیە. پیتەکانی: (١٠) پیتن و ئینولجەزەریش لەم وتەیەدا کۆی کردوونەتەوە: (فحثه شخص سکت)[٩١]

ئەم پیتانە لە ناو خۆیاندا وەك یەك نین، بەڵکو هەندێکیان لە هەندێکی تریان لاوازترن، بۆ نموونە پیتی (ص) لەوانی تر بەهێزترە، چونکە سیفەتی جووتکردن (الإطباق) و بەرزیی (الاستعلاء) و فیکە (الصفیر)ی هەیە کە ئەمانە سیفەتی بەهێزن، پاشان پیتی (خ) دێت، چونکە سیفەتی بەرزیی (الاستعلاء)ی هەیە، هەروەها پیتی (ك، ت) جگە لە (ص، خ) لە پیتەکانی تر بەهێزترن، لە هەموویان لاوازتر پیتی (ه)یە، هەر بۆیە ئەم پیتەیان بە درێژکردنەوەی گەیاندن (مد الصلة) بەهێز کردووە.[٩٢] پاشانیش (ف) و (ح) و (ث).

*ئاشکرا (الجهر)یش لە زمانەوانیدا دەنگ بەرزییە. لە زاراوەشدا بیستنی بە ڕوونی بە هۆی داخستنی دەنگە ژێیەکان و لە رینەوەیان و ڕێنەکردنی زۆرێك لە هەوای هەناسە.

---

[٩١] واتە: بێدەنگ بوو، کەسێك هانیدا بۆ قسەکردن.

لە بنچینەدا (سکت فحثه شخص) لەبەر ناچاری شیعری (الضرورة الشعرية) پاش و پێش خراوە. (وانەکانی د.أيمن سويد)

[٩٢] نهاية القول المفيد في فن التجويد ل ٦٩.

پیتەکانی: (١٩) پیتەکەی تری زمانی عەرەبی دەگرێتەوە کە لەم وتەیەدا کۆکراونەتەوە (عَظمَ وَزْنُ قَارِیء ذِي غَضٍّ جِدٍّ طَلَب)[٩٣] ئەم پیتانەش لە ڕووی بەهێزیەوە جیاوازن، پیتی (ط) لە هەمویان بەهێزترە پاشانیش (د).

ئیبنولجەزەریش دەڵێت:

صِفَاتُهَا جَهْرٌ وَ رِخْوٌ مُسْتَفِـــلْ مُنْفَتِحٌ مُصْمَتَةٌ وَالضِّدَّ قُلْ.

مَهْمُوسُهَا: (فَحَثَّهُ شَخْصٌ سَكَتْ) ....

وێنەیەکی ڕاستەقینەی دەنگە ژێ یەکان لەحاڵەتی (الهمس)دا

وێنەیەکی ڕاستەقینەی دەنگە ژێ یەکان لەحاڵەتی (الجهر)دا

[٩٣] واتە: پلەو پایەی بەرزە ئەو قوڕئان خوێنەی چاوی لە حەڕام دەپارێزێت و کۆشش دەکات بۆ وەدەستهێنانی زانست.

(٢) توندی و نەرمی (الشدّة والرّخاوة):

*** توندی (الشدّة) لە زمانەوانیدا ڕەق وبەهێزە. لە زاراوەشدا گیران یاخود قەتیسبوونی دەنگە لە کاتی دەربڕینی پیتەکەدا لە بەر تەواوی پشتبەستن بە جێدەنگەکەیەوە (یان لە بەر داخستنی جێدەنگەکەی).**

ئەم ڕێنەکردنەش کاتێك دەردەکەوێت پیتەکە زەننەداربێت.

پیتەکانی: (٨) پیتن لەم ڕستەیەدا ئیبنولجەزەری کۆیکردوونەتەوە (أَجِدْ قَطٍ بَكَتْ).[٩٤] ئەم پیتانەش لە ڕووی پتەوی وبەهێزیەوە لە یەکتر جیاوازن، ئەگەر لە گەڵ سیفەتی توندیی (الشدة)دا سیفەتی ئاشکرا (الجهر)و بەرزیی (الاستعلاء)و جووتکردن (الإطباق) یان هەبوو ئەوە ئەوپەڕی بەهێزییە، وەك پیتی (ط).

ئیبنولجەزەریش سەبارەت بەم سیفەتە دەڵێت:

....   **شَدِيْدُهَا لَفْظُ (أَجِدْ قَطٍ بَكَتْ)**

بۆ نموونە پیتی: جیم

[٩٤] **واتە: گوێم لێیە (قط) دەگری. (قط)ناوی ئافرەتێکە.**

*نەرمی (الرَّخاوة)ش لە زمانەوانیدا نەرم‌و نیانییە.

لە زاراوەشدا ڕێکردنی دەنگە لە کاتی دەربڕینی پیتەکەدا.

پیتەکانی: (١٦) پیتن: (ث، ح، خ، ذ، ز، س، ش، ص، ض، ظ، غ، ف، هـ، و، ي، ا).[٩٥]

---

[٩٥] هەندێ لە زانایان بە شیعر هۆنیویانەتەوە:

رخو من الحروف ست وعشرْ حاء وخاء وذال زاي ذا اشتهرْ

ثاء وسين ثم شين وألفْ صاد وضاد ثم ظاء واو عرفْ

والغين ثم الفاء ثمّ الهاءُ وقد أتى في ختمهنَّ الياءُ

*هەروەها لە نێوان توندی (الشدّة)و نەرمی (الرّخاوة)شدا سیفەتی مامناوەند (التوسط) یاخود نێوانیی (البينيّة) هەیە، کە دەنگ تیایاندا بە تەواوی ناگیرێت و بە تەواویش ڕێناکات.

پیتەکانی: (٥) پیتن، ئیبنولجەزەریش لە ڕستەی (لِنْ عُمَر)[٩٦]دا کۆیکردوونەتەوە.

ئینولجەزەریش دەڵێت:

وَبَيْنَ رِخْوٍ وَالشَّدِيدِ (لِنْ عُمَرْ) ....

[٩٦] واتە: نەرم ونیان و لە سەرخۆبە ئەی (عمر).

سوود: پیتەکانی زمانی عەرەبی لە ڕووی ڕێکردنی دەنگو هەناسەوە دەبن بە پێنج کۆمەڵەوە:[97]

١-توندو و ئاشکرا (شدیدة مجهورة): (٦) پیتن (قطب جد + الهمزة)

لەم (٦) پیتەدا دەنگو هەناسە بە هیچ شێوەیەك ڕێناکەنو بواری هاتنەدەرەوەیان نییە، لە کاتی دەربڕیندا قورساییەك دروستدەکەن، بۆیە عەرەب لە رینەوە (القلقلة)یان بۆ پیتەکانی (قطب جد)و ئاسانکردن (التسهیل)یشیان بۆ پیتی هەمزە داناوە.

٢- توندو ئەسپایی (شدیدة مهموسة) هەردوو پیتی (ك، ت):

ئەم دوو پیتە لە سەرەتای دەربڕینیاندا دەنگ لە گەڵیاندا دەرناچێت، بەڵام لە کۆتایی دەربڕینیادا هەناسە دەردەچێت. هەر بۆیە هەندێ لە زانایان وتویانە پیتی (ك، ت) لە سەرەتاوە بەهێز (شدید)ن لە کۆتاییشدا ئەسپایی (مهموس)ن.

ڕێکردنی هەناسە پاش گیرانی دەنگ لەمەخرەجدا لەکاتی دەربڕینی (الشدید المهموس)دا، ئەویش لەهەردوو پیتی (ك، ت)دا.

[97] بڕوانە: تیسیر الرحمن في تجوید القرآن ل ٧٩ و دواتر.

٣- ئاشکراو نەرم (مجهورة رِخْوة): بریتیە لە [ض، ظ، ذ، غ، ز، (و، ي: ئاسان - اللين)، پیتەکانی درێژکردنەوە (المدّ)].

ئەم پیتانە دەنگ لە گەڵیان ڕێدەکاتو هەناسە لە گەڵیان دەگیرێت.

٤- چپەو ونەرم (مهموسة رِخوة): (فحثَّهُ شخصٌ س) (ف، ح، ث، ه، ش، خ، ص، س)

ئەم پیتانە بە هۆی لاوازی پشتبەستنیان بە جێدەنگەکانیان دەنگ بە تەواوی لە گەڵیاندا ڕێدەکات، بە هۆی کردنەوەی دەنگەژێیەکان هەناسەش بە تەواوی لە گەڵیاندا ڕێدەکات. بۆ نموونە: (أَسْ)، (أَخْ)، (أَشْ).

٥- مامناوەندو ئاشکرا (متوسطة مجهورة) (لِنْ عمر):

ئەم پیتانەش هەناسە لە گەڵیاندا ڕێناکات، بەڵام دەنگ بەشێوەیەکی مامناوەند لە گەڵیاندا ڕێدەکات. بۆ نموونە: (أَلْ)، (أَنْ)، (أَرْ)

تێبینی:

١- هەموو پیتەکانی چپە (الهمس) سیفەتی نەرمی (الرِخاوة)یان تێدایە جگە لە (ك، ت) کە دوو پیتی توند (شديد)ن.

٢- هەمو پیتە توندەکان (الشديدة) سیفەتی ئاشکرایان (الجهر) تێدایە جگە لە (ك، ت) کە دوو پیتی چپە (الهمس)ن.

٣- ماوەی پیتە نەرمەکان (الرِّخاوة) درێژترن لە ماوەی پیتە نێوانیەکان (البينيّة)و، ماوەی پیتە نێوانیەکان (البينيّة)ش درێژترن لە ماوەی پیتە توندەکان (الشدة).[٩٨]

---

[٩٨] أطلس التجويد ل ٦١.

(٣) بەرزی و نزمی (الاستعلاءُ والاستفال):

*بەرزی (الاستعلاء) لە زمانەوانیدا: بەرزییە، لە زاراوەشدا: دوورترینی زمان (أقصى اللسان) بەرەو مەڵاشوو لە کاتی دەربڕینی پیتەکانیدا بەرزدەکرێتەوە. کەواتە دوورترینی زمان لە گەڵ هەموو پیتەکانیدا بەرز دەبێتەوە، هەرچەندە جێدەنگی هەندێك لە پیتەکانی پەیوەندیان بە زمانەوە نییە وەك: (ع، غ).[99]

لەم ڕوانگەیەوە هەندێك لە زانایان بەم جۆرە پێناسەی دەکەن: بەرزبوونەوەی ئاڕاستەی دەنگ بەرەو مەڵاشوو.[100]

ژمارەی پیتەکانی (٧) پیتن و ئیبنولجەزەری لە پێشەکیەکەیدا دەڵێت:

....   وَسَبْعُ عُلْوٍ (خُصَّ ضَغْطٍ قِظْ)[101] حَصَرْ.

بەرزترینی پیتە بەرزەکان (الاستعلاء) پیتی (ق)و، نزمترینیان پیتی (خ)یە.

پلەبەندی قەڵەوکردنی پیتە بەرزەکان (الاستعلاء):[102]

سەبارەت بەم پلەبەندیە زانایان دوو بۆچوونیان هەیە:

بۆچوونی یەکەم: بۆچوونی (ابن الطحان الأندلسي)یە کە دەڵێت هەر یەکێك لەم پیتانە سێ پلەیان هەیە:

پلەی یەکەم: قەڵەوترینیانە، ئەگەر سەر (فتحة)یان هەبوو، وەك:

﴿طَالُوتَ﴾، ﴿ٱلضَّآلُّونَ﴾، ﴿صَاحِبُكُمۡ﴾، ﴿ٱلظَّٰلِمُونَ﴾، ﴿قَالَ﴾، ﴿خَآئِبِينَ﴾، ﴿ظَلَمَ﴾.

---

[99] بڕوانە: نهاية القول المفيدفي فن التجويد: ل:٧٥، المنير في أحكام التجويد ل: ٧٣.

[100] بڕوانە: التجويد المصور (١/١٥٨-١٦٠)، تيسير علم التجويد ل: ٢٣٦-٢٣٧.

[101] ڕستەی (خُصَّ ضَغْطٍ قِظْ) لە ڕووی واتاوە دوو ئامۆژگاری لە خۆ دەگرێت:

یەکەم: لە گەرمای هاویندا بەخانوویەکی لە قامیش دروستکرای تەسك و بچووکدا قەناعەت بکە.

(قِظ): بمێنەرەوە، (خُصّ): خانووی لەقامیش دروستکراو.

دووەم: بێدار بەرەوە قەبر گۆڕشانی هەیە.

(قظ): بێدار بەرەوە، (ضَغط) گۆڕشان.

[102] بڕوانە: النشر في القراءات العشر لابن الجزري (١/٢١٨)، فتح رب البرية ل١١-١٢، الجامع الكبير في فن التجويد: (٢/١٦٩- ١٧١).

پلەی دووەم: ئەگەر بۆر (ضمّة) یان هەبوو.

وەك: ﴿طُوبَىٰ﴾، ﴿يَقُولُ﴾، ﴿لَا تَخُونُواْ﴾

پلەی سێیەم: ئەگەر ژێر (کسرة)یان هەبوو.

وەك: ﴿طِبۡتُمۡ﴾، ﴿قِيلَ﴾، ﴿خِزۡيٌ﴾

بەڵام ئەگەر زەنەی (سکون) هەبوو سەیری پیتی پێشەوەی دەکرێت، ئەگەر:

- پیتی پێشەوەی سەری (فتحة) هەبوو، ئەوە لە پلەی یەکەمدایە، وەك:

﴿أَيَطۡمَعُ﴾،﴿أَضۡغَٰثُ﴾،﴿أَصۡلَٰبِكُمۡ﴾،﴿أَظۡلَمَ﴾،﴿يَغۡلِبۡ﴾،﴿مَقۡرَبَةٍ﴾،﴿أَخۡرَجَكُم﴾.

- پیتی پێشەوەی بۆری (ضمة) هەبوو لە پلەی دووەمدایە.

وەك: ﴿لِيُطۡفِـُٔواْ﴾، ﴿يُصۡرَفۡ﴾، ﴿مُّظۡلِمُونَ﴾، ﴿وَلَا يُقۡبَلُ﴾، ﴿يُغۡفَرۡ﴾

- پیتی پێشەوەی ژێری (کسرة) هەبوو لە پلەی سێیەمدایە.

وەك: ﴿إِطۡعَٰمُ﴾، ﴿ٱضۡرِب﴾، ﴿أَفۡرِغۡ﴾، ﴿شِقۡوَتُنَا﴾، ﴿إِخۡرَاجًا﴾

بۆچوونی دووەم: هەر یەکێك لەم پیتانە پێنج پلەیان هەیە، ئەم بۆچوونەش پەسەندکراوە لە لای ئیبنولجەزەریەوە ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت:

پلەی یەکەم: قەڵەوترینیانە، ئەگەر سەر (فتحة) یان هەبیٚ و بە دوایاندا پیتی ئەلیف هاتبیٚ، وەك:

﴿طَابَ﴾، ﴿ضَاقَتۡ﴾، ﴿صَابِرًا﴾، ﴿يُظَٰهِرُونَ﴾، ﴿يُقَٰتِلُونَ﴾، ﴿غَآئِبِينَ﴾، ﴿خَآئِبِينَ﴾

پلەی دووەم: ئەگەر سەر (فتحة) یا﴾ن بیٚ و بە دوایاندا پیتی ئەلیف نەهاتبیٚ.

وەك: ﴿طَبَعَ﴾، ﴿ضَرَبَ﴾، ﴿صَدَقَ﴾، ﴿ظَلَّ﴾، ﴿قَتَلَ﴾، ﴿غَفَرَ﴾، ﴿خَلَقَ﴾

پلەی سیٚ یەم: ئەگەر بۆر (ضمة)یان هەبێت، وەك:

﴿فَطُبِعَ﴾، ﴿صُرِفَتۡ﴾، ﴿ضُرِبَتۡ﴾، ﴿يَظُنُّونَ﴾، ﴿قُتِلَ﴾، ﴿غُلِبَتِ﴾، ﴿خُلِقَتۡ﴾

پلەی چوارەم: ئەگەر زەنندار (ساكن) بوون .

وەك: ﴿يَطْبَع﴾، ﴿يَضْرِب ﴾، ﴿أَصْبَرَهُم﴾، ﴿يَظْلِم﴾، ﴿يَقْتُل ﴾ ، ﴿يَغْلِب﴾، ﴿يَخْلُق﴾

پلەی پێنجەم: ئەگەر ژێر (كسرة) یان هەبوو.

وەك: ﴿طِبَاقًا﴾، ﴿ضِرَارًا﴾، ﴿صِرَاط﴾، ﴿ظِلا﴾، ﴿قِتَالاً﴾، ﴿غِشَاوَة﴾، ﴿خِفَافًا ﴾

(العلاّمة المُتَولّي)ش بە هۆنراوە باسی لە هەردوو بۆچوونەكە كردووە:[١٠٣]

بۆچوونی یەكەم:

ثُمَّ الْمُفَخَّمَاتُ عَنْهُمْ آتِيَـــــــهْ — عَلَى مَرَاتِبٍ ثَلاَثٍ، وَهِيَـــهْ:
مَفْتُوحُهَا،مَضْمُومُه،مَكْسُورُهَا — وَتَابِعٌ مَا قَبْلَهُ سَاكِنُـــــــهَا
فَمَا أَتَى مِنْ قَبْلِهِ مِنْ حَـرَكَـهْ — فَافْرِضْهُ مُشْكَلاً بِتِلْكَ الْحَرَكَهْ.

بۆچوونی دووەم:

وَقِيلَ:بَلْ مَفْتُوحُهَا مَعَ الأَلِفْ — وَبَعْدَهُ الْمَفْتُوحُ مِنْ دُونِ أَلِفْ
مَضْمُومُهَا،سَاكِنُهَا، مَكْسُورُهَا — فَهَذِهِ خَمْسٌ أَتَاكَ ذِكْــــرُهَا
فَهْيَ وَإِنْ تَكُنْ بِأَدْنَى مَنْـزِلَهْ — فَخِيمَةٌ قَطْعاً مِنَ الْمُـسْتَفِلَهْ
فَلاَ يُقَالُ إِنَّهَا رَقِيقَــــــــهْ — كَضِدِّهَا، تِلْكَ هِيَ الْحَقِيقَهْ.

شێوەی دەم لە كاتی دەربڕینی پیتێكی قەڵەوی بزواودا

[١٠٣] فتح رب البرية ل ١٢.

تێبینی:

١- ئەگەر پیتی (خ)ی زەننەدار پێشەوەی ژێری (كسرة) هەبوو، بەڵام بە دوایدا پیتی (ر)ی گەورە هاتبوو، دەبێت پیتی (خ) بە قەڵەوتر بخوێنرێتەوە لە بەر پیتی (ر).[١٠٤]

واتە: لە پلەی چوارەمی پلەبەندی قەڵەوكردنی پیتە بەرزەكان (الاستعلاء)ەوە دەچێتە پلەی دووەم.[١٠٥]وەك: ﴿وَيُخۡرِجُكُمۡ إِخۡرَاجٗا﴾ (نوح:١٨) ﴿وَقَالَتِ ٱخۡرُجۡ عَلَيۡهِنَّ﴾ (يوسف:٣١)

(العلامة المتولي) دەڵێت:[١٠٦]

وخاءُ إخراج بتفخيمٍ أتت من أجل راءٍ بعدها إذْ فُخِّمتْ.

***نزمی (الاستفال) لە زمانەوانیدا: نزمییە، لە زاراوەشدا: نزمبوونەوەو دابەزینی زمان لە كاتی دەربڕینی پیتەكانیدا. یاخود نزمبوونەوەی ئاڕاستەی دەنگ لە كاتی دەربڕینی پیتەكانیدا.**

ژمارەی پیتەكانی: (٢٢) پیتەكەی تری زمانی عەرەبین:

(ء، ب، ت، ث، ج، ح، د، ذ، ر، ز، س، ش، ع، ف، ك، ل، م، ن، ه، و، ي، ا).

هەندێك لە زانایان لەم ڕستەیەدا كۆیانكردۆتەوە: (ثَبَتَ عِزّ مَنْ يُجَوّدْ حَرْفَهُ إذ سَلَّ شَكا)[١٠٧]

---

[١٠٤] بڕوانە: الجامع الكبير في فن التجويد (١٧٣/٢).

[١٠٥] تيسير الرحمن ل ١٤٤.

[١٠٦] هداية القاري إلى تجويد كلام الباري ل ١١٠.

[١٠٧] بڕوانە: إحكام الأحكام في تجويد القرآن ل٣٩.

(٤) جووتکردن و والاکردن (الإطباق والإنفتاح):

* جووتکردن (الإطباق) له زمانه‌وانیدا: پێکه‌وه‌نانه، له زاراوه‌شدا: پێکه‌وه‌نانی به‌شێکی زمان یاخود زۆرینه‌ی به ئاسمانه‌ی ده‌م (مه‌لاشوو)ه‌وه، یان نزیکبونه‌وه لێی به شێوه‌یه‌ك له کاتی ده‌ربڕیندا ده‌نگ له نێوانیاندا په‌نگبخواته‌وه.[١٠٨] پیته‌کانی: (٤) پیتن (ص، ض، ط، ظ).

ئیبنولجه‌زه‌ری ده‌ڵێت:

وَصَادُ ضَادٌ طَاءُ ظَاءٌ مُطْبَقَهْ ....

تێبینی:

١- پیتی (ط) به هیزترینیانه‌و (ظ)یش لاوازترینه‌و (ض، ص)یش مامناوه‌ندن.

٢- سیفه‌تی جووتکردن (الإطباق) تایبه‌تره له سیفه‌تی به‌رزیی (الاستعلاء)، واته هه‌موو پیته‌کانی جووتکردن (الإطباق) سیفه‌تی به‌رزیی (الاستعلاء)یان تێدایه، به‌لاّم مه‌رج نییه هه‌موو پیتێکی به‌رز (الاستعلاء) سیفه‌تی جووتکردن (الإطباق)ی تێدا بێت.[١٠٩]

* والاکردن (الإنفتاح) له زمانه‌وانیدا: کرانه‌وه‌و جیابوونه‌وه، له زاراوه‌شدا: دوورکه‌وتنه‌وه‌ی زمان یان زۆرینه‌ی له ئاسمانه‌ی ده‌م (مه‌لاشوو) له کاتی ده‌ربڕیندا. پیته‌کانی: (٢٥) پیته‌که‌ی ترن، له‌م وته‌یه‌دا کۆکراونه‌ته‌وه:

(من أخذ وَجد سعة فزكا حق له شرب غيث) [١١٠]

[١٠٨] بڕوانه: تیسیر علم التجوید ل: ٢٣٩، المنیر ل: ٧٤،

[١٠٩] بڕوانه: نهاية القول المفيد في فن التجويد: محمد مكي نصر ل ٧٧.

[١١٠] واته: هه‌رکه‌سێك زه‌کاتی سامانه‌که‌ی ده‌رکات، مافه به سه‌ر په‌روه‌ردگاره‌وه به‌زه‌یی خۆی به سه‌ردا بڕژێنێت. هه‌مان سه‌رچاوه ل ٧٧.

سوود: به هۆی لێكدانەوەی ئەم چوار سیفەتە بەرزی و نزمیی (الاستعلاءُ والاستفال)و جووتكردن و والاكردن (الإطباق والإنفتاح) دوو خاڵمان بۆ ڕووندەبێتەوە:

١- پیتە بەرزەكان (الاستعلاء) دەبن بە دوو بەشەوە:

أ- پیتی بەرزی جووت (حروف مستعلية مطبقة): (٤) پیتن (ص، ض، ط، ظ)

گەر سەرنج بدەین بۆمان ڕووندەبێتەوە كە ئەم پیتانە قەڵەوترن لە پیتە بەرزە والاكان (مستعلية منفتحة)كان، بۆ نموونە سیفەتە بەهێزەكانی پیتی (ق) زیاترە لە سیفەتە بەهێزەكانی پیتی (ص)، بەڵام پیتی (ص) قەڵەوترە لە پیتی (ق) ئەویش لە بەر بوونی سیفەتی جووتكردن (الإطباق) لە پیتی دووەمدا.

ب- پیتی بەرزی والا (حروف مستعلية منفتحة): (٣) پیتن (ق، غ، خ)

لە كاتی دەربڕینی ئەم سێ پیتەدا كۆتایی زمان بەرەو مەلاشوو بەرزدەبێتەوە بێئەوەی پێوەی بنووسێ، بۆیە قەڵەوییان كەمترە لە پیتە بەرزە والاكان (مستعلية مطبقة)كان.

كەوابوو پێویستە لە كاتی خوێندنەوەدا جیاوازبن وەك: ﴿ٱلطَّآمَّةُ﴾ و ﴿ٱلْخَـٰلِدُونَ﴾.

٢- كاریگەری ژێر (كسرة) لەسەر پیتە بەرزە والاكان (مستعلية منفتحة)كان زیاترە لە سەر پیتە بەرزە والاكان (مستعلية مطبقة)كان، چونكە یەكەمیان كاریگەری ژێر (كسرة)و والاكردن (إنفتاح)ی لە سەرە، بەڵام دووەمیان تەنها لە ژێر كاریگەری ژێر (كسرة) دایە، بۆ نموونە پیتی (ظ)ی ژێردار (مكسور) لە وشەی ﴿ظِلٍّ﴾ قەڵەوترە لە پیتی (غ)ی ژێردار لە وشەی ﴿غِلٍّ﴾دا.[111]

[111] بڕوانە: تيسير الرحمن في تجويد القرآن ل ٨٦-٨٧.

(٥) الإذلاق والإصمات:

* (الإذلاق) له زمانەوانیدا: تیژی، قەراخ، ڕەوانبێژی، خێراییە.

له زاراوەشدا: دەربڕینی پیتەکانی بە خێرایی‌و بە ئاسانی، لە بەر دەرچوونیان لە پێشەوەی زمان یا هەردوو لێوەوە.

ئیبنولجەزەریش لەم ڕستەیەدا کۆیکردوونەتەوە:

وَ (فِرَّ مِنْ لُبِّ)[١١٢] الحُرُوفِ المُذْلَقَهْ ....

(ل، ن، ر) جێدەنگیان پێشەوەی زمانە، (ف، م، ب) جێدەنگیان هەردوولێوە.

*(الإصمات) لە زمانەوانیدا: ڕێگرتنە. لە زاراوەشدا: دەربڕینی پیتەکانە بە قورسی، هەر بۆیە ڕێگریکراوە لە کۆبوونەوەی پیتەکانی بە تەنها– بە بێ پیتەکانی (إذلاق)– لە وشەی چوار پیتی‌و پێنج پیتی بنچینەیی (أصل)یدا. پیتەکانی: (٢٣) پیتەکەی ترن و لەم وتەیەدا کۆکراونەتەوە:(جز غش ساخط صید ثقة إذ وعظه یحضك).

واتە: لە فێڵبازو حەق نەویست خۆت بە دوور بگرە، بە شوێنی مرۆڤی خاوەن متمانەدا بگەڕێ، چونکە ئامۆژگاریەکانی هانت دەدەن بۆ چاکەکردن.

هەر بۆیە گوتویانە هەر یەك لە وشەی (عَسجد: ئاڵتوون)و (عَسَطُوس: درەختی خەیزەڕان)، ئەعجەمین (هێنراوەتە ناو زمانی عەرەبیەوە)، چونکە لە سێ پیتی بنچینەیی (أصلي) زیاتر پێکهاتوون و پیتی (إذلاق)یشیان تێدا نییە.

تێبینی: خوێنەری بەڕێز، ئەم دوو سیفەتە (الإذلاق والإصمات) بابەتێکی زمانەوانی (لغوي)ن‌و هیچ پەیوەندییان بە زانستی تەجویدەوە نییە، ڕەنگە هۆی باسکردنیشیان ئەوە بووبێت تاوەکو ژمارەی سیفەتەکان بگەنە (١٧) سیفەت‌و لەگەڵ ژمارەی جێدەنگەکان یەکسان بن، بۆیە زۆر لە توێژەران ئەم دوو سیفەتەیان فەرامۆشکردووە.[١١٣]

---

[١١٢] واتە: لە دەست مرۆڤە ژیرەکە ڕابکە.

[١١٣] بڕوانە: فتح رب البريّة شرح المقدمة الجزرية ل ١٣، أحكام قراءة القرآن الكريم للحصري ل ٩٧، المنير ل: ٧٧.

٢- سیفەتە بێ دژەکان:

یەکەم: فیکە (الصَّفیر).

لە زمانەوانیدا: فیکەی، دەنگی تیژ، دەنگی باڵندەیە.

لە زاراوەشدا: دەنگێکە لە دەنگی باڵندە دەچێت، لە کاتی دەربڕینی پیتەکەدا لە نێوان بڕەڕو سەری زمانەوە دێتەدەرێ. پیتەکانی: (٣) پیتن: (ص، ز، س) ئیبنولجەزەریش لە نیوە دێڕێکدا کۆیکردوونەتەوە:

صَفِیرُهَا صَادٌ وَزَايٌ سِینُ ....

دەنگی پیتی (ص) لە دەنگی (وَز)[١١٤] دەچێت، دەنگی پیتی (ز) لە دەنگی هەنگ دەچێت، دەنگی پیتی (س) لە دەنگی کوللە دەچێت.

بەهێزترینی ئەم پیتانەش پیتی (ص)ە لە بەرئەوەی سیفەتی بەرزیی (الإستعلاء)و جووتکردن (الإطباق)ی تێدایە، پاشانیش (ز) کە سیفەتی ئاشکرا (الجَهر)ی تێدایە، پیتی (س)یش لاوازترینیانە کە سیفەتی چپە (الهمس)و نەرمی (الرِّخاوة)ی تێیدا، بۆیە پێویستە سیفەتی فیکە (الصفیر)ی پیتی (س) بەهێزتربێت لەپیتی (ز)، چونکە

---

[١١٤] باڵندەیەکە لە قاز دەچێت، بەڵام هەڵدەفرێت.

دوو سیفەتی لاوازی تێدایە، هەروەها دەبێت سیفەتی فیکە (صفیر)ی پیتی (ز)یش بەهێزتربێت لەپیتی (ص)، چونکە ئەمیش سیفەتێکی لاوازی تێدایە.

پلەکانی فیکە (الصَّفیر):

١- بەهێز: ئەگەر (شدّة)داربوو: (السَّامريّ)، (الزّكاة)، (الصَّلاة).

٢- مامناوەند: ئەگەر زەننەدار بوو (يُوَسْوِسُ)، (بالأزْلام)، (واصْطبر).

٣- لاواز: ئەگەر بزواو (متحرك) بوو.[١١٥]

دووەم: لەرینەوە (القلقلة).

لە زمانەوانیدا: لەرینەوە، جووڵەو بزوتنە.

لە زاراوەشدا دەرخستنی دەنگێکی بەهێز لەکاتی زەننەداری پیتەکانیدایە. پیتەکانی: (٥) پیتن، ئیبنولجەزەری لە ڕستەیەکدا کۆیکردوونەتەوە:

.... قَلْقَلَةٌ (قُطْبُ جَدّ).......

واتە: جەمسەری گەورەیی.

ئەم پێنج پیتە سیفەتی توندی (الشِدّة)و ئاشکرا (الجَهر)یان تێدایەو نابێت لە کاتی دەربڕیندا دەنگو هەناسە لە گەڵیاندا بێتەدەر، لە بەرئەوە پێویستییان بە لەرینەوە (القلقلة) دەبێت تاوەکو دەنگی پیتەکان دەرکەون .

ڕیزبەندی پیتەکانی لەرینەوە (القلقلة) لە ڕووی بەهێزیو ڕوونیەوە:

لە ڕووی بەهێزیەوە پیتی (ط) بەهێزترینیانە، پیتی (ق)یش لە پلەی دووەمدایە، پاشان هەرسێ پیتەکەی تر (ب، د، ج) لە پلەی سێیەمدا دێن. لە ڕووی ڕوونیشەوە پیتی (ق) ڕوونترینیانە، پاشان پیتەکانی تر.

---

[١١٥] الجامع الكبير في علم التجويد ل (٢/ ١٠٣)

بەشەکانی لەرینەوە (القلقلة):

١- لەرینەوە (القلقلة)ی بچووك: ئەگەر پیتەکە زەنندار (ساكن) بێت، قورئان خوێن لەسەری نەوەستێت.

وەك: ﴿يَقۡدِرَ﴾، ﴿أَفَتَطۡمَعُونَ﴾، ﴿فَٱسۡتَجَبۡنَا﴾، ﴿تَجۡهَلُونَ﴾، ﴿يُدۡعَوۡنَ﴾

٢- لەرینەوە (القلقلة)ی گەورە: ئەگەر پیتەکە زەنندارو لە باری وەستان (وقف)دا بێت و (شَدّة)دار نەبێت.

وەك: ﴿وَاقٖ﴾، ﴿مُحِيطُ﴾، ﴿ٱلۡعَذَابِ﴾، ﴿بَهِيجٖ﴾، ﴿بَعِيدِ﴾

٣- لەرینەوە (القلقلة)ی گەورەتر: ئەگەر پیتەکە (شَدّة)دارو لە کۆتایی وشەداو لە باری وەستان (وقف)دا بێت. وەکو: ﴿ٱلۡحَجِّ﴾، ﴿ٱلۡحَقُّ﴾، ﴿وَتَبَّ﴾، ﴿أَشَدُّ﴾.[١١٦]

ئینولجەزەری دەڵێت:

وَبَيِّنَنْ مُقَلْقَلاً إنْ سَكَنَا وَإِنْ يَكُنْ فِي الْوَقْفِ كَانَ أَبْيَنَ

پیتی (ب)ی زەنندار لەکاتی (قلقلة)دا دوورکەوتنەوەی دوو لێو بەبێ دوو شەویلگە

[١١٦] سەرچاوەی پێشوو (١٢٢/٢).

چۆنێتی دەربڕینی لەرینەوە (القلقلة):

لەرینەوە (القلقلة): بریتیە لە دەنگدانەوەی پیتەکە لە جێدەنگەکەیداو نزیك نییە لە هیچ جووڵەیەکەوە، واتە: سەر (فتحة)و بۆر (ضمّة)و ژێر (كسرة)، ئەمەش ڕای پەسەندکراوی زۆرینەی هەرە زۆری زانایانە[١١٧] هەروەها ئێمەش لە مامۆستاکەمانەوە هەر بەو شێوەیە وەرمانگرتووە.

---

[١١٧] بڕوانە: حق التلاوة، لا: ٢٢٤، التجويد المصور (١/١٨٥)، تيسير علم التجويد، لا: ٢٤٥، تيسير الرحمن، لا: ٩٦- ١٠٢.

سەبارەت بە چۆنێتی دەربڕینی لەرینەوە (القلقلة) چەند بۆچونێکی تریش هەن گرنگترینیان ئەمانەن:

١- لەرینەوە (القلقلة) بە شێوەیەك دەربڕێن کە نزیك بکرێنەوە لە جووڵەی پیتی پێش خۆیان، واتە ئەگەر پیتی پێش خۆیان سەر (فتحة)ی هەبوو ئەوا لە کاتی دەربڕیندا نزیکدەکرێنەوە لە (فتحة) ئەگەر (ضمّة)شیان لە پێشەوە بوو لە کاتی دەربڕیندا نزیکدەکرێنەوە لە (ضمّة)و، ئەگەر (كسرة)شیان هەبوو لە کاتی دەربڕیندا نزیکدەکرێنەوە لە (كسرة).

نموونە: ﴿يَطْبَع﴾، ﴿تُجْزَوْن﴾، ﴿قِبْلَة﴾.

ئەمەش پەسەندکراوە لە لای هەندێك لە زانایان لەوانە (السمنّودي) کە لە(لآلیء البيان)دا دەڵێت:

قَلْقَلَةٌ (قُطْبُ جَدٍ) وَقُرِّبَتْ لِلفَتْحِ وَالأَرْجَحُ مَا قَبْلُ اقْتَفَتْ.

بڕوانە: لآلیء البيان ل: ٤، المنير، لا: ٨٠، هداية القاري، لا: ٨٦.

٢- لە هەموو کاتێکدا لە کاتی دەربڕیندا نزیك دەکرێنەوە لە (فتحة)، ئەمەش ڕای هەندێکیانە، لەوانە شێخ (محمود خليل الحصري)، بەڵام سەیر لەوەدایە شێخ ئەم ڕایە دەداتە پاڵ زۆرینەی زانایان!

بڕوانە: أحكام قراءة القرآن الكريم للحصري ل: ١٠١- ١٠٢. هەندێکیان بە هۆنراوە باسیان لەم ڕایە کردووە:

وقَلْقَلَةً قَرِّبْ إلى الفتحِ مُطْلَقًا ولا تُتْبِعَنْها بالذي قَبْلُ تُقْبَلا.

سێیەم: ئاسان (اللِّين).

لە زمانەوانیدا: ئاسانییە. لە زاراوەشدا بە ئاسانی دەرچوونی پیتە لە جێدەنگەکەوە. پیتەکانی: دوو پیتن (و، ي) کاتێك زەنندداربن و پێشەوەیان سەر (فتحة)ی هەبێت [واتە پیتی درێژکردنەوە (المدّ) نەبن]. نموونە: ﴿خَوۡف﴾، ﴿ٱلۡبَيۡت﴾، ﴿شَيۡءٍ﴾

پێشەوا ئیبنولجەزەریش دەڵێت:

....	..............واللينُ
واوٌ وياءُ سُكِّنَا وانفَتَحَا	قبلَهُما..............

تێبینی: سیفەتی (لین) لاوازترە لە درێژکردنەوە (المدّ)، هەر بۆیە لە گەڵ پیتی ئەلیفدا هەرگیز باسناکرێت، هەرچەندە پیتی ئەلیف پیتی درێژکردنەوە (المدّ)و ئاسان (اللین)یشە، چونکە پێناسەی ئاسان (اللین)ی تێدا بە دیدەکرێت کە خۆی زەنندەدارەو پێشەوەی (فتحة)یە.[118]

چوارەم: لادان (الإنحراف).

لە زمانەوانیدا: لادانە. لە زاراوەشدا: حەزو لادانی دەنگی پیتەکەیە لەبەر ڕێنەکردنی بە تەواوی، ئەویش بە هۆی ڕێگرتنی لە لایەن زمانەوە.[119]

پیتەکانی: تەنها دوو پیتن: (ل، ر)

لادانی دەنگی پیتی (ل) بەرەو هەردوو لای پێشەوەی زمان (واتە بەرەو جێدەنگی نون) ئەویش بە هۆی نوسانی پێشەوەی زمان بەپووکەوە.

---

[118] المنير، لا: ٨٠.

[119] هەندێکی تر لە زانایان پێیان وایە لادانی جێدەنگە (مخرج)، هەندێکی تریشیان پێیان وایە لادانی سیفەتە، لە چاپی یەکەمدا منیش بە لادانی جێدەنگ پێناسەمکردبوو بەلام پاش توێژینەوە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان بۆم دەرکەوت کە ڕای یەکەم بەهێزترەو زۆرێك لە توێژەران پەسەندیان کردووە.

بڕوانە: تیسیر الرحمن ل ١٠٣، الجامع الكبير في علم التجويد: (٢/١٣٤-١٣٥)

پیتی (ر)یش پێچەوانەی پیتی (ل) دەنگەکەی لە هەردوو لای پێشەوەی زمانەوە لا دەدات بۆ ناوەڕاستی.

ئیبنولجەزەریش دەڵێت:

....	.... **والإنحرافُ صُحِّحَا**
فی اللام والرا	....

تێبینی: سیفەتی لادان لە پیتی (ل)دا زیاترە لە پیتی (ر)، هەروەها لادانی پیتەکە لە کاتی (شدة)دا زیاترە وەك لە زەننە، لە کاتی زەننەشدا زیاترە وەك لە بزوتن (حرکة).

بەراوردێك لە نێوان لادانی پیتی (ل) و پیتی (ر)

پێنجەم: بلأوبوونەوە (التَّفشّي).

لە زمانەوانیدا: بلأوبوونەوەو فراوانبوونە. لە زاراوەشدا: بلأوبوونەوەی هەوا لە ناو دەمدا لە کاتی دەربڕینی پیتەکەدا، تاوەکو دەگاتە جێدەنگی پیتی (ظ). پیتەکانی: تەنها پیتی (ش)ە.

ئیبنولجەزەریش گوتوویەتی:

.... وَللتَّفَشِّي (الشِّينُ) ....

پلەکانی بلأوبوونەوە (التفشّي):

١- ئەگەر (شدَّة)داربوو، وەك: ﴿ٱلشَّيۡطَـٰنِ﴾، ﴿ٱلشَّـٰكِرِينَ﴾

٢- ئەگەر زەننەداربوو، وەك: ﴿ٱشۡتَرَىٰ﴾، ﴿ٱلرُّشۡدُ﴾

٣- ئەگەر بزواو بوو، وەك: ﴿شَطَطًا﴾، ﴿شِقۡوَتُنَا﴾.[١٢٠]

سیفەتی (التفشي)

[١٢٠] بڕوانە: تیسیر الرحمن ل ٩٣، الجامع الكبير في علم التجويد: (٢/١٤٤).

شەشەم: دووبارەبوونەوە (التَّكرير).

لە زمانەوانیدا: دووبارەبوونەوەیە. لە زاراوەشدا: لەرینەوەی سەر زمانە لە کاتی دەربڕینی پیتەکەدا. پیتەکانی: تەنها پیتی (ر)یە.

ئیبنولجەزەریش دەڵێت:

.... وَالرَّا، وَبِتَكْرِيرٍ جُعِلْ ....

مەبەستیش لە باسکردنی ئەم سیفەتە خۆپاراستن‌و دوورکەوتنەوەیە لێی نەك ئەنجامدانی، ئەمەش ئەوە ناگەیەنی کە خوێنەر بە تەواوی زمانی لە جووڵە بخات، بەڵکو پێویستە سەری زمانی‌و بەشێك لە پشتەوەی بە توندی بەپووکی بڕەڕی سەرەوە بنوسێنیٚ، لە گەڵ هێشتنەوەی بۆشاییەکی زۆر تەسك بۆ چوونەدەرەوەی بەشێك لە دەنگی پیتەکە، چونکە پیتی (ر) پیتێکی مامناوەندە لە نێوان هەردوو سیفەتی توندی و نەرمی (الشدَّة والرِّخاوة)دا.

پلەکانی دووبارەبونەوە (التّكرير):

١- ئەگەر (شدَّة)داربوو، وەك: ﴿ٱلرَّحۡمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾

بۆیە ئیبنولجەزەری دەڵێت:

.... وَأَخْفِ تَكْرِيراً إِذَا تُشَدَّدُ.

واتە: ئەگەر پیتی (ر) (شدّة)داربوو (تكرير)ەکەی بشارەوە.

چونکە پیتی (مشدّد) دوو پیتەو (تكرير)ی زیاترەو پێویستە زیادەڕەوی تێدا نەکرێت.

٢- ئەگەر زەنندداربوو، وەك: ﴿فَٱرۡهَبُونِ﴾

٣- ئەگەر بزواو بوو، وەك: ﴿وَتَرَكَهُمۡ﴾.[١٢١]

---

[١٢١] بڕوانە: الجامع الكبير في علم التجويد: (٢/١٤٠).

حەوتەم: درێژبوونەوە (الإستطالة).

لە زمانەوانیدا: درێژبوونەوە. لە زاراوەشدا: درێژکردنەوەی جێدەنگ لە سەرەتای قەراخی لایەکی زمانەوە (یان هەردوولای) تا دەگاتە جێدەنگی لام. پیتەکانی: تەنها پیتی (ض) دە.

پێشەوا ئیبنولجەزەریش دەڵێت:

والضَّاد باستطالة ومخْرَج مَيِّزْ من الظَّاء ....

پلەکانی درێژبوونەوە (الإستطالة):

بەهێزترینە ئەگەر (مشدّد) بوو، پاشان ئەگەر زەننەداربوو، پاشانیش ئەگەر بزواو(متحرك)بوو.[122]

[122] سەرچاوەی پێشوو (١٤٨/٢).

پاشماوە: زۆرێك لە پێشەوایانی ئەم زانستە دوو سیفەتی تریان بۆ سیفەتە هەمیشەییە بێدژەکان زیادکردووە، کە بریتین لە سیفەتی شاراوەیی (الخفاء) و مینگە (الغنّة)،[١٢٣] بۆیە بە گرنگی دەزانم لێرەدا باسێکیان لێوە بکەین:

سیفەتی یەکەم: شاراوەیی (الخَفاء).

شاراوەیی (الخفاء) لە زمانەوانیدا: شاراوەییە، لە زاراوەشدا: شاراوەیی دەنگی پیتەکە لە کاتی دەربڕینیدا. پیتەکانی: [ه، پیتەکانی درێژکردنەوە (المدّ)]، کە لە وشەی (هاوي)دا کۆبوونەتەوە.

(السَّمنودي) دەڵێت:

وَ(الهَاءُ مَعْ حُرُوفِ مَدّ) لِلْخَفَا ....

هۆی ناونانی: لە بەر شاراوەییانە لە کاتی دەربڕیندا. هۆکارەکەشی بریتییە لە:

*** پیتی (ه): لە بەر لاوازی سەرجەم سیفەتەکانی، دووری جێدەنگەکەی بۆیە پێویستە قورئانخوێن بە وریاییەوە ئەم پیتە دەربڕێت.**

چۆنێتی چارەسەرکردنی:

ئەگەر زەنندەداربوو: دەربڕینی (ه)ی زەنندەدار قورسترە لە دەربڕینی (ه)ی بزواو، بۆیە چارەسەرکردنی بە تەسککردنەوەی جێدەنگەکەیو ئاشکراکردنی سیفەتەکانی دەبێت، بە تایبەت هەردوو سیفەتی چپە (الهمس)و نەرمی (الرِّخاوة) واتە: لە کاتی دەربڕیندا نیوەی هەواو نیوەکەی تریشی دەنگ بێت.

ئەگەر بزواو بوو: پێویستە لە کاتی دەربڕینیدا پەلەی تێدانەکرێتو درێژیش نەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر ڕاناوبوو بە درێژکردنەوەی گەیاندن (مدالصلة)ی بچووك یان گەورە درێژ دەکرێتەوە.[١٢٤]

---

[١٢٣] بڕوانە: نهاية القول المفيد ل ٨٦–٨٧، الروضة الندية شرح متن الجزرية ل ٢٨– ٢٩.

[١٢٤] بڕوانە: تيسير الرحمن ل ١٠٥– ١٠٧.

* پیتەکانی درێژکردنەوە: چونکە جێدەنگیان خەملێنراوەو لە شوێنێکی دیاریکراوەوە دەرناچن، بەڵکو پیتی هەواییین‌و لە گەڵ هەوای بۆشایی (جوف)دا دێنەدەرەوەو لە بەرفراوانی جێدەنگەکەیان دەنگیان لە گەڵ هەوادا دەشارێتەوە.

چارەسەری شاراوەیی (الخفاء)ی پیتەکانی درێژکردنەوە:

بە هێزکردنی ئەم پیتانە، ئەویش بە درێژکردنەوەی دەنگ بۆ ماوەیەك کەمترینی (٢) جووڵە بێت، چونکە بێ درێژکردنەوەیان مانای وشەکە دەگۆڕێت، وەك: (يقُول) دەبێتە (يَقُل). جاری واش هەیە ماناکە تێکدەدات، وەك: ﴿فَسَقَىٰ لَهُمَا﴾ دەبێتە (فَسَقَ لَهُمَا)!!

سیفەتی دووەم: مینگە (الغنة)

مینگە: دەنگێکی خۆشە، هاودەنگی هەردوو پیتی (ن، م) دەکات، بەڵام مینگەی پیتی (ن) لە پیتی (م) بەهێزترە.[١٢٥]

خاوەنی (السلسبیل الشافي) دەڵێت:

وغُنَّةٌ صَوْتٌ لَذيذٌ رُكِّبا   في النُّونِ والمِيمِ عَلَي مَراتِبا.

پلەکانی مینگە:

قورئان خوێنی بەڕێز، ڕای زۆرینە مینگە بە پێنج پلە دیاریدەکەن:

١- تەواوترین: لە نون و میمی (شدّة)داردا:

أ- لە یەك وشەدا: ﴿إِنَّ﴾، ﴿يَمُنُّون﴾، ﴿هَمَّت﴾، ﴿وَعِندَهُۥٓ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ﴾.

---

[١٢٥] **هەندێ لە زانایان دەڵێن ئەم دەنگە لە دەنگی ئاسك و، بۆڕەی مانگاو، بای نێو گەڵای درەخت دەچێت. بڕوانە: الجامع المفید في صناعة التجوید للسّنهوري، ل٣٦١و ٣٦٧.**

ب-   له دوو وشه‌دا: ئه‌میش چوار جۆره:

-   تێهه‌ڵكێشی (ن)ی زه‌ننه‌دارو (تنوين) له‌ پیتی (ن)و (م)دا

﴿إِن نَّشَأۡ﴾، ﴿مِن مَّآءٍ﴾

-   تێهه‌ڵكێشی پیتی (م) له‌ (م)دا ﴿كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ﴾.

-   تێهه‌ڵكێشی (متجانسين) پیتی (ب)ی زه‌ننه‌دار له‌ (م)دا:

﴿يَٰبُنَيَّ ٱرۡكَب مَّعَنَا﴾

-   تێهه‌ڵكێشی لامی (شمسي) له‌ نوندا ﴿ٱلنَّاسِ﴾، ﴿ٱلنَّعِيمِ﴾

ئیبنولجه‌زه‌ریش ده‌ڵێت:

وأظْهِر الغُنَّة من نُون ومِنْ   ميمٍ إذا ما شُدِّدا ....

٢- ته‌واوتر: له‌ تێهه‌ڵكێشكردنی ناته‌واودا (الإدغام الناقص)، واته‌: تێهه‌ڵكێشی نونی زه‌ننه‌دارو (تنوين) له‌ پیتی(ي) و(و)دا وه‌ك: ﴿فَمَن يُؤۡمِنۢ﴾، ﴿سِرَاجًا وَهَّاجًا﴾.

٣- ته‌واو: له‌ نون و میمی شاراوه‌ (المُخفاة)دا، هه‌روه‌ها هه‌ڵگه‌ڕاندنه‌وه‌ (القلب)یش ده‌گرێته‌وه‌:

﴿ هَٰذَا يَوۡمُ ٱلۡفَصۡلِ ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴾ (الصّافات ٢١)

﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلۡمَلَإِ مِنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ مِنۢ بَعۡدِ مُوسَىٰٓ ﴾ (البقرة ٢٤٦)

٤- ناته‌واو: له‌ نون و میمی زه‌ننه‌دار و ئاشكرادا . وه‌ك: ﴿يَنۡحِتُونَ﴾، ﴿لَكُمۡ دِينُكُمۡ﴾

٥- ناتەواوترین: لە نون و میمی بزواو (متحرك)دا. ﴿يُنَادَوْنَ﴾، ﴿نُودِيَ﴾، ﴿مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً﴾ [126]

کەواتە مینگە سیفەتێکی وابەستەیە بە پیتی (م)و (ن)ەوە، بەلأم لە دووشێوەی کۆتاییدا دەرناکەوێت و لە هەرسیٚ شێوەی سەرەتادا پێویستە دەربخرێت، ئەندازەی دوو جووڵە (حرکة) درێژبکرێتەوە، بەلأم لە دوو پلەی کۆتاییدا لە یەك جووڵە (حرکة) زیاتر درێژ ناکرێنەوە.

تێبینی:

یەکەم: مەبەست لە تەواو و ناتەواویی لە سیٚ پلەی سەرەتادا: بەهێزی مینگەو، تەواوی پشتبەستن بە (خیشوم)و، ناتەواوی مینگە)یە.

بەلأم هەندێك لە زانایان دەڵێن مەبەست پێی درێژکردنەوەی مینگەکانە لە ڕووی کات (زمن)ەوە، واتە لە پلەی یەکەمدا زیاتر درێژدەکرێتەوە، دووەمیش لە یەکەم کەمتر، سێیەمیش لە دووەم کەمتر.[127]

دووەم: لە کاتی دەربڕینی مینگەدا دەنگی پیتەکە یان سیفەتەکەی لە کەپوو (خیشوم)ەوە دەردەچێت، نەك پیتەکە خۆی.

سێیەم: مینگەی پیتی (ن) بەهێزترە لە مینگەی پیتی (م).[128]

گەورەکردن و بچووککردنی مینگە:

مینگە شوێنی پیتی پاش خۆی دەکەوێت، واتە: گەورە دەکرێت ئەگەر بە دوای نونی زەنندەارو (تنوین)دا یەکێك لە پیتە بەرزەکان (الاستعلاء) هاتبوو، ئەمەش لە کاتی شاردنەوە (الإخفاء)دا دەبێت کاتێك دەگات بە هەر پێنج پیتی (ص، ض، ط، ظ، ق).

---

[126] بڕوانە: تیسیر الرحمن في تجوید القرآن ل ١١٠-١١١، هدایة القاري للمرصفي ل ١٧٧-١٧٩، الجامع الکبیر في علم التجوید:(٢/١٥٢-١٥٦) .

[127] تیسیر الرحمن ل ١١١، فتح رب البریة شرح المقدمة الجزریة : ل ٣٠.

[128] نهایة القول المفید ل ٨٧.

خاوەنی (التحفة) دەڵێت:

.... وَتَتْبَعُ الأَلِفْ   مَا قَبْلَهَا، وَالْعَكْسُ فِي الْغَنِّ أُلِفْ

هەروەها خاوەنی (السلسبيل الشافي)یش دەڵێت:

وفخِّم الغُنَّة إن تلاها   حروفُ الاستعلاءِ لا سواها

نموونە:

﴿يُنصَرُون﴾، ﴿مِن صَلْصَالٍ﴾، ﴿رِيحًا صَرْصَرًا﴾، ﴿مَّنضُود﴾، ﴿لَمَن ضَرُّهُۥٓ﴾، ﴿وَكُلاًّ ضَرَبْنَا﴾، ﴿يَنطِقُون﴾، ﴿مِن طِينٍ﴾، ﴿حَلَالاً طَيِّبًا﴾، ﴿يَنظُرُون﴾، ﴿إِن ظَنَّآ﴾، ﴿ظِلاًّ ظَلِيلاً﴾، ﴿يَنقَلِبُون﴾، ﴿مِن قَبْلِكَ﴾، ﴿عَلِيمٌ قَدِيرٌ﴾ [129]

بەڵام ئەگەر بە دوای نونی زەنندارو (تنوین)دا پیتەکانی تری (الإخفاء) هاتن، ئەوا مینگەیان بچووك دەکرێتەوە، وەك: ﴿ٱلْإِنسَـٰن﴾، ﴿كُنتُم﴾، ﴿مِن شَيْءٍ﴾، ﴿أَنفَقْتُم﴾

[129] بڕوانە: المذكرة في التجويد ل ٦١، نهاية القول المفيد ل ١٥٨-١٥٩.

پیت و سیفەتە بەهێزو لاوازەکان

سیفەتە هەمیشەییەکان لە ڕووی بەهێزی و لاوازیەوە دەکرێن بە سێ بەشەوە:

١- سیفەتە بەهێزەکان: یانزە سیفەتن:

ئاشکرا (الجهر)و توندی (الشدّة)و بەرزیی (الاستعلاء)و جووتکردن (الإطباق)و فیکە (الصفیر)و لەرینەوە (القلقلة)و لادان (الإنحراف)و، دووبارەبوونەوە (التکریر)و بلاّوبوونەوە (التفشّي)و درێژبوونەوە (الإستطالة)و مینگە (الغنّە).

٢- سیفەتە لاوازەکان: شەش سیفەتن:

چپە (الهمس)و نەرمی (الرخاوة)و نزمی (الاستفال)و والاّکردن (الإنفتاح)و ئاسان (اللین)و شاراوەیی (الخفاء).

٣- سیفەتی بەهێزو لاوازیان تێدانیە: (الإصمات)و (الإذلاق)و نێوانیی (البینیّة).

هەروەها پیتەکانیش دەکرێن بە پینج بەشەوە:

١- بەهێزترین: (١) پیت: (ط) چونکە هەموو سیفەتەکانی بەهێزن.

٢- بەهێز: (٨) پیت: (ب، ج، د، ر، ص، ض، ظ، ق) چونکە سیفەتە بەهێزەکانی لە لاوازەکانی زیاترە.

٣- مامناوەند: (٥) پیت: (ء، غ، ل، م، ن)، چونکە سیفەتی بەهێزو لاوازیان یەکسانە.

٤- لاواز: (١٠) پیت: (ت، خ، ذ، ز، س، ش، ع، ك، دوو پیتە ئاسانەکە (اللین): و، ي) چونکە سیفەتی لاوازیان زیاترە.

٥- لاوازترین: (٧) پیت: (٤)پیتیان: (ث، ح، ف، ه)هەموو سیفەتەکانیان لاوازە، لە هەمووشیان لاوازتر پیتی (ه) لە بەر سیفەتی شاراوەیی (الخفاء). (٣) پیتیشان: (ا،

و، ي) واته پیتەکانی درێژکردنەوە (المدّ)، تەنها یەك سیفەتی بەهێزیان تێدایە، ئەویش سیفەتی ئاشکرا (الجهر)ە[١٣٠]

پیتەکان	سیفەتەکان							پلەی پیتەکە
	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	
الهمزة	جهري	شديد	مستفل	منفتح	مصمت			مامناوەند
الباء	جهري	شديد	مستفل	منفتح	مذلق	مقلقل		بەهێز
التاء	مهموس	شديد	مستفل	منفتح	مصمت			لاواز
الثاء	مهموس	رخوي	مستفل	منفتح	مصمت			لاوازترین
الجيم	جهري	شديد	مستفل	منفتح	مصمت	مقلقل		بەهێز
الحاء	مهموس	رخوي	مستفل	منفتح	مصمت			لاوازترین
الخاء	مهموس	رخوي	مستعل	منفتح	مصمت			لاواز
الدال	جهري	شديد	مستفل	منفتح	مصمت	مقلقل		بەهێز
الذال	جهري	رخوي	مستفل	منفتح	مصمت			لاواز
الراء	جهري	بينية	مستفل	منفتح	مذلق	منحرف	مكرّر	بەهێز
الزاي	جهري	رخوي	مستفل	منفتح	مصمت	صفيري		لاواز
السين	مهموس	رخوي	مستفل	منفتح	مصمت	صفيري		لاواز
الشين	مهموس	رخوي	مستفل	منفتح	مصمت	متفشٍ		لاواز
الصاد	مهموس	رخوي	مستعل	مطبق	مصمت	صفيري		بەهێز
الضاد	جهري	رخوي	مستعل	مطبق	مصمت	مستطيل		بەهێز
الطاء	جهري	شديد	مستعل	مطبق	مصمت	مقلقل		بەهێزترین
الظاء	جهري	رخوي	مستعل	مطبق	مصمت			بەهێز
العين	جهري	بينية	مستفل	منفتح	مصمت			لاواز
الغين	جهري	رخوي	مستعل	منفتح	مصمت			مامناوەند
الفاء	مهموس	رخوي	مستفل	منفتح	مصمت			لاوازترین
القاف	جهري	شديد	مستعل	منفتح	مصمت	مقلقل		بەهێز

---

[١٣٠] بڕوانە: تيسير الرحمن ل ١١٧– ١١٨، خوێنەری بەڕێز سەبارەت بە دیاریکردنی سیفەت وپیتە بەهێزو لاوازەکان چەند ڕاو بۆچونێکی تریش هەیە، بەڵام ئەمەی کە باسمانکرد بەهێزترینیانە، خوای گەورەش زاناترە. بۆ زیاتر شارەزابوون سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:
نهاية القول المفيد ل ٩١– ٩٣، حق التلاوة: ٣٣٨– ٣٣٩، الجامع الكبير: (٢/١٩٥□ ٢٠١).

پیتەکان	سیــفەتــەکــان							پلەی پیتەکە
	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	
الكاف	مهموس	شديد	مستفل	منفتح	مصمت			لاواز
اللام	جهري	بينية	مستفل	منفتح	مذلق	منحرف		مامناوەند
الميم	جهري	بينية	مستفل	منفتح	مذلق	غنّة		مامناوەند
النون	جهري	بينية	مستفل	منفتح	مذلق	غنّة		مامناوەند
الهاء	مهموس	رخوي	مستفل	منفتح	مصمت	خفاء		لاوازترین
(و)ی بزواو	جهري	رخوي	مستفل	منفتح	مصمت			لاواز
(ي)ی بزواو	جهري	رخوي	مستفل	منفتح	مصمت			لاواز
پیتەکانی درێژکردنەوە (المدّ)	جهري	رخوي	مستفل	منفتح	مصمت	خفاء		لاوازترین
پیتە ئاسانەکان اللين (و، ي)	جهري	رخوي	مستفل	منفتح	مصمت	لين		لاواز

تەواوكردنی جووڵەكان (إتمامُ الحركات)

پێویستە لە سەر قورئان خوێن:

– لە كاتی دەربڕینی پیتێكی سەردار (مفتوح)دا دەمی بكاتەوە وەك كردنەوەی لە كاتی دەربڕینی پیتی ئەلیفدا.

– لە كاتی دەربڕینی پیتێكی بۆردار (مضموم)یشدا هەردوو لێوی خڕكاتەوە وەك خڕكردنەوەی لە كاتی دەربڕینی پیتی واودا.

– لە كاتی دەربڕینی پیتی ژێردار (مكسور)یشدا شەویلگەی خوارەوەی دابەزێنێ وەك دابەزاندنی لە كاتی دەربڕینی پیتی (ي)دا.

– بەڵام پیتی زەننەدار لە جێدەنگی بنچینەیی (أصلي) خۆیەوە دەردەچێت بێ ئەوەی هیچ كام لەوانەی سەرەوەی لەگەڵدابێت.[١٣١]

خۆ ئەگەر قورئانخوێن ئەمانەی جێبەجێنەكرد ئەوا خوێندنەكەی ناتەواوە، تەنانەت زانای گەورەی وەك (أحمد الطِّيبي) دەڵێت هەڵەی ئەو كەسە لە ڕووی واتاوە لە هەڵەی ئاشكرا (اللحن الجليّ) ناشیرینترە، ئەوەتا لە مەتنەكەیدا[١٣٢] دەڵێت:

وَكُلُّ مَضْمُومٍ فَلنْ يَتِـــمَّـا	إِلَّا بِضَمِّ الشَّفَتَيْنِ ضَـمَّـا
وَذُو انْخِفَاضٍ بِانْخِفَاضٍ لِلْفَـمِ	يَتِمُّ وَالْمَفْتُوحُ بِالْفَتْحِ افْهَـمِ
إِذِ الْحُرُوفُ إِنْ تَكُنْ مُحَرَّكَـهْ	يَشْرَكُهَا مَخْرَجُ أَصْلِ الْحَـرَكَهْ
أَيْ مَخْرَجُ الْوَاوِ وَمَخْرَجُ الْأَلِفْ	وَالْيَاءُ فِي مَخْرَجِهَا الَّذِي عُـرِفْ
فَإِنْ تَرَ الْقَـارِئَ لَنْ تَنْطَبِـقَا	شِفَاهُهُ بِالضَّمِّ كُنْ مُحَقِّـقَا
بِأَنَّهُ مُنْتَقِصٌ مَا ضَـمَّا	وَالْوَاجِبُ النُّطْقُ بِهِ مُتَمَّـا
كَذَاكَ ذُو فَتْحٍ وَذُو كَسْرٍ يَجِبْ	إِتْمَامُ كُلٍّ مِنْهُمَا افْهَمْهُ تُصِـبْ
فَالنَّقْصُ فِي هَذَا لَدَى التَّأَمُّلِ	أَقْبَحُ فِي الْمَعْنَى مِنَ اللَّحْنِ الْجَلِي
إِذْ هُوَ تَغْيِيرٌ لِذَاتِ الْحَـرْفِ	وَاللَّحْنُ تَغْيِيرٌ لَهُ بِالْوَصْـفِ

---

[١٣١] أطلس التجويد ل ٨٩.

[١٣٢] المفيد في علم التجويد ل ٧.

بەشی پێنجەم
سیفەتە کاتیەکان (الصفات العرضية)

سیفەتە کاتیەکان (الصفات العارضة): ئەو سیفەتانەن کە تەواوکەری پیتەکەن و لە هەندێ کاتی دیاریکراودا تووشی پیت دەبن، لە هەندێ کاتیشدا لە بەر هۆکاریێ لە هۆکارەکان لێی جیادەبنەوە، ژمارەیان یازدە سیفەتە، وەك: ئاشکراکردن (الإظهار)و تێهەڵکێش (الإدغام)و شاردنەوە (الإخفاء)و هەڵگەڕاندنەوە (القلب)و بچووککردنەوە (الترقيق)و گەورەکردن (التفخيم)و درێژکردنەوە (المدّ)و کورتکردنەوە (القصر)و جووڵاندن (التحريك)و زەننەدارکردن (الإسكان)و وەستان بە بێ هەناسە (السَكت).[١٣٣] (السمّنودي) لە بارەیانەوە دەڵێت:[١٣٤]

إِظْهَارٌ ادْغَامٌ وَقَلْبٌ وَكَـذَا إِخْفَا وَتَفْخِيمٌ وَرِقٌّ أُخِـــــذَا
وَالمَدُّ وَالقَصْرُ مَعَ التَّحَرُّكِ وَأَيضًا السُّكُونُ وَالسَّكْتُ حُكِي

---

[١٣٣] بڕوانە: حق التلاوة ل ٢١٣و٢٣٨

[١٣٤] لآلئ البيان في تجويد القرآن: إبراهيم على شحاتة السمنودي ل ٤.

گەورەکردن و بچووککردن (التفخيم والترقيق)

گەورەکردن (التفخيم): لە زاراوەدا قەڵەویەکە دەچێتە ناو لەشی پیتەکەوە، واتە: ناو دەم پڕدەکات لە دەنگی ئەو پیتە.[١٣٥] لە بەر تەسکبوونەوەی گەروو و بەرزبوونەوەی دەنگ بەرەو مەڵاشوو، بچووکردنەوەی پیتیش بە پێچەوانەوەیە.[١٣٦]

پیتێکی گەورە، بۆ نموونە: قاف

پیتێکی بچووك، بۆ نموونە کاف

پیتەکانی زمانی عەرەبی لە ڕووی گەورەو بچووکی (تفخیم و ترقیق)ەوە دەکرێن بەسێ بەشەوە:

١- ئەو پیتانەی هەمیشە بە گەورەیی (مفخّم) دەخوێنرێنەوە.

٢- ئەو پیتانەی هەمیشە بە بچووکی (مرقّق) دەخوێنرێنەوە.

٣- ئەو پیتانەی هەندێجار بە گەورەیی، هەندێجاریش بە بچووکی دەخوێنرێنەوە.

---

[١٣٥] بڕوانە: نهاية القول المفيد ل ١٢٧.

[١٣٦] التجويد المصور: (١/١٥٥، ١٥٦)

یەکەم: ئەو پیتانەی هەمیشە بە گەورەیی دەخوێنرێنەوە:

ئەو پیتانەی هەمیشە بە گەورەیی دەخوێنرێنەوە بریتین لە (٧) پیتە بەرزەکان (الاستعلاء: خص ضغط قظ)، لە نێویشیاندا پیتەکانی جووتکردن (الإطباق) سیفەتی گەورەکردنیان زیاترە (ص، ض، ط، ظ).

بە شێوەیەکی گشتی ڕیزبەندییان– لە گەورەترینەوە– بەم شێوەیە دەبێت:

(ط، ض، ص، ظ، ق، غ، خ)[١٣٧]

ئیبنولجەزەری دەڵێت:

وَحَرْفَ الاسْتِعْلاَءِ فَخِّمْ وَاخْصُصَا   الِاطْبَاقَ أَقْوَى نَحْوَ قَالَ وَالْعَصَا.[١٣٨]

دووەم: ئەو پیتانەی کە هەمیشە بە بچووکی دەخوێنرێنەوە:

هەموو پیتە نزمەکان (الاستفال) بە بچووکی دەخوێنرێنەوە جگە لە پیتی (ر)و لامی وشەی پیرۆزی ﴿ٱللَّه﴾و، پیتی ئەلیف. واتە: (ء، ب، ت، ث، ج، ح، د، ذ، ز، س، ش، ع، ف، ك، م، ن، ه، و، ي)

ئیبنولجەزەری دەڵێت:

فَرَقِّقَنْ مُسْتَفِلًا مِنْ أَحْرُفِ   ....

---

[١٣٧] بڕوانە: أحكام قراءة القرآن للحصري ل ١٤٩.

[١٣٨] بڕوانە: لاپەڕە: (٧٥–٨٠)

سێیەم: ئەو پیتانەی هەندێجار بە گەورەو هەندێجاریش بە بچووك دەخوێنرێنەوە.

ئەمانەن: ئەلیف، پیتی (ر)، لامی وشەی پیرۆزی ﴿ٱللَّه﴾، پشت بە خوای گەورە لێرەدا باسیان دەکەین:

پیتی (ر)

ئەم پیتە سێ دۆخی هەیە، چونکە جار هەیە بە گەورەو جاریش هەیە بە بچووكو جاریش هەیە بە هەردوو دۆخەکە دەخوێنرێتەوە:

یەکەم-پیتی (ر) لە باری گەورەییدا (تفخیم):[139]

١- **ئەگەر خۆی سەری هەبوو. وەك:** ﴿أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصۡحَٰبِ ٱلۡفِيلِ﴾

٢- **ئەگەر خۆی زەننەدارو پیتی پێشەوەی سەری هەبێ. وەك:** ﴿أَرۡبَعِينَ﴾، ﴿مَرۡيَم﴾، ﴿لَا تَذَرۡ﴾

٣- **ئەگەر خۆی بە هۆی وەستانەوە زەننەی هەبوو، هەروەها پیتی پێشتریش زەننەی هەبوو-بەمەرجێك پیتی (ي) نەبێت-و پیتی پێش ئەویش سەری هەبێت، وەك:** ﴿وَٱلۡفَجۡرِ﴾، ﴿ٱلۡقَدۡرِ﴾، ﴿ٱلنَّارِ﴾، ﴿ٱلۡقَرَارِ﴾.

٤- **ئەگەر بۆر (ضمة)ی هەبوو. وەك:** ﴿كَفَرُوا﴾، ﴿ٱلرُّعۡبَ﴾، ﴿تَعۡرُجُ﴾

٥- **ئەگەر خۆی زەننەدارو پیتی پێشەوەی بۆری هەبێ.**

وەك: ﴿ٱلۡمُرۡسَلُونَ﴾، ﴿ٱلۡقُرۡءَانِ﴾، ﴿أَنِ ٱشۡكُرۡ﴾

٦- **ئەگەر خۆی بە هۆی وەستانەوە زەننەی هەبێ، پیتی پێشتریش زەننەو پێشتریش بۆری هەبێت:**

﴿وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ﴾ **الحج:** (٤١)، ﴿إِنَّهُۥ ظَنَّ أَن لَّن يَحُورَ﴾ **الإنشقاق:** (١٤).

---

[139] **بڕوانە: تیسیر الرحمن ل ١٤٦-١٤٨.**

٧- ئەگەر خۆی زەنندەدارو لە هەمان وشەدا پیتی پێشەوەی ژێری ڕەسەنی (كسرٌ أصلي) هەبێت، بەڵام پیتی دواوەی یەكێك بێت لە پیتە بەرزەكان (الاستعلاء: خُصَّ ضَغطٍ قِظ) بە مەرجێك ژێر (كسرة)ی نەبێت، ئەمیش تەنها لەم پێنج وشەدا ڕوویداوە:

﴿قِرۡطَاس﴾، ﴿وَإِرۡصَادٗا﴾، ﴿فِرۡقَة﴾، ﴿مِرۡصَادٗا﴾، ﴿لَبِٱلۡمِرۡصَادِ﴾

ئیبنولجەزەری دەڵێت:

إنْ لَمْ تَكُنْ مِنْ قَبْلِ حَرْفِ اسْتِعْلاَ ....

٨- ئەگەر خۆی زەنندەی هەبێ و هەمزەی گەیاندن (الوصل) لە پێشیەوە هاتبێت.

﴿ٱرۡجِعُوٓاْ إِلَىٰٓ أَبِيكُمۡ﴾[يوسف: ٨١]، ﴿ ٱلَّذِي ٱرۡتَضَىٰ﴾[النور:٥٥]،

﴿رَبِّ ٱرۡجِعُونِ﴾[المؤمنون:٩٩]،

ئیبنولجەزەری دەڵێت:

.... أَوْ كَانَتِ الكَسْرَةُ لَيْسَتْ أَصْلاَ.

دووەم: پیتی (ر) لە باری بچووکی (مرقّق)یدا:[١٤٠]

١- ئەگەر خۆی ژێری هەبیٚ. وەك: ﴿فَضُرِب﴾، ﴿رِزْقًا﴾، ﴿وَفِي ٱلرِّقَابِ﴾

ئیبنولجەزەری دەڵێت:

وَرَقِّقِ الرَّاءَ إِذَا مَا كُسِرَتْ ....

٢- ئەگەر خۆی زەنندەی هەبیٚو پیتی پێشەوەی ژێری ڕەسەنی هەبیٚو لە یەك وشەدا بێت، لە دواشیەوە پیتێك لە پیتە بەرزەکان (الاستعلاء) نەبیٚ، وەکو:

﴿فِرْعَوْن﴾، ﴿ٱلْفِرْدَوْس﴾، ﴿شِرْعَة﴾، ﴿أَشِر﴾، ﴿فِيهَا صِرٌّ﴾، ﴿وَنُقِر﴾

ئیبنولجەزەری دەڵێت:

كَذَاكَ بَعْدَ الْكَسْرِ حَيْثُ سَكَنَتْ ....

٣- ئەگەر بە هۆی وەستانەوە زەنندەی هەبووو بە دوای پیتێکی زەنندەداریشدا هاتبوو جگە لە پیتە بەرزەکان (الاستعلاء)و پێش پیتە زەنندەدارەکەش ژێر هەبێت.

وەکو: ﴿ٱلسِّحْر﴾، ﴿ٱلذِّكْر﴾، ﴿حِجْر﴾

٤- ئەگەر خۆی بە هۆی وەستانەوە زەنندەی هەبێتو لە پاش (ي)یەکی زەنندەدارەوە هاتبێت، جا ئەو (ي)یە پیتی درێژکردنەوە (المدّ) بێت وەکو: ﴿بَصِير﴾، ﴿قَدِيرٌ﴾ یاخود پیتە ئاسانەکان (اللين) بێت، وەکو: ﴿ ٱلسَّيْر﴾، ﴿خَيْر﴾

٥- ئەگەر لە کۆتایی وشەیەکدا زەنندەی هەبوو، هەروەها پیتی پێشەوەی ژێری ڕەسەنی هەبوو، بە دوایدا لە وشەیەکی تردا پیتێکی بەرز (الاستعلاء) هاتبوو، ئەم دۆخەش سێجار لە قورئانی پیرۆزدا ڕوویداوە: ﴿وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ﴾ (لقمان: ١٨)

﴿فَٱصْبِرْ صَبْرًا جَمِيلاً﴾، (المعارج: ٥) ﴿أَنْ أَنذِرْ قَوْمَكَ﴾ (نوح: ١)

[١٤٠] بڕوانە : تيسير الرحمن ١٤٨-١٤٩.

٦- ئەگەر بە دوایدا پیتێکی لارکراوە (مُمال) هەبوو، ئەم دۆخەش لە قورئانی پیرۆزدا یەکجار ڕوویداوە، (لە ریوایەتی حفص)دا): ﴿وَقَالَ ٱرۡكَبُواْ فِيهَا بِسۡمِ ٱللَّهِ مَجۡرٜىٰهَا وَمُرۡسَىٰهَآۚ﴾ (هود: ٤١)

پێشەوا (الشاطبي) دەڵێت:

ولكِنَّهَا في وَقْفِهِمْ مَعْ غَيْرِهاَ تُرَقِّقُ بَعْدَ الْكَسْرِ أَوْ ما تَمَيَّلاَ.

سێیەم: پیتی (ر) لە نێوان هەردوو باری (تفخیم)و (ترقیق)دا: [141]

ئەمیش دوو دۆخی هەیە:

- بە گەورەیی و بە بچووکی دەخوێنرێتەوە، بەڵام بچووك باشترە، ئەمیش سیٚ جۆرە:

١- ئەگەر پیتی (ر) زەنندداربوو بە هۆی وەستانەوە، بە دوایدا پیتێکی یای سڕاوە (محذوف) هاتبوو، ئەمە لە سیٚ وشەدا ڕوویداوە:

﴿وَنُذُرِ﴾ کە لە سورەتی (القمر)دا شەش جار هاتووە.

﴿يَسْرِ﴾ یەك جار لە سورەتی (الفجر: ٤)دا هاتووە.

﴿أَسْرِ﴾ پێنج جار هاتووە، سیٚ جاریان پیتی (ف)ی لە پێشەوەیەو دوو جاریشیان پیتی (أن)، ئەمەش ناوی سورەتو ژمارەی ئایەتەکانیانە: (هود:٨١)، (الحجر:٦٥)، (الدخان: ٢٢)، (طه: ٧٧)، (الشعراء: ٥٢)

ئەوەی بە باریکی دەیخوێنێتەوە سەیری بنچینەی وشەکان دەکات، ئەویش پیتی (ي) سڕاوەیە، بۆیە وەستان وەکو گەیاندن لێدەکات. ئەو کەسەشی بە گەورەیی دەیخوێنێتەوە سەیری بنچینەی وشەکە ناکات، بە ڵکو بەپیتێکی زەنندداری کاتی (عارض) دادەنێت.

٢- ئەگەر خۆی زەنندەو پیتی پێشەوەیشی ژێری بنچینە بیٚو گەیشتبێت بە پیتێکی بەرز (الاستعلاء) بەمەرجێك ژێردار (مكسور) بێت. ئەم جۆرەش یەکجار لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە:

﴿فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَٱلطَّوْدِ ٱلْعَظِيمِ﴾ (الشعراء : ٦٣)

ئیبنولجەزەری دەڵێت:

وَالْخُلْفُ فِي فِرْقٍ لِكَسْرٍ يُوجَدُ ....

[141] بڕوانە: تيسير الرحمن ١٤٩-١٥٢.

٣- ئەگەر خۆی زەننەداربوو بەهۆی وەستانەوەو لە دوای پیتێکی زەننەداری بەرز (الاستعلاء) هاتبیٚ‌و ئەویش لە دوای پیتێکی ژێردارەوە هاتبیٚ. هەروەها ئەم جۆرەش یەکجار لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: ﴿وَأَسَلۡنَا لَهُۥ عَيۡنَ ٱلۡقِطۡرِۖ ﴾ (سبأ : ١٢)

جائەوەی گەورەی دەکات سەیری پیتە بەرزەکە (الاستعلاء) دەکات، ئەوەش بچووکی دەکاتەوە سەیری پیتە بەرزەکە ناکات، بەڵکو سەیری ژێری (کسرة) پێش پیتە بەرزەکە دەکات.

- به گەورەیی‌و بە بچووکی دەخوێنرێتەوە، بەڵام لە کاتی وەستاندا گەورەکردن باشترە:

ئەگەر بە هۆی وەستانەوە خۆی زەننەی هەبوو، بەڵام بە دوای پیتێکی زەننەداری بەرز (الاستعلاء)دا هاتبیٚ‌و ئەویش بەدوای پیتێکی ژێرداردا هاتبیٚ. ئەمەش تەنها لە یەك وشەدا ڕوویداوە: ﴿ٱدۡخُلُواْ مِصۡرَ﴾ (یونس: ٨٧، یوسف:٢١،٩٩، الزخرف:٥١)

(المتولي) دەڵێت:

واختيِرَ أَنْ يُوقَفَ مثلَ الوَصلِ في راء مصرَ القطرَ يَا ذَا الفَضلِ

پیتی (ل)

پیتی (ل) لەم بارانەی خوارەوەدا بە گەورەیی دەخوێنرێتەوە:

١- لامی وشەی پیرۆزی (الله) ئەگەر سەر یان بۆر لە پێشیەوە هاتبوو. وەك: ﴿ قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴾ (الإخلاص: ١) ، ﴿نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ ﴾ (الهمزة: ٦)

٢- لامی وشەی پیرۆزی (الله) ئەگەر لە سەرەتاوە هاتبوو. چونکە هەمزەی (وصل) لە سەرەتاوە سەری دەبێت. وەك: ﴿ ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ...﴾ (البقرة ٢٥٧)

ئیبنولجەزەری دەڵێت :

وفَخِّمِ اللاَّمَ من اسْمِ الله عن فتْحٍ أو ضَمّ كَعَبْدُ الله.

لەم بارانەی خوارەوەشدا بە بچووکی دەخوێنرێتەوە:

١- لامی وشەی پیرۆزی (الله) ئەگەر ژێری بنچینە یان کاتی (عارض)ی لە پێشەوە بوو، وەکو:

﴿مِنۡ عِندِ ٱللَّهِۚ ﴾ (الأنفال ١٠)، ﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ ﴾ (الزمر ٤٦)،﴿ قَوۡمًا ۙ ٱللَّهُ مُهۡلِكُهُمۡ ﴾ (الأعراف ١٦٤)

چونکە (قَوْماً اللّهُ) بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە: (قَوْمَنِ الله).[١٤٢]

٢- ئەگەر پیتێکی زەننەداری لە پێشەوە بوو، پێش پیتە زەنەدارەکە پیتێکی ژێردار هاتبوو. وەك: ﴿غَيۡرُ مُعۡجِزِي ٱللَّهِ﴾ (التوبة:٢) ﴿فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ﴾ (المائدة: ٥٤).

---

[١٤٢] بڕوانە: مذ كرة في التجويد: (١٠/٢).

پیتی ئەلیف

پیتی ئەلیف بە گەورەکردن (التفخیم)و بچووککردن (الترقیق) وەسف ناکرێت، بەڵکو پێش پیتی خۆی دەکەوێ لە کاتی خوێندنەوەدا.

خاوەنی (لآلیء البیان) دەڵێت:[١٤٣]

.... وتتبعُ ما قَبلَها الألِفْ   والعكس في الغنِّ أُلِفْ

واتە: ئەگەر لە پێشیەوە پیتێکی بەرز (الاستعلاء) هاتبوو ئەوا بە گەورەیی دەخوێنرێتەوە وەکو: ﴿طَاب﴾، ﴿ضَاقَتْ ﴾، ﴿صَابِرًا﴾، ﴿يُظَٰهِرُون﴾، ﴿يُقَٰتِلُون﴾، ﴿غَآئِبِين﴾، ﴿خَآئِبِين ﴾، هەروەها پیتی ئەلیف بە گەورەیی دەخوێنرێتەوە ئەگەر پیتی (ر) لە پێشیەوە هاتبوو: ﴿صِرَٰط﴾، ﴿وَرَآءِهِم﴾، لە وشەی پیرۆزی ﴿ٱللَّه﴾یشدا بەهەمان شێوەیە.

ئەگەر لە پێشیەوە پیتێکی نزم (الاستفال) هاتبوو، ئەوا بە بچووکی دەخوێنرێتەوە.
﴿ٱلْأَاخِر﴾، ﴿وَٱلْأَسْبَاط﴾، ﴿ٱلتَّٰٓئِبُون﴾، ﴿ثَانِيَ﴾، ﴿جَآءَ﴾، ﴿ٱلْحَٰمِدُون﴾، ﴿ٱلدَّار﴾، ﴿وَٱلذَّٰرِيَٰت﴾، ﴿ زَاهِقٌ ﴾، ﴿سَاق﴾، ﴿شَآءَ﴾، ﴿ٱلْعَٰلَمِين﴾، ﴿ٱلْفَآئِزُون﴾، ﴿ٱلْكَٰفِرُون﴾، ﴿ٱلَّتِي﴾، ﴿ٱلْمَال﴾، ﴿ ٱلنَّارِ ﴾، ﴿هَارٍ ﴾، ﴿وَٰحِدٍ﴾، ﴿إِلْيَاس﴾.

ئیبنولجەزەری بەم شێوەیە ئاماژەی پێکردووە:

....   وَحَاذِرَنْ تَفْخِيمَ لَفْظِ الأَلِفِ

---

[١٤٣] بڕوانە: لآلیء البیان في تجوید القرآن ل ٩٧.

بەشی شەشەم

تێهەڵکێشکردن (الإدغام)

تێهەڵکێشکردن بریتیە لە خوێندنەوەی دوو پیت بە پیتێکی (شدّة)دار لە کاتی دەربڕیندا.

تێهەڵکێشکردن دەکرێت بەدوو بەشی سەرەکی یەوە:

تێهەڵکێشی گەورە: تێهەڵکێشکردنی پیتێکی بزواو (متحرّك) لە پیتێکی بزواوی تردا، بە شێوەیەك کە ببنە پیتێکی (شدّة)دار.

هۆی ناونانی: چونکە کاری زۆری پێویستە، یەکەمیان: زەنندەدارکردنی پیتی جووڵاوی یەکەم، دووەمیش: تێهەڵکێشکردنی (الإدغام) لە پیتی دووەمدا.[144]

ئەم جۆرە تێهەڵکێشەش لە ڕیوایەتی (حفص)دا لە جۆری لێکچووەکان (المتماثلين)ەو لە شەش شوێنی قورئانی پیرۆزدا ڕوویداوە:

١- ﴿...فَنِعِمَّا هِيَ ﴾ (البقرة:٢٧١) لە بنچینەدا (فنعمَ مَا) بووە.

٢- ﴿نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓ ﴾ (النساء: ٥٨).

٣- ﴿قَالَ أَتُحَـٰٓجُّوٓنِّى﴾ (الأنعام: ٨٠) لە بنچینەدا (أتحاجِجُونَنِي) بووە.

٤- ﴿لَا تَأۡمَ۫نَّا﴾ (يوسف: ١١) لە بنچینەدا (تأمنُنَا) بووە.

٥- ﴿قَالَ مَا مَكَّنِّى﴾ (الكهف:٩٥) لە بنچینەدا (مكّنَنِي) بووە.

٦- ﴿ تَأۡمُرُوٓنِّىٓ ﴾ (الزمر : ٦٤) لە بنچینەدا (تأمرونَنِي) بووە.[145]

---

[144] تێهەڵکێشی گەورە (الإدغام الكبير) لە زۆربەی سەرچاوەکاندا بەو تێهەڵکێشە دەوترێ لە نێوان دوو پیتدا دەبێت کە هەردووکیان بزواون [پیتەکان یان لێکچوو (متماثلين)ن یان لێك نزیك (متقاربين)ن]، ئەم تێهەڵکێشە تایبەتە بە ڕیوایەتی (السوسي) لە (أبو عمرو البصري)ەوە، لە هەندێ شوێندا (حمزة)ش لە گەڵیدا بەشدارە ... بۆیە پێی دەوترێ گەورە (الكبير) لە بەر زۆر دووبارەبوونەوەی (لكثرة وروده) بە پێچەوانەی تێهەڵکێشی بچووك (الإدغام الصغير)ەوە کە کەمتر دووبارە دەبێتەوە. (د. دیاری أحمد)

[145] بڕوانە: حق التلاوة ل٢٤٠.

تێهەڵکێشی بچووك: بریتییە لە تێهەڵکێشکردنی پیتێکی زەنەدار لە گەڵ پیتێکی بزواودا بە شێوەیەك کە هەردووکیان پیتێکی (شدّة)دار لە ڕەگەزی پیتی دووەم دروستبکەن.

ئەویش سێ جۆری هەیە:

١- تێهەڵکێشی پیتە لێکچووەکان (إدغام المتماثلین).

٢- تێهەڵکێشی پیتە هاوڕەگەزەکان (إدغام المتجانسین).

٣- تێهەڵکێشی پیتە لەیەك نزیکەکان (إدغام المتقاربین).

١- تێهەڵکێشی پیتە لێکچووەکان (إدغام المتماثلین):

بریتییە لەو تێهەڵکێشەی لە نێوان دوو پیتی لێکچوو لە جێدەنگ و سیفەتدا ڕوودەدات، جا ئەو دوو پیتە لە یەك وشەدا یاخود لە دوو وشەدا کۆببنەوە.

ئەم تێهەڵکێشەش دەبێت بە دوو بەشەوە:

أ- مینگەدار، ئەویش تەنها لەپیتی (ن)و (م)دا:

- ﴿لَن نَّصۡبِرَ عَلَىٰ طَعَامٍ وَٰحِدٍ﴾ (البقرة ٦١)

- ﴿قَدۡ جَآءَتۡكُم مَّوۡعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمۡ﴾ (یونس ٥٧)

ب- بێ مینگە، ئەویش لەم پیتانەی خوارەوەدا:

- پیتی (ب) لە (ب)دا: ﴿ٱذۡهَب بِّكِتَٰبِي هَٰذَا﴾ (النمل: ٢٨) بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە: اِذهبِّکتابي.

- پیتی (ت) لە(ت)دا: ﴿فَمَا رَبِحَت تِّجَٰرَتُهُمۡ﴾ (البقرة:١٦) بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە: فَمَا رَبِحَتِّجرتُهُم.

- پیتی (د) لە (د)دا: ﴿وَقَد دَّخَلُواْ بِٱلۡكُفۡرِ﴾ (المائدة: ٦١)

- پیتی (ذ) لە (ذ)دا: ﴿وَذَا ٱلنُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَٰضِبٗا﴾ (الأنبیاء ٨٧)

- پیتی (ف) لە (ف)دا: ﴿فَلَا يُسۡرِف فِّي ٱلۡقَتۡلِ﴾ (الإسراء ٣٣)

- **پیتی (ك) له (ك)دا:** ﴿أَيۡنَمَا تَكُونُواْ يُدۡرِككُّمُ ٱلۡمَوۡتُ﴾ (النساء ٧٨)

- **پیتی (ل) له (ل)دا:** ﴿قُل لَّآ أَشۡهَدُۚ﴾ (الأنعام ١٩)

- **پیتی (و) له (و)دا:** ﴿حَتَّىٰ عَفَواْ وَّقَالُواْ قَدۡ مَسَّ﴾ (الأعراف: ٩٥)

بەڵام ئەگەر پیتی یەکەم پیتی درێژکردنەوە (المدّ) بوو تێهەڵکێش قەدەغەیە:

- ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾ (الرعد ٢٩)

- ﴿هُوَ ٱلَّذِي يُرِيكُمُ ٱلۡبَرۡقَ خَوۡفٗا وَطَمَعٗا﴾ (الرعد ١٢)

تێبینی: ئایەتی ﴿مَآ أَغۡنَىٰ عَنِّي مَالِيَهۡۜ ۝٢٨ هَلَكَ عَنِّي سُلۡطَٰنِيَهۡ﴾(الحاقة ٢٨، ٢٩)

له باری گەیاندن (الوصل)دا بە دوو شێوە دەخوێنرێتەوە:

- ✓ **ئاشکراکردن (الإظهار): ئەویش بەوەستان (سَکتة) لەسەر وشەی (مَالِيـهْ) پاشان خوێندنی (هلكَ) بێ ههناسهدان.**
- ✓ **تێهەڵکێشکردن (الإدغام): بەم شێوەیە (مَالِيـهَّلكَ)، بەڵام شێوەی یەکەم لە پێشترە.**[١٤٦]

---

[١٤٦] **بڕوانە: أحكام قراءة القرآن للحصري ل: ١٢٤-١٢٦، أحكام التجويد ل: ٤٠- ٤١.**

٢- تێهەڵکێشی پیتە هاوڕەگەزەکان (إدغام المتجانسين):

بریتییە لەو تێهەڵکێشەی لەنێوان دوو پیتی یەکگرتوو لەجێدەنگ و جیاواز لەسیفەتدا ڕوودەدات بەمەرجێك پیتی یەکەم زەنندەدارو دووەم بزواو بێت، ئەم جۆرەش لەحەوت شوێندا هەیەو بەسەر سێ جێدەنگدا دابەشدەبن:

أ- جێدەنگی (ط، ت، د): لە چوار شوێندا پێویستە:

- تێهەڵکێشکردنی ناتەواوی پیتی (ط)ی زەنندەدار لە(ت)دا:

﴿لَئِنۢ بَسَطتَ﴾ (المائدة ٢٨) واتە: بە (بسطـت) دەخوێنرێتەوە، چونکە هەردوو سیفەتی بەرزیی (الإستعلاء) و جووتکردن (الإطباق)ی پیتی (ط) ماوەتەوە.

- تێهەڵکێشکردنی تەواوی پیتی (ت)ی زەنندەدار لە (ط)دا:

﴿وَدَّت طَّآئِفَةٌ﴾ (آل عمران ٦٩) بە(ودطّائفة) دەخوێنرێتەوە.

- تێهەڵکێشکردنی تەواوی پیتی (ت)ی زەنندەدار لە (د)دا:

﴿ فَلَمَّآ أَثۡقَلَت دَّعَوَا ٱللَّهَ ﴾ (الأعراف ١٨٩)، بە(أَثقَلَدَّعوا) دەخوێنرێتەوە.

- تێهەڵکێشکردنی تەواوی پیتی (د)ی زەنندەدار لە(ت)دا:

﴿قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّ ﴾ (البقرة:٢٥٦) بە (قتّبيَّن) دەخوێنرێتەوە.

ب- جێدەنگی (ظ، ذ، ث): ئەمیش لەدوو شوێندا پێویستە:

- تێهەڵکێشکردنی پیتی (ذ)ی زەنندەدار لە(ظ)دا کەدووجار لەقورئاندا هاتووە:

﴿إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ﴾ (النساء:٦٤)، بە (إظّلموا) دەخوێنرێتەوە.

﴿وَلَن يَنفَعَكُمُ ٱلۡيَوۡمَ إِذ ظَّلَمۡتُمۡ أَنَّكُمۡ فِي ٱلۡعَذَابِ مُشۡتَرِكُونَ﴾ (الزخرف: ٣٩)

بە (إظّلمتُم) دەخوێنرێتەوە.

• تێهەڵکێشکردنی پیتی (ث)ی زەنەدار لە(ذ)دا:

﴿أَوۡ تَتۡرُكۡهُ يَلۡهَثۚ ذَّٰلِكَ ... ﴾ (الأعراف: ١٧٦) بە(يلهذّلك) دەخوێنرێتەوە.

ج- جێدەنگی (ب، م): ئەمیش لە یەك شوێندا پێویستە:

تێهەڵکێشکردنی پیتی (ب) لە(م)دا ﴿يَٰبُنَيَّ ٱرۡكَب مَّعَنَا﴾ (هود: ٤٢)[١٤٧] بە (اِركمَّعنا) دەخوێنرێتەوە.

ئیبنولجەزەری دەڵێت:

وَأَوَّلَيْ مِثْلٍ وَجِنْسٍ إِنْ سَكَنْ	أَدْغِمْ كَـ: قُل رَّبِّ وَ: بَل لاَّ، وَأَبِنْ
فِي يَوْمِ، مَعْ: قَالُواْ وَهُمْ	....

---

[١٤٧] بڕوانە: علم التجويد، د يحيى عبدالرزاق الغوثاني ل ١٢٨.

٣- تێهەڵكێشی پیتە لە یەك نزیكەكان (إدغام المتقاربين):

بریتییە لەو تێهەڵكێشەی لە نێوان دوو پیتی نزیكی یەك لەجێدەنگ‌و سیفەتدا ڕوودەدات، بەڵام دەبێت پیتی یەكەم زەنەدارو دووەم بزواو بێت، ئەم جۆرەش لە قورئانی پیرۆزدا لە نێوان دوو جێدەنگدا ڕوویداوە:

أ- پیتی (ل) و (ر):

﴿وَقُل رَّبِّ زِدۡنِي عِلۡمٗا﴾ (طه ١١٤) ، ﴿ بَل رَّفَعَهُ ٱللَّهُ إِلَيۡهِۚ ﴾ (النساء ١٥٨)

ب- پیتی(ق)و (ك):

﴿أَلَمۡ نَخۡلُقكُّم مِّن مَّآءٖ مَّهِينٖ﴾ (المرسلات ٢٠)

تێبینی:

١- سەبارەت بە خوێندنەوەی وشەی ﴿نَخۡلُقكُّم﴾ لە ریوایەتی (حفص)دا بە دوو شێوە دەخوێنرێتەوە:

* تێهەڵكێشكردنی تەواو: تێهەڵكێشی تەواوی پیتی (ق) لە پیتی (ك)دا، واتە: بە (ألم نَخلُكُّم) دەخوێنرێتەوە.

* تێهەڵكێشكردنی ناتەواو: واتە هێشتنەوەی سیفەتی بەرزیی (الاستعلاء)ی پیتی (ق). بەڵام تێهەڵكێشكردنی تەواو لە پێشترە.[١٤٨]

بۆیە ئیبنولجەزەری وتوویەتی:

.... وَالخُلْفُ بِنَخْلُقْكُمْ وَقَعْ.

٢- لە ئایەتی ﴿ كَلَّاۖ بَلۡۜ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم﴾ (المطففين:١٤) تێهەڵكێش ڕوونادات، چونكە ئەركە بۆمان لە سەر وشەی (بَلْ) بوەستین. واتە (سكت) بكەین.

---

[١٤٨] بڕوانە: علم التجويد، د يحيى عبدالرزاق الغوثاني ل ١٢٨.

لامی ناساندن (لام التعريف)[149]

لامی ناساندن: لامێکی زەننەداری زیادەیە هەمزەیەکی (وصل)ی سەر (فتحة)دار پێشی دەکەوێت و ناوێکیش بە دوایدا دێت. دوو جۆری هەیە:

یەکەم: (الزائدة اللازمة): ئەو لامەیە کە هەمیشە لکاوە بە سەرەتای وشەکەوەو لێی جیانابێتەوە. وەك: ﴿ٱلَّتِى﴾، ﴿ٱللهِ﴾، ﴿ ٱلَّتِى﴾، ﴿ ٱلَّذِى﴾، ﴿ ٱلَّذِين﴾، ﴿ ٱلَّذَان﴾، ﴿ٱلَّـٰٓـِٔى﴾، ﴿ ٱلْـَٔـٰنَ﴾، ﴿ وَٱلْيَسَعَ﴾

حوکمەکەی: ئەگەر بە دوایدا لام هاتبوو پێویستە تێهەڵکێش بکرێت وەك حەوت نموونەی سەرەتا، ئەگەر بە دوایشیدا پیتێکی تر هاتبوو-جگە لەلام پێویستە ئاشکرابکرێت وەك دوو نموونەی کۆتایی.

دووەم: (الزائدة غير اللازمة): ئەو لامەیە کە لکاوە بەسەرەتای وشەکەوەو دەکرێت لێی جیابێتەوە.

ئەمیش دوو جۆری هەیە:

---

[149] بڕوانە: أحكام قراءة القرآن ١٩٩-٢٠٣، تيسير الرحمن ل١٩٥-١٩٨

یەکەم: لامی (قَمَري)

ئەو لامە زەنندارەیە لە پێش یەکێك لە چواردە پیتە (قمري)ەکانەوە دێتو دەنووسرێتو ئاشکرا دەکرێت. پیتە (قمري)ەکانیش ئەمانەن: (أ، ب، غ، ح، ج، ك، و، خ، ف، ع ، ق، ي، م، ه).

خاوەنی (التحفة) لە بارەیانەوە دەڵێت:

لِلاَمِ أَلْ حَالاَنِ قَبْلَ الأَحْـرُفِ　　أُولاَهُمَا إِظْهَارُهَا فَلْتَـعْرِفِ
قَبْلَ ارْبَعٍ مَع عَشْرَةٍ خُذْ عِلْمَهُ　　مِنِ(ابْغِ حَجَّكَ وَخَفْ عَقِيمَهُ)

نموونە:

پیتەکان	نموونە	پیتەکان	نموونە
ء	﴿ٱلْأَرْض﴾	ف	﴿ٱلْفَتَّاح﴾
ب	﴿ٱلْبَارِئ﴾	ق	﴿ٱلْقُدُّوس﴾
ج	﴿ذُو ٱلْجَلَٰلِ﴾	ك	﴿ٱلْكَبِير﴾
ح	﴿ٱلْحَكِيم﴾	م	﴿ٱلْمُصَوِّرُ﴾
خ	﴿ٱلْخَٰلِق﴾	ه	﴿ٱلْهُدَىٰ﴾
ع	﴿ٱلْعَزِيز﴾	و	﴿ٱلْوَهَّاب﴾
غ	﴿ٱلْغَفَّر﴾	ي	﴿ٱلْيَمِين﴾

نیشانەی لە (مصحف)دا: دانانی زەننە (سەرە پیتی ح) لە سەر پیتی لامەکە.

دووەم: لامی (شَمسي)

ئەو لامە زەنگەدارەیە لەپێش یەکێك لە چواردە پیتە (شمسي)ەکانەوە دێتو دەنووسرێتو ناخوێنرێتەوە، بەڵکو تێهەڵکێش دەکرێت لە پیتە (شمسي)ەکەدا بە بێ مینگە تەنها پیتی (ن) نەبێت مینگەی هەیە. پیتە (شمسي)ەکانیش ئەمانەن: (ط، ث، ص، ر، ت، ض، ذ، ن، د، س، ظ، ز، ش، ل)

خاوەنی (التحفة) لە یەکەم پیتی وشەکانی دێڕی دووەمی ئەم شیعرەدا کۆیکردوونەتەوە:

ثانِيهِمَا إِدْغَامُهَا فِي أَرْبَـــــــــع	وَعَشْرَةٍ أَيْضًا ورَمْزَهَا فَـــع
طِبْ ثُمَّ صِلْ رَحْمَاً تَفُزْ ضِفْ ذَا نِعَم	دَعْ سُوءَ ظَنٍ زُرْ شَرِيفَاً لِلْكَـرَم
وَاللَّامَ الاُولَى سَمِّهَا قَمْرِيَّـــــــهْ	وَاللَّامَ الاُخْرَى سَمِّهَا شَمْسِــيَّهْ

نموونە:

پیتەکان	نموونە	پیتەکان	نموونە
ت	﴿ٱلتَّوَّاب﴾	ش	﴿ٱلشُّهَدَآء﴾
ث	﴿ٱلثَّوَاب﴾	ص	﴿ٱلصَّلَوٰة﴾
د	﴿ٱلدُّنۡيَا﴾	ض	﴿ٱلضَّآلِّين﴾
ذ	﴿ٱلرَّحِيم﴾	ط	﴿ٱلطَّلَٰق﴾
ر	﴿ٱلرَّقِيب﴾	ظ	﴿ٱلظَّٰلِمُون﴾
ز	﴿ٱلزَّكَوٰة﴾	ل	﴿ٱلَّيۡل﴾
س	﴿ٱلسَّلَٰم﴾	ن	﴿ٱلنَّار﴾

نیشانەی لە (مصحف)دا: دانانی (شدة) لە سەر پیتی دوای لامەکە.

بەشی حەوتەم

یاساکانی نونی زەننەدارو (تنوین)

نونی زەننەدار (ساکن): نونێکی زەننەدارە لە ناو (اسم)و کردار (فعل)و پیت (حرف)دا، لە هەردوو دۆخی وەستانو گەیاندندا، لە کۆتاییو ناوەڕاستی وشەدا بە دیدەکرێتو دەنوسرێتو دەخوێنرێتەوە.

(التنوين): نونێکی زەننەدارەو لە کۆتایی ناو (اسم)دایە، نانوسرێتو تەنها لە بە یەکگەیشتنی دوو وشەدا دەخوێنرێتەوە، نیشانەی دوو سەر یاخود دوو ژێر یاخود دوو بۆری بۆ دادەنرێت.

لە کاتی بە یەکگەیشتنی نونی زەننەدار یاخود (تنوين) بە یەکێك لە پیتەکانی زمانی عەرەبی چوار دۆخو بار دروستدەبێت، کە ئەمانەن:

١- ئاشکراکردن (الإظهار).
٢- تێهەڵکێشکردن (الإدغام).
٣- هەڵگەڕاندنەوە (القلب).
٤- شاردنەوە (الإخفاء).

ئیبنولجەزەری لە پێشەکیەکەیدا بەم شێوەیە باسی کردوون:

وَحُـــكْمُ تَنْوِيْنٍ وَنُونٍ يُلْفَـــى   إِظْهَارٌ ادْغَامٌ وَقَلْبٌ اخْـــــــفَا
فَعِنْدَ حَرْفِ الحَلْقِ أَظْهِرْ وَادَّغِمْ   فِي اللاَّمِ وَالرَّا لاَ بِغُنَّةٍ لَـــــــزِمْ
وَأَدْغِمَنْ بِغُنَّةٍ فِي يُومِـــــــنُ   إِلاَّ بِكِلْمَةٍ كَدُنْيَا عَنْوَنُـــــــوا
وَالقَلْبُ عِنْدَ البَا بِغُنَّةٍ كَـــــذَا   لاخْـفَا لَدَى بَاقِي الحُرُوفِ أُخِذَا

یەکەم: ئاشکراکردنی گەروویی (الإظهار الحلقي).

ئاشکراکردن و دەرخستنی نونی ساکن یاخود (تنوین) لە جێدەنگی خۆیەوە بێ ئەوەی مینگە (غنّة)ی لە گەڵدا بێت، یاخود لە سەری بوەستێن. ئەم ئاشکراکردنەش لە کاتێکدایە نونی زەننەدار یاخود تەنوین لە گەڵ شەش پیت لە پیتەکانی زمانی عەرەبی بەیەك بگەن.

پیتەکانی: ئەو شەش پیتانە پێیان دەگوترێ پیتەکانی ئاشکراکردن (الإظهار) یاخود پیتەکانی گەروو (الحلق) کە بریتین لە: (ء، ه، ع، ح، غ، خ) کە لەسەرەتای ئەم وشانەدا کۆکراونەتەوە: أخي هَاك عِلماً حَازه غيرُ خاسِر.

ئاشکراکردنی نونی زەننەدار (ساکن) لە یەك وشەداو لە دوو وشەدا ڕوودەدات، بەڵام ئاشکراکردنی (تنوین) لە دوو وشەدا نەبێت ڕوونادات.

پلەکانی ئاشکراکردن:

*(ء، هـ)، ئاشکراکردنی نون یاخود (تنوین) لە گەڵ ئەم دوو پیتەدا ڕوونترە، چونکە دوورترین پیتەکانی گەرووە لە جێدەنگی نونەوە.

**(ع، ح)، ئاشکراکردنی نون یاخود (تنوین) لە گەڵ ئەم دوو پیتەدا مامناوەندە، چونکە دەکەونە ناوەڕاستی گەرووەوە.

***(غ، خ)، ئاشکراکردنی نون یاخود (تنوین) لە گەڵ ئەم دوو پیتەدا لەوانیتر کەمترە، چونکە نزیکترین پیتەکانی گەروون لە جێدەنگی نونەوە.[١٥٠]

---

[١٥٠] أحكام قراءة القرآن الكريم للحصري ل ١٧١.

نموونە:

ژمارە	پیت	لەگەڵ نونی زەننەدار لەیەك وشەدا	لەدوو وشەدا	لەگەڵ (تنوین)دا
١	الهمزة	﴿يَنۡـَٔوۡنَ﴾	﴿مَنۡ ءَامَنَ﴾	﴿عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾
٢	الهاء	﴿يَنۡهَوۡنَ﴾	﴿إِنۡ هَٰذَآ﴾	﴿سَلَٰمٌ هِيَ﴾
٣	العين	﴿ٱلۡأَنۡعَٰمِ﴾	﴿مَّنۡ عَمِلَ﴾	﴿أَجۡرٌ عَظِيمٌ﴾
٤	الحاء	﴿تَنۡحِتُونَ﴾	﴿مِنۡ حَكِيمٍ﴾	﴿غَفُورٌ حَلِيمٌ﴾
٥	الغين	﴿فَسَيُنۡغِضُونَ﴾	﴿مِّنۡ غِلٍّ﴾	﴿لَعَفُوٌّ غَفُورٌ﴾
٦	الخاء	﴿وَٱلۡمُنۡخَنِقَةُ﴾	﴿مِّنۡ خَرۡدَلٍ﴾	﴿لَطِيفٌ خَبِيرٌ﴾

تێبینی: بۆ ناسینەوەی نونی زەننەدار لە دۆخی ئاشکراکردندا لە قورئانی پیرۆزدا زانایان سەری پیتی (ح)یان بە بچووکی لە سەر نونەکە داناوە، وەك: ﴿أَنۡعَمۡتَ﴾ بۆ (تنوین)یش لە هەمان باردا نیشانەی ـٌ ـً ـٍ یان داناوە.

دووەم: تێهەڵکێشکردن (الإدغام).

بریتیە لە بەیەکگەیشتنی نونی زەنندار یاخود (تنوین) لە گەڵ شەش پیتی زمانی عەرەبی. پیتەکانی: (ي، ر، م، ل، و، ن)* لە وشەی (یرمُلون)دا کۆکراونەتەوە[151].

بەشەکانی تێهەڵکێشکردن دووجۆرە:

١- تێهەڵکێشکردنی مینگەدار (إدغامٌ بغنّة)

بریتی یە لە بەیەکگەیشتنی نونی زەنندار یاخود (تنوین) لە گەڵ (چوار) لەو شەش پیتە کە بریتین لە پیتەکانی وشەی (یَنمُو) یان (یُوْمِن). ئەمیش دەکرێت بەدوو بەشەوە:

أ- تێهەڵکێشی تەواوی مینگەدار (إدغامٌ كاملٌ بغنّة):

پیتەکانی: دوو پیتی هەیە (ن، م). بۆیە پێی گوتراوە تەواو چونکە پیتی یەکەم (نونی زەنندار یاخود تنوین) بە تەواوی – بە پیتو سیفەتی مینگە – تێهەڵکێشی پیتی دووەم بووە.

نیشانەی لە (مصحف)دا: نیشانەی (شدّة)ی لە سەر پیتی دووەم بۆ دانراوە.

نموونە:

هاتنی نون بەدوای نونی زەننەداردا: ﴿مِّن نَّذِيرٍ﴾

هاتنی میم بەدوای نونی زەننەداردا: ﴿مِّن مَّسَدٍ﴾

هاتنی نون بەدوای (تنوین)دا: ﴿يَوْمَئِذٍ نَّاعِمَةٌ﴾

هاتنی میم بەدوای (تنوین)دا: ﴿صُحُفًا مُّطَهَّرَةً﴾

---

* (یرمُلون) واتە: پەلە دەکەن، بە(یرمَلون)ەش دەخوێنرێتەوە.

[151] إعانة المستفيد بضبط متني التحفة والجزرية في علم التجويد.

ب- تێهەڵکێشی ناتەواوی مینگەدار (الإدغامُ الناقص بغنّة)

ئەمیش دوو پیتی هەیە: (و، ي)، بەڵام لێرەدا نونی زەنندەدار یاخود (تنوین)ەکە بە تەواوی تێهەڵکێشی پیتی دووەم نەبووە، چونکە سیفەتی مینگەکەی ماوەتەوە، هەر بۆیە پێی وتراوە ناتەواو.[152]

نموونە:

هاتنی واو بە دوای نونی زەنندەداردا: ﴿مِن وَالٍ﴾

هاتنی (ي) بە دوای نونی زەنندەداردا: ﴿مَن يُؤْمِنُ﴾

هاتنی واو بە دوای (تنوین)دا: ﴿رَحِيمٌ وَدُودٌ﴾

هاتنی (ي) بە دوای (تنوین)دا: ﴿خَيْرًا يَرَهُۥ﴾

نیشانەی لە (مصحف)دا: نیشانەی (شدّة)ی بۆ دانەنراوە.

٢- تێهەڵکێشی بێ مینگە (إدغامٌ بلا غنّة)

بریتییە لە بەیەکگەیشتنی نونی زەنندەدار یاخود (تنوین) لە گەڵ دوو پیتەکەی تردا کە (ل، ر) یە. لێرەدا مینگە دروستنابێت، چونکە هیچ سیفەتێکی نونەکە نامێنێ.

نموونە:

هاتنی (لام) بە دوای نونی زەنندەداردا: ﴿فَإِن لَّمْ﴾، ﴿وَلَٰكِن لَّا يَشْعُرُونَ﴾

هاتنی (را) بە دوای نونی زەنندەداردا: ﴿وَمِن رِّبَاطِ﴾، ﴿مِن رَّبِّكَ﴾

هاتنی (لام) بە دوای (تنوین)دا: ﴿فَسَلَٰمٌ لَّكَ﴾، ﴿هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ﴾

هاتنی (را) بە دوای (تنوین)دا: ﴿أَخْذَةً رَّابِيَةً﴾، ﴿ثَمَرَةٍ رِّزْقًا﴾

---

[152] بڕوانە: السهل المفيد في أحكام التجويد: إبراهيم أحمد ل ٢٦.

چەند تێبینیەك:[١٥٣]

١- تێهەڵكێشكردن لە دوو وشەدا ڕوو دەدات، بەڵام ئەگەر لە یەك وشەدا بوو دەبێت ئاشكرا (الإظهار) بكرێتو پێی دەگوترێت ئاشكراكردنی ڕەها (الإظهارُ المطلق)و لە قوڕئاندا لە چوار وشەدا ڕوویداوە: (الدّنْيا، صِنْوان، قِنْوان، بُنْيان).

٢- لە دوو جێگەی قوڕئانی پیرۆزدا تێهەڵكێش ڕوونادات، بەڵكو نونە زەنگەدارەكە ئاشكرا دەكرێت:

﴿يسٓ ۝١ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡحَكِيمِ﴾ (يس ١-٢)

﴿نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ﴾ (القلم ١)

٣- لە وشەی ﴿طسٓمٓ﴾ ی سوڕەتی (الشعراء)و (القصص) تێهەڵكێشكردنی نونی زەنگەدار لەپیتی میمدا پێویستە.

٤- لە ئایەتی: ﴿وَقِيلَ مَنۡۜ رَاقٖ﴾ (القيامة: ٢٧)، تێهەڵكێش ڕوونادات، چونكە پێویستە لە سەر وشەی (مَنْ) بوەستین.

٥- لە باری وەستان (وقف) لە سەر نونی زەنگەدار پێویست (واجب)ە نونەكە ئاشكرا بكرێت.

[١٥٣] بڕوانە: أحكام قراءة القرآن للحصري ل ١٧٤- ١٧٦، هداية القاري للمرصفي ل ١٦٥-١٦٦.

سێیەم: هەڵگەڕاندنەوە (القَلب).[154]

بریتیە لە هەڵگەڕاندنەوەی نونی زەننەدار یا (تنوین) بە میمێکی شاراوە بە مینگەوە، لە کاتی گەیشتنی بە پیتی (ب)دا. ئەوەش بە سێ هەنگاو دەبێت:

١- هەڵگەڕاندنەوەی نونی زەننەدار یان (تنوین) بۆ میمێکی تەواو.

٢- شاردنەوەی میمەکە لە بەرگەیشتنی بە پیتی (ب)، هاوکات لە گەڵ داخستنی هەردوو لێو بە هێواشی و بێفشار بۆ ئەوەی نەبێتە میمێکی (شدّة)دار.

٣- دەرخستنی مینگە بە ئەندازەی دوو (حركة)، پاشان داخستنی لێو بە تەواوی (بە بێ فشار) بۆ دەربڕینی پیتی (ب).

شێوەی دوو لێو لە کاتی دەربڕینی نونی هەڵگەڕاوە بە میم

ئیبنولجەزەری دەڵێت:

وَالقَلْبُ عِنْدَ البَا بِغُنَّةٍ كَذَا   لِاخْفَا لَدَى بَاقِي الحُرُوفِ أُخِذَا.

[154] بەکارهێنانی دەستەواژەی (إقلاب) هەڵەیە، چونکە (إفعال) تەنها لە (أَفعَل) وەردەگیرێت، کەواتە لەبەر بەکارنەهێنانی (أَقلَب) نابێت (إقلاب) بەکاربهێنرێت. بڕوانە: أحكام قراءة القرآن للحصري ل ١٧٩.

تێبینی:

هەڵگەڕاندنەوە (القلب) لە یەك وشەو لە دوو وشەدا ڕوو دەدات.

نیشانەی لە (مصحف)دا: بۆ دۆخی هەڵگەڕاندنەوەی (قلب) نونی زەننەدار میمێکی بچووکی لە سەر دانراوە، بۆ (تنوین)یش: جووڵە (حرکة)یەکی لابراوەو بە دوایدا میمێکی بچووك دانراوە.

نموونە:

- ﴿وَمَا تَفَرَّقَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَـٰبَ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَةُ ﴾ (البيّنة: ٤)
- ﴿لَئِن كَلَّا لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعًۢا بِٱلنَّاصِيَةِ﴾ (العلق: ١٥)

چوارەم: شاردنەوەی ڕاستەقینەیی (الإخفاء الحقيقي).

بریتیە لە دەربڕینی نونی زەننەدار یاخود (تنوین) لە گەڵ (١٥) پیت لە پیتەکانی زمانی عەرەبیدا، بە شێوەیەك نە ئاشکراکردنی تەواوو نە تێهەڵکێشکردنی تەواو دەبێت، لە گەڵ هێشتنەوەی مینگە (غُنَّة) بە ئەندازەی دوو جووڵە (حركة) بۆ پیتە شاراوەکە.

بە (الإخفاء الحقيقي) ناودەبرێت بۆ جیاکردنەوەی لە شاردنەوەی لێوی (گەشتنی نونی زەننەدار بەپیتی ب).

پیتەکانی: (ث، ج، ذ، ز، س، ص، ض، ظ، ف، ش، ط، د، ت، ق، ك).

(الجمزوري) دەڵێت:

فـي خَـمْسَةٍ مِنْ بَعْدِ عَشْرٍ رَمْـــــزهَا   فِي كِلْـمِ هذَا البْيَتِ قَدْ ضَـــمَّنْتُهَا

صِفْ ذَا ثَنَا كَمْ جَادَ شَخْصٌ قَدْ سَمَا   دُمْ طَيِّبًا زِدْ فِي تُقًى ضَـعْ ظَالِمَـا

چۆنێتی شاردنەوە (الإخفاء):

١- ئامادەکردنی دەم بۆ جێدەنگی پیتی دواتر، واتە: دەبێت مینگە بۆنی پیتی پاش خۆی لێبێت.[155]

٢- دەرکردنی مینگەیەکی تەواو لەکەپووەوە.

٣- لە گەڵ دەرچوونی دەنگێکی سووك لە دەمەوە ئەویش بە هۆی دانەخستنی جێدەنگی نون لە گەڵ پیتەکانی شاردنەوە (الإخفاء)دا جگە لە پیتی (ق)و (ك) کە جێدەنگ لە گەڵیاندا بە تەواوی دادەخرێت.[156]

---

[155] **بڕوانە: تيسير الرحمن ل ١٨٣.**

[156] **التجويدالمصور: (٣٠١/١).**

تێبینی:

١- ئەگەر پیتەکانی شاردنەوە (الإخفاء) لە پیتە بەرزەکان (الاستعلاء) واتە: (ص، ض، ط، ظ، ق) بوو پێویستە مینگەی شاردنەوەکە گەورە بکرێت. ئەگەر لە پیتە نزمەکان (الاستفال) بوو، پێویستە مینگەکە بچووك بکرێتەوە.

خاوەنی (السلسبیل الشافي) دەڵێت:

وفَخِّمِ الغُنَّة إنْ تَلاها   حُرُوفُ الاِستِعلاءِ لا سِواها.

٢- لە (مصحف)دا بۆ نونی زەننەدار لە دۆخی شاردنەوە (الإخفاء)دا هیچ جووڵەیەکی (حرکة) بۆ دانەنراوە، بۆ (تنوین)یش هەردوو (حرکة)کە بە شوێن یەکدا دانراون.

پلەکانی شاردنەوە:[157]

١- بەهێزترین: لە گەڵ پیتەکانی (ط، د، ت) لە بەر نزیکیی جێدەنگیان لە جێدەنگی پیتی نونەوە، واتە: جێدەنگی نون‌و (تنوین) تا نزیکتربن لە جێدەنگی پیتەکانی شاردنەوە (الإخفاء)ەوە زیاتر دەشاردرێنەوە، ئەویش بە کەمێك دوورخستنەوەی زمان لە جێدەنگی نون و پشتبەستنی تەواو بە جێدەنگی کەپوو (الخیشوم) بۆ زیاتر ئاشکراکردنی مینگەکەیان.

٢- لاوازترین: لە گەڵ هەردوو پیتی (ق، ك)دا، لە بەر دووری جێدەنگیان لە جێدەنگی پیتی نونەوە، واتە: پلەی ئاشکراکردنی مینگەکانیان کەمترە.

٣- مامناوەند: لە گەڵ (١٠) پیتەکەی تردا، چونکە جێدەنگیان نە زۆر دوورو نە زۆریش نزیکە لە پیتی نونەوە.

جیاوازی نێوان تێهەڵکێش (الإدغام) و شاردنەوە (الإخفاء):

١- لە شاردنەوەدا (شدة) نییە، بەڵام لە تێهەڵکێشی تەواودا (شدة) هەیە، هەر بۆیە مینگە لە تێهەڵکێشی تەواودا کامڵترە لە مینگە لە شاردنەوەدا.

٢- شاردنەوە لە لای پیتەکەدایە، تێهەڵکێشیش لە پیتەکەدایە، دەڵێیت: پیتی نونم لە لامدا تێهەڵکێشکرد نەك لە لای لامدا، هەروەها دەڵێیت: نونم لە لای پیتی دالدا تێهەڵکێش کرد نەك لە دالدا.

٣- شاردنەوە لە یەك وشەو ل ەدوو وشەدا ڕوودەدات، بەڵام تێهەڵکێش تەنها لە دوو وشەدا ڕوو دەدات.

٤- شاردنەوە هەمیشە بە مینگەوەیە، بەڵام تێهەڵکێش بە مینگەو بە بێ مینگەش هەیە.[158]

---

[157] **بڕوانە: الروضة النديّة شرح متن الجزرية ل٢٤، تيسير الرحمن ل ١٨٤، هداية القاري ل: ١٧٣، المنير ل: ١٠٠- ١٠١.**

[158] **أحكام قراءة القرآن ل: ١٨٨، تيسير الرحمن ل: ١٨٣.**

نموونە:

پیتەکان	لەیەک وشەدا	لەدوو وشەدا	پاش تنوین
ت	﴿أَنتُم﴾	﴿مِن تَحۡتِهَا﴾	﴿وَفَرِيقًا تَقۡتُلُونَ﴾
ث	﴿مَّنثُورًا﴾	﴿مِن ثَمَرَةٍ﴾	﴿جَمِيعًا ثُمَّ﴾
ج	﴿أَنجَيۡنَٰكُم﴾	﴿مَن جَآءَكَ﴾	﴿فَصَبۡرٞ جَمِيلٞ﴾
د	﴿أَندَادًا﴾	﴿مِّن دِيَٰرِكُمۡ﴾	﴿قِنۡوَانٞ دَانِيَةٞ﴾
ذ	﴿مُنذِرِينَ﴾	﴿مِّن ذُنُوبِكُم﴾	﴿وَطَعَامًا ذَا غُصَّةٖ﴾
ز	﴿أَنزَلَ﴾	﴿مَن زَكَّىٰهَا﴾	﴿يَوۡمَئِذٖ زُرۡقٗا﴾
س	﴿يَنسِلُونَ﴾	﴿وَلَئِن سَأَلۡتَهُم﴾	﴿عَٰبِدَٰتٖ سَٰٓئِحَٰتٖ﴾
ش	﴿أَنشَأۡتُم﴾	﴿فَمَن شَآءَ﴾	﴿نَفۡسٖ شَيۡـٔٗا﴾
ص	﴿يُنصَرُونَ﴾	﴿مِن صَلۡصَٰلٖ﴾	﴿رِيحٗا صَرۡصَرٗا﴾
ض	﴿مَّنضُودٖ﴾	﴿لَمَن ضَرُّهُۥٓ﴾	﴿وَكُلّٗا ضَرَبۡنَا﴾
ط	﴿ٱنطَلِقُوٓاْ﴾	﴿مِن طِينٖ﴾	﴿حَلَٰلٗا طَيِّبٗا﴾
ظ	﴿يَنظُرُونَ﴾	﴿إِن ظَنَّآ﴾	﴿ظِلّٗا ظَلِيلًا﴾
ف	﴿أَنفُسَكُم﴾	﴿مِّن فَوۡقِهِمۡ﴾	﴿خِزۡيٞ فِي﴾
ق	﴿يَنقَلِبُونَ﴾	﴿مِن قَبۡلِكَ﴾	﴿عَلِيمٞ قَدِيرٞ﴾
ك	﴿مِّنكُم﴾	﴿إِن كَانَتۡ﴾	﴿فَفَرِيقٗا كَذَّبۡتُمۡ﴾

بەشی هەشتەم
یاساکانی میمی زەنندەار (ساکن)

میمی زەنندەار لە گەڵ پیتەکانی زمانی عەرەبیدا سێ دۆخی هەیە:

(الجمزوري) لە (التحفة)دا دەڵێت:

أحكامُهَا ثلاثةٌ لمنْ ضَبَطْ   إخفاءٌ ادغامٌ وإظهارٌ فَقَطْ.

یەکەم: شاردنەوەی لێوی (الإخفاء الشفوي).

بریتییە لە شاردنەوەی میمی زەنندەار لە کاتی گەشتنی بە پیتی (ب) لەگەڵ مانەوەی مینگە. ئەویش بە داخستنی هەردوو لێو بە هێواشی، پێی دەوترێ شاردنەوەی لێوی لە بەرئەوەی هەردوو پیتی (م، ب) لە لێوەوە دەردەچن.

(الجمزوري) دەڵێت:

فَالأَوَّلُ الإِخْفَاءُ عِنْدَ الْبَاءِ   وَسَمِّهِ الشَّفْوِيَّ لِلْقُرَّاءِ

بۆ چونێکی تریش هە یە میمی زەنندەار ئا شکرا دەکات لە کاتی گە شتنی بە پیتی (ب)دا، بەڵام شاردنەوەی بەهێزترە لە سەر ڕای زۆربەی هەرە زۆری زانایان.

ئیبنولجەزەری دەڵێت:

.... وَأَخْفِيَـنْ

الْمِيْمَ إِنْ تَسْكُنْ بِغُنَّةٍ لَـدَى   بَاءٍ عَلَى المُخْتَارِ مِنْ أَهْلِ الأدَا.[159]

تێبینی: لە (مصحف)دا میمی زەنندەاری شاراوە نیشانەی زەننە (سکون)ی بۆ دانەنراوە. بۆ نموونە:

﴿سَلۡهُمۡ أَيُّهُم بِذَٰلِكَ زَعِيمٌ﴾ (القلم: ٤٠)

﴿فَإِذَا هُم بِٱلسَّاهِرَةِ﴾ (النازعات: ١٤)

[159] بڕوانە: أحكام قراءة القرآن ل: ١٩٠.

جیاوازی نێوان هەڵگەڕاندنەوەو (القلب) شاردنەوەی لێوی (الإخفاء الشفوي):

لە جێدەنگو دەربڕینیدا وەك یەکن و لەم خاڵانەی خوارەوەدا جیاوازن:

١- لە هەڵگەڕانەوەدا پیتی میم پیتێکی بنچینە (أصلي) نییە، بەڵکو هەڵگەڕاوەیە، بەڵام لە شاردنەوەی لێویدا ڕەسەنە.

٢- لە شاردنەوەی لێویدا زانایان دوو ڕایان هەیە، هەندێکیان دەڵێن: ئاشکرا دەکرێتو زۆربەشیان دەڵێن: لەگەڵ مینگەدا دەشارێتەوە، بەڵام هەڵگەڕاندنەوە یەکدەنگی زانایانی لە سەرە.

٣- شاردنەوەی لێوی لە دوو وشەدا ڕوودەدات، بەڵام هەڵگەڕاندنەوە لە یەك وشەو لە دوو وشەشدا ڕوو دەدات.[١٦٠]

جیاوازی نێوان شاردنەوەی ڕاستەقینەیی و (الإخفاء الحقیقي) شاردنەوەی لێوی (الإخفاء الشفوي):

١- لە شاردنەوەی ڕاستەقینەییدا نونی زەننەدار بە تەواوی لە ناو دەچێتو تەنها مینگەکەی دەمێنێتەوە، بەڵام لە شاردنەوەی لێویدا نونی زەننەدار بە تەواوی لە ناو ناچێت ئەویش لە بەر نزیکیی جێدەنگی لە جێدەنگی پیتی (ب)وە.

٢- زانایان لە شاردنەوەی ڕاستەقینەییدا یەکدەنگن، بەڵام لە شاردنەوەی لێویدا جیاوازن.[١٦١]

شێوەی دوو لێو لە کاتی دەربڕینی میمی شاراوەدا

---

[١٦٠] تیسیر الرحمن ل ١٨٩.

[١٦١] تیسیر الرحمن ل: ١٨٩.

دووەم: تێهەڵکێشکردنی لێوی (الإدغام الشفوي).

بریتییە لە تێهەڵکێشکردنی پیتی (م)ی زەنندار لە کاتی گەیشتنی بە میمێکی بزواودا، بە شێوەیەك کە هەردووکیان ببنە میمێکی (مشدّد)ی مینگەدار.

ئەم تێهەڵکێشەش ناتەواوە، چونکە سیفەتی پیتەکە کە مینگەیە دەمێنێتەوە، تێهەڵکێشی بچووك و لێکچوو (المتماثلین)یشی پێ دەوترێت. بچووکە چونکە پیتی یەکەمیان زەنندارە، لێکچووە چونکە هەردوو پیتەکە لە جێدەنگ و سیفەتدا یەکیان گرتووە. نموونە:

﴿ ٱلَّذِىٓ أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَءَامَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ﴾ (قریش ٤)

﴿ إِنَّهَا عَلَيْهِم مُّؤْصَدَةٌ﴾ (الهمزة ٨)

سێیەم: ئاشکراکردنی لێوی (الإظهار الشفوي).[١٦٢]

بریتییە لە ئاشکراکردنی میمی زەنندار لە کاتی گەیشتنی بە پیتەکانی تری زمانی عەرەبی جگە لە (م، ب)، بە تایبەت لە گەڵ هەردوو پیتی (ف، و)دا زۆر ئاشکراترە لە بەر جیاکردنەوەیان لە یەکتر، چونکە جێدەنگەکانیان لە یەکەوە نزیکە.

ئیبنولجەزەری دەڵێت:

وَأَظْهِرَنْهَا عِنْدَ بَاقِي الأَحْرُفِ   وَاحْذَرْ لَدَى وَاوٍ وَفَا أنْ تَخْتَفِي

پێیشی دەگوترێ لێوی (شفوي)، چونکە جێدەنگی پیتی میم هەردوو لێوە.

خاوەنی (التحفة) دەڵێت:

وَالثَّالِثُ الإِظْهَارُ فِي الْبَقِيَّهْ   مِنْ أَحْرُفٍ وَسَمِّهَا شَفْوِيَّهْ

سەرنج: لەم ئایەتەدا هەرسێ حوکمەکەی میمی زەنندار کۆ بووەتەوە:

﴿طَٰٓئِرُكُم قَالُواْ مَّعَكُمْۚ أَئِن ذُكِّرْتُمۚ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ﴾(یس:١٩)

---

[١٦٢] بڕوانە: تیسیر الرحمن ل ١٩١-١٩٢.

لەم ئایەتەشدا هەرسێ حوکمەکەی میمی زەنندار بە هەردوو پیتی (ف، و)یشەوە کۆ بونەتەوە:

﴿فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَـٰقَهُمْ وَكُفْرِهِم بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ وَقَتْلِهِمُ ٱلْأَنۢبِيَآءَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَقَوْلِهِمْ قُلُوبُنَا غُلْفٌۢ ۚ بَلْ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَيْهَا بِكُفْرِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُونَ إِلَّا قَلِيلًا ﴾ (النساء:١٥٥)

نموونە:

پیتەکان	لەیەک وشەدا	لەدوو وشەدا
الهمزة	﴿ٱلظَّمْـَٔانُ﴾	﴿عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ﴾
التاء	﴿أَمْتًا﴾	﴿أَمْ تَأْمُرُهُمْ أَحْلَـٰمُهُم﴾
الثاء	﴿أَمْثَـٰلُهُم﴾	﴿مَرْجِعُكُمْ ثُمَّ﴾
الجيم	□	﴿وَمَا جَعَلْنَـٰهُمْ جَسَدًا﴾
الحاء	﴿يَمْحَق﴾	﴿أَمْ حَسِبْتَ﴾
الخاء	□	﴿أَمْ خَلَقُوا۟﴾
الدال	﴿وَأَمْدَدْنَـٰهُم﴾	﴿عَلَيْهِمْ دَآئِرَةُ ٱلسَّوْءِ ۗ﴾
الذال	-	﴿وَٱتَّبَعَتْهُمْ ذُرِّيَّتُهُم﴾
الراء	﴿أَمْرًا ۗ﴾	﴿رَّبُّكُمْ رَبُّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾
الزاي	﴿رَمْزًا ۗ﴾	﴿أَمْ زَاغَتْ﴾
السين	﴿تُمْسُونَ﴾	﴿فَوْقَكُمْ سَبْعَ طَرَآئِقَ﴾
الشين	﴿أَمْشَاجٍ﴾	﴿لَهُمْ شَرَابٌ مِّنْ حَمِيمٍ﴾
الصاد	□	﴿وَهُمْ صَـٰغِرُونَ﴾

پیتەكان	لەیەك وشەدا	لەدوو وشەدا
الضاد	﴿وَٱمۡضُواْ﴾	﴿أَلۡفَوۡاْ ءَابَآءَهُمۡ ضَآلِّينَ﴾
الطاء	﴿وَأَمۡطَرۡنَا﴾	﴿مَسَّهُمۡ طَٓئِفٞ﴾
الظاء	–	﴿وَهُمۡ ظَٰلِمُونَ﴾
العين	﴿أَمۡعَآءَهُمۡ﴾	﴿أَمۡ عِندَهُمُ﴾
الغين	□	﴿فَإِنَّهُمۡ غَيۡرُ مَلُومِينَ﴾
الفاء	□	﴿وَهُمۡ فَرِحُونَ﴾
القاف	□	﴿بَلۡ هُمۡ قَوۡمٞ يَعۡدِلُونَ﴾
الكاف	﴿فَيَمۡكُثُ﴾	﴿إِلَيۡكُمۡ كِتَٰبٗا﴾
اللام	﴿وَأَمۡلَىٰ﴾	﴿أَمۡ لَهُمۡ﴾
النون	﴿تُمۡنَىٰ﴾	﴿مَّسَّتۡهُمۡ نَفۡحَةٞ﴾
الهاء	﴿يَمۡهَدُونَ﴾	﴿بُرۡهَٰنَكُمۡۖ هَٰذَا﴾
الواو	﴿أَمۡوَٰتٌ﴾	﴿حِسَابُهُمۡ وَهُمۡ﴾
الياء	﴿عُمۡيًا﴾	﴿أَمۡ يُرِيدُونَ﴾

تێبینی: بۆ دۆخی ئاشكراكردنی میمی زەنندەدار لە (مصحف)ی پیرۆزدا سەرە پیتی (ح)ی بۆدانراوە.

حوكمی میم و نونی (شدّة)دار

دەرخستنی مینگە (الغنّة) لە كاتی دەربڕینی میمو نونی (شدّة)داردا ئەركە، ئەگەر لە یەك وشەشدا بێت.

نموونە بۆ نونی (شدّة)دار: ﴿إِنَّا﴾، ﴿ٱلۡجِنَّةِ﴾

نموونە بۆ میمی (شدّة)دار: ﴿ٱلۡمُزَّمِّلُ﴾، ﴿هَمَّت﴾، ﴿ثُمَّ﴾

بەشی نۆیەم

درێژکردنەوەو (المدّ) بەشەکانی

درێژکردنەوە (المدّ): بریتیە لە درێژکردنەوەی دەنگ بە یەکێك لەپیتەکانی درێژکردنەوە (المدّ) یاخود یەکێك لە پیتە ئاسانەکان (اللين).

(موسی)ی کوڕی (یزید الكندي) دەڵێت: (ابن مسعود) – خوای لێ ڕازیبێت – گوێی لە خوێندنی پیاوێك دەگرت، کاتێك گەشتە ئایەتی: ﴿إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ ...﴾ (التوبة:٦٠) بە بێ درێژکردنەوە (المدّ) خوێندیەوە، ئەویش وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەو شێوەیە بۆ منی نەخوێندەوە. پیاوەکەش وتی: ئەی چۆن بۆی خوێندیتەوە؟ وتی: ﴿إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ ...﴾ بە درێژکردنەوە (المدّ)ەوە خوێندیەوە.[١٦٣]

پیتەکانی درێژکردنەوە (المدّ):

(ألف)ی زەنندار پیتی پێشەوەی سەر (فتحة) بێ وەك: ﴿قَال﴾

(و)ی زەنندار پیتی پێشەوەی بۆر (ضَمَّة) بێ وەك: ﴿يَقُول﴾

(ي)ی زەنندار پیتی پێشەوەی ژێر (كَسْرَة) بێ وەك: ﴿قِيل﴾

هەر سێکیان لەوشەی: ﴿نُوحِيهَا﴾، ﴿أُوذِينَا﴾، ﴿وَأُوتِينَا﴾ کۆبونەتەوە.

پیتەکانی ئاسان (اللين):

(و)ی زەنندار پیتی پێشەوەی سەر (فتحة)بێ وەك: ﴿خَوْف﴾

(ي)ی زەنندار پیتی پێشەوەی سەر (فتحة) بێ وەك: ﴿ٱلۡبَيۡت﴾

---

[١٦٣] رواه الطبراني في المعجم الكبير (٨٦٧٧) وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة (٢٢٣٧).

واته پیتی ئەلیف لە هەمان کاتدا پیتی درێژکردنەوە (المدّ)و ئاسان (اللین)یشە، چونکە هەمیشە زەنندارەو پێشەوەی سەری هەیە، بەلاٌم هەردوو پیتی (و، ي) پیتی درێژکردنەوە (المدّ)ن کاتێك زەننداربن‌و (حرکة)ی پێشەوەیان لە ڕەگەزی خۆیان بێت، پیتی ئاسان (اللین)یشن کاتێك زەننداربن و پێشەوەیان (مفتوح) بێت.[١٦٤]

(الجمزوري) دەڵێت:

حُـرُوفُهُ ثَلاَثَةٌ فَعِيـــــــــــهَا   مِنْ لَفْظِ وَايٍ وَهْيَ فِي نُوحِيهَا
وَالكَسْرُ قَبْلَ الْيَا وَقَبْلَ الْواوِ ضَمْ   شَرْطٌ وَفَتْحٌ قَبْلَ أَلْفٍ يُلْتَــزَمْ
وَاللِّيـنُ مِنْهَا الْيَا وَوَاوٌ سُكِّنَـــا   إنِ انْفِتَاحٌ قَبْلَ كُلّ أُعْلِـــنَا

جیاوازی نێوان پیتەکانی درێژکردنەوە (المدّ) پیتی هەمزە:

ڕووی بەراورد	هەمزە	پیتەکانی درێژکردنەوە (المدّ)
لەڕووی جێدەنگەوە	دوورترینی گەرووە.	بۆشایی (جوف)
لەڕووی توندی (الشدة)و نەرمی (الرّخاوة)	بەهێزە (شدید).	نەرمن (رِخو)
لەڕووی شێوەیانەوە	بزواوو (متحرك) زەننەدارن (ساکن)	(حرکة) یان نیە

[١٦٤] بڕوانە: أحکام تلاوة القرآن، ل ٢٠٩.

بەشەکانی درێژکردنەوە (المدّ):

درێژکردنەوە (المدّ) دەکرێت بە دوو بەشی سەرەکیەوە:

یەکەم: درێژکردنەوەی بنچینەیی (المد الأصلي)

دووەم: درێژکردنەوەی لاوەکی (المد الفرعي)

یەکەم: درێژکردنەوەی بنچینەیی (المد الأصلي).

بریتیە لەو درێژکردنەوە (المدّ)ەی کە بە بێ ئەو پیتەکە تەواو نابێت و بە دوایدا هەمزە و (سکون) نییە.[١٦٥]

هۆی ناونانی: بنچینەییە لە چاو درێژکردنەوە (المدّ)ەکانی تردا.

هەروەها پێشی دەوترێ درێژکردنەوەی ئاسایی (المد الطبيعي) چونکە هەموو دەم و زمانێکی ساغ زیاترو کەمتر لەو ئەندازەیە درێژی ناکاتەوە.

ئەندازەی درێژکردنەوەی: تەنها دوو جووڵە (حرکة)یە.

(الجمزوري) دەڵێت:

وَالمَدُّ أَصْلِيٌّ وَفَرْعِيٌّ لَهُ	**وَسَمِّ أَوَّلاً طَبِيعَّيا وَهُو**
مَا لاَ تَوَقُفٌ لَهُ عَلَى سَبَبْ	**وَلاَ بِدُونِه الْحرُوفُ تُجْتَلَبْ**
بَلْ أَيْ حَرْفٍ غَيْرٌ هَمْزٍ أَوْ سُكُونْ	**جَا بَعْدَ مَدّ فَالطَبِيعِيُّ يَكُونْ**

ئەندازەی درێژکردنەوەی بنچینەیی:

سەبارەت بە ئەندازەی درێژکردنەوەی پیتەکانی درێژکردنەوە (المدّ) زانایانی پێشین زاراوەی ئەلیفیان بە کارهێناوە، واتە: بۆ هەموو جۆرێك لە جۆرەکانی درێژکردنەوەی بنچینەیی وتوویانە ئەندازەی ئەلیفێك درێژدەکرێتەوە، زانایانی دوای ئەوانیش زاراوەی (حرکة)یان بە کارهێناوە، (حرکة)ش یەکەیەکی پێوانەییەو بریتیە لە ماوەی دەربڕینی (فتحة)یەك یاخود (ضمّة)یەك یاخود (کسرة)یەك، هەر بۆیە بە (فتحة) یاخود وتووە ئەلیفی بچووكو بە (ضمّة)شیان وتووە واوی بچووكو بە (کسرة)شیان وتووە یای بچووك.

---

[١٦٥] **بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠.**

بەلاَم پاش سەرنجدان بۆمان ڕووندەبێتەوە کە هەردوو زارەوەکە [واتە: ئەلیف و ٢ جوولَە (حرکة)] هەمان مەبەست دەگەیەنن، چونکە مەبەست لە دوو(حرکة) واتە: (٢ضمة) یان (٢ فتحة) یان (٢ کسرة).

کەواتە ماوە (زمن)ی پێویست بۆ دەربڕینی ئەلیفێك یەکسانە بە ماوە (زمن)ی پێویست بۆ دەربڕینی دوو جوولَە (حرکة)و هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەم دوو زاراوەیەدا نییە.

بەلاَم زۆرێك لە زانایانی سەردەم دەلَێن: ئەندازەی دوو (حرکة) ئەوەندەیە کە بە خێراییەکی مامناوەند پەنجەت دابخەیت یاخود بیکەیتەوە.

بەلاَم ئەم قسەیە قسەیەکی ڕوون نییەو بە پێوەرێکی دروست دانانرێتو ئەندازەکەی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، نەگونجاویشە لە گەلَ هەرسێ شێوازی خوێندنەوە (التحقیق، التدویر، الحدر)دا[١٦٦]، بۆیە پێویستە لای مامۆستایەکی خاوەن مۆلَەت ئەم یاسایە فێرببیت.

---

[١٦٦] بڕوانە: حق التلاوة ل ١٩٥، تیسیر الرحمن ل ٢٠٥، علم التجوید للغوثاني ل ٤٧، کیف تقرأ القرآن للدکتور أیمن رشدي سوید (وانەی ٥٣-٥٤)

بەشەکانی درێژکردنەوەی ئاسایی (المد الطبيعي): درێژکردنەوەی ئاسایی دەکرێت بە دوو بەشەوە:[١٦٧]

- درێژکردنەوەی ئاسایی وشەیی (المد الطبيعي الكلمي)
- درێژکردنەوەی ئاسایی پیتیی (المد الطبيعي الحرفي)

- درێژکردنەوەی ئاسایی وشەیی (المد الطبيعي الكلمي):

ئەم درێژکردنەوە (المدّ)ەش لە یەك وشەدا ڕوودەدات ، سێ جۆری هەیە:

أ- درێژکردنەوەی ئاسایی جێگیر لە کاتی گەیاندن و وەستاندا (المد الطبيعي الثابت وصلاً ووقفا):

ئەگەر دوای پیتی درێژکردنەوە (المدّ) پیتێکی بزواو (متحرك) لە باری وەستان (وقف)و گەیاندن (وصل)دا هاتبێت، لە سەرەتاوە بێت یاخود لە کۆتایی.

وەکو: ﴿مَٰلِكِ﴾، ﴿يُوصِيكُمُ﴾، ﴿وَضُحَىٰهَا﴾، ﴿قَالُوٓا۟﴾، ﴿وَأَهْلِى﴾

ب- درێژکردنەوەی ئاسایی جێگیر لە کاتی وەستاندا (المد الطبيعي الثابت في الوقف دون الوصل):

ئەم جۆرەیان تەنها لە باری وەستان (وقف)دا بوونی هەیە، ئەویش لەم دۆخانەی خوارەوەدا:

- بە دوای پیتی درێژکردنەوە (المدّ)دا لە وشەیەکی تردا پیتێکی زەنندەدار هاتبێت، واتە (التقاء الساكنين).

نموونەی ئەلیف:

﴿فَإِن كَانَتَا ٱثْنَتَيْنِ...﴾(النساء:١٧٦) ، ﴿وَقَالَا ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ﴾ (النمل:١٥)

﴿وَجَآءَ رَجُلٌ مِّنْ أَقْصَا ٱلْمَدِينَةِ﴾ (القصص:٢٠)،﴿ طَغَا ٱلْمَآءُ﴾ (الحاقه:١١)

نموونەی واو:

﴿ثُمَّ إِنَّهُمْ لَصَالُوا۟ ٱلْجَحِيمِ﴾ (المطففين ١٦) ، ﴿وَإِذْ قَالُوا۟ ٱللَّهُمَّ﴾ (الأنفال:٣٢)

---

[١٦٧] بڕوانە: هداية القاري للمرصفي ل (٢٦٩-٢٧١)، غاية المريد في علم التجويد ل: (٩٤-٩٥)، تيسير الرحمن ل: (٢٠٦- ٢٠٧)

نموونەی (یاء):

﴿وَفِرۡعَوۡنَ ذِی ٱلۡأَوۡتَادِ﴾ (الفجر ١٠)، ﴿حَاضِرِی ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ﴾ (البقرة:١٩٦)

- **وەستان لە سەر ناوە (مقصور)ەكان:**

وەكو: ﴿ضُحًى﴾، ﴿عَمًى﴾، ﴿سُدًى﴾.

- **وەستان لە سەر ناوە (منصوب)ەكان:**

وەكو: ﴿ذِكۡرًا﴾، ﴿نَفِيرًا﴾، ﴿حِمۡلًا﴾

ئەمجۆرە درێژكردنەوەی قەرەبوو (مد العِوضِ)ی پێدەگوترێت، واتە: هێنانی پیتی ئەلیف لە جیاتی (تنوین) لە باری وەستاندا.

هەروەها وەستان لە سەر وشەی ﴿وَلَيَكُونًا﴾، ﴿لَنَسۡفَعًۢا﴾، ﴿إِذًا﴾، **بە (وَلَيَكُونَا) و (لَنَسْفَعَا) و (إذَا) دەخوێنرێتەوە.**

- **ئەگەر پیتی درێژكردنەوە (المدّ)ەكە پیتی ئەلیف بێت بێت ئەویش لەم (حەوت) وشەیەی خوارەوەدا:**

﴿أَنَا﴾ **بۆ نموونە:** ﴿ وَلَآ أَنَاْ عَابِدٞ مَّا عَبَدتُّمۡ﴾ (الكافرون ٤)

﴿لَّٰكِنَّا﴾ **لە ئایەتی** ﴿لَّٰكِنَّاْ هُوَ ٱللَّهُ رَبِّی ﴾ (الكهف ٣٨)

﴿ٱلظُّنُونَا﴾ **لە ئایەتی** ﴿وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَاْ ﴾ (الأحزاب ١٠)

﴿ٱلرَّسُولَا﴾ **لە ئایەتی** ﴿وَأَطَعۡنَا ٱلرَّسُولَاْ ﴾ (الأحزاب ٦٦)

﴿ٱلسَّبِيلَاْ ﴾ **لە ئایەتی** ﴿ فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَاْ ﴾ (الأحزاب ٦٧)

﴿قَوَارِيرَاْ ﴾ **لە ئایەتی**﴿ وَأَكۡوَابٖ كَانَتۡ قَوَارِيرَاْ ﴾ (الانسان ١٥)

﴿سَلَٰسِلَاْ﴾ **لە ئایەتی** ﴿إِنَّآ أَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ سَلَٰسِلَاْ وَأَغۡلَٰلٗا وَسَعِيرًا﴾ (الانسان ٤)

تێبینی:

یەکەم: لە کاتی وەستان لە سەر وشەی ﴿سَلَٰسِلَاْ﴾ دەشتوانی ئەلیفەکەی نەخوێنیتەوەو لە سەر پیتی لام بوەستی، بەڵام لە باری گەیاندن (وصل)دا دەبێت ئەلیفەکە نەخوێنرێتەوە.[168]

دووەم: بەڵام وشەی ﴿قَوَارِيرَاْ﴾ی دووەمی سورەتی (الإنسان: ١٦) لە باری گەیاندن و وەستاندا ئەلیفەکەی ناخوێنرێتەوە.[169] ﴿وَيُطَافُ عَلَيۡهِم بِـَٔانِيَةٖ مِّن فِضَّةٖ وَأَكۡوَابٖ كَانَتۡ قَوَارِيرَاْ ۝١٥ قَوَارِيرَاْ مِن فِضَّةٖ قَدَّرُوهَا تَقۡدِيرٗا﴾

سێیەم: لە (مصحف)ی پیرۆزدا سفرێکی ئینگلیزی درێژ لەسەر ئەلیفی ئەم حەوت وشەیە دانراوە، واتە نەخوێندنەوەیان لە کاتی گەیاندن (وصل)دا.[170]

ج- درێژکردنەوەی ئاسایی جێگیر تەنها لە کاتی گەیاندندا (المد الطبيعي الثابت في الوصل دون الوقف):

ئەمیش لەم دوو بارەی خوارەوەدا:

باری یەکەم: درێژکردنەوەی ڕاناوی بچووك (الصلة الصغرى): ئەو ڕاناوە بزاوەیە کە بۆ تاکێکی ئامادە نەبووی نێر بە کاردێت و دەکەوێتە کۆتایی وشەوە لە نێوان دوو پیتی بزاوادا بە مەرجێك بە دوایدا پیتی هەمزە نەیەت.

وەکو:

﴿وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ﴾، بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:(لَهُو كُفُوًا).

﴿فَأَثَرۡنَ بِهِۦ نَقۡعٗا ۝٤ فَوَسَطۡنَ بِهِۦ جَمۡعًا﴾ (العاديات ٤-٥) بە (بهي نقعاً)و (بِهِي جَمعاً) دەخوێنرێتەوە.

ئەندازەکەشی دوو جووڵە (حرکة) درێژ دەکرێتەوە لە باری گەیاندندا.

---

[168] بڕوانە: المذكِّرة في التجويد ل ٤١.

[169] بڕوانە: غاية المريد في علم التجويد ٢٠٠.

[170] بڕوانە: فتح رب البريّة ل ٦٤.

باری دووەم: ئەگەر پیتی درێژکردنەوە (المدّ) کەوتە پێش پیتی کۆتاییەوە ئەوا دەبێتە درێژکردنەوەیەکی ئاسایی لە کاتی گەیاندندا، بەڵام لە باری وەستاندا دەبێتە درێژکردنەوەی توشهاتوو بە زەننە (المد العارض للسكون)و دەتوانرێت دوو یاخود چوار یاخود شەش جووڵە (حركة) درێژ بکرێتەوە. وەکو: ﴿ٱلرَّحِيمِ﴾، ﴿ٱلۡأَرۡذَلُونَ﴾، ﴿ٱلۡحِسَابِ﴾

- درێژکردنەوەی ئاسایی پیتیی (المد الطبيعي الحرفي):

ئەو پیتانە دەگرێتەوە لە سەرەتای هەندێ لە سورەتەکاندا هاتوون.

پیتەکانی: ئەم درێژکردنەوەش لە پێنج پیتدا هەڵهێنراوە: (ح، ي، ط، ه، ر) لە ڕستەی (حي طهر)دا کۆکراونەتەوەو، بە (حا، يا، طا، ها، را) دەخوێنرێنەوە.

پیتی (ح) لە وشەی ﴿حمٓ﴾ی حەوت سورەتدا (غافر، فصلت، الشورى، الزخرف، الدخان، الجاثية، الأحقاف)

پیتی (ي) لە ﴿كٓهيعٓصٓ﴾ی سورەتی (مريم)و، ﴿يسٓ﴾.

پیتی (ط) لە سورەتی ﴿طه﴾، ﴿طسٓمٓ﴾ی سورەتی (الشّعراء)و (القَصَص)، ﴿طسٓ﴾ی سورەتی (النمل).

پیتی (ه) لە ﴿كٓهيعٓصٓ﴾، ﴿طه﴾

پیتی (ر) لە ﴿الٓر﴾ی هەر پێنج سورەتی (يونس، هود، يوسف، إبراهيم، الحجر)و، لە ﴿الٓمٓر﴾ی سورەتی (الرَّعد).

درێژکردنەوەی لاوەکی (المد الفرعي)و بەشەکانی

پێناسە: درێژکردنەوەی پیتەکان زیاتر لە درێژکردنەوەی ئاسایی، لە بەر هۆکارێك لە هۆکارەکان.[١٧١]

هۆکارەکانی: گەیشتنی پیتەکانی درێژکردنەوە بە پیتی هەمزە (ء) یاخود پیتێکی زەنەدار.

(الجمزوري) دەڵێت:

وَالآخَرُ الْفَرْعِيُّ مَوْقُوفٌ عَلَى   سَبَبْ كَهَمْزٍ أَوْ سُكُونٍ مُسْجَلا

ئەم درێژکردنەوەش دوو جۆرە:

یەکەم: ئەو درێژکردنەوانەی بە هۆی پیتی هەمزەوە ڕوو دەدەن.

دووەم: ئەو درێژکردنەوانەی بە هۆی پیتێکی زەنەدارەوە ڕوو دەدەن.

[١٧١] تیسیر الرحمن ل (٢٠٨).

یەکەم: ئەو درێژکردنەوانەی بە هۆی هەمزەوە ڕوو دەدەن.

ئەمیش سێ جۆرە:

١- درێژکردنەوەی پێویستی لکاو (المد الواجب المتصل).

کاتێك بە دوای یەکێك لە پیتەکانی درێژکردنەوەدا پیتی هەمزە هاتبێت لە یەك وشەدا. ئەم درێژکردنەوەیە ئەرکە، چونکە گشت قورئانخوێنان (القُرّاء) بڕیاریان لە سەر درێژکردنەوەی داوە.

هۆی ناونانی: لکاو (متصل) چونکە لە یەك وشەدا ڕوو دەدات.

ئەندازەی درێژ کردنەوەی: (٤) یاخود (٥) جووڵەیە، بەڵام (٤) جووڵە بە ناوبانگترە.

ئیبنولجەزەری دەڵێت:

وَوَاجِبٌ إنْ جَاءَ قَبْلَ هَمْزَةِ مُتَّصِلاً إنْ جُمِعَا بِكِلْمَةِ

نموونە:

پیتی درێژکردنەوە لە ناوەڕاستدا: ﴿ فَكُلُوهُ هَنِيٓـًٔا مَّرِيٓـًٔا ﴾، ﴿ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ﴾، ﴿لِيَسُـٓـُٔوا﴾

پیتی درێژکردنەوە لە کۆتاییدا: ﴿وَمَا عَمِلَتْ مِن سُوٓءٍ ﴾، ﴿يَهْدِى مَن يَشَآءُ ﴾،

﴿إِنَّمَا ٱلنَّسِىٓءُ زِيَادَةٌ فِى ٱلْكُفْرِ ﴾

تێبینی: ئەگەر پیتی هەمزە کەوتە کۆتایی وشەو لە سەری وەستایت دەتوانی تا (٦) جووڵە درێژی بکەیتەوە، چونکە دەبێتە درێژکردنەوەی توشهاتوو بە زەننە (العارض للسكون)، وەکو:

﴿ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ ﴾ (الجمعة ٤)

﴿إِنَّكَ سَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ﴾ (غافر ٥٨)

٢- درێژکردنەوەی ڕێپێدراوی جودا (المد الجائز المنفصل).

کاتێکە یەکێك لە پیتەکانی درێژکردنەوە لە کۆتایی وشەیەکداو پیتی هەمزە لە سەرەتای وشەیەکی تردا بە دوای ئەودا هاتبێت.

هۆی ناونانی: پێی گوتراوە جودا (منفصل) چونکە لە دوو وشەدا ڕوو دەدات. هەروەها پێی گوتراوە ڕێپێدراو (جائز) چونکە لە لای هەندێك لە قوڕئانخوێنان کورتکردنەوەی بۆ (٢) جووڵەش (واتە: القصر) دروستە.

ئەندازەی درێژکردنەوەی: دەتوانرێ (٤) یاخود (٥) جووڵە درێژبکرێتەوە بەڵام (٤) بەناوبانگترە.

ئیبنولجەزەری دەڵێت:

وَجَائزٌ إِذَا أَتَى مُنْفَصِلاَ ……………………

نموونە:

کاتێك پیتی درێژکردنەوەکە بخوێنرێتەوەو بنوسرێت وەك:

﴿وَلَآ أَنتُمۡ عَـٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ﴾ (الكافرون:٥)

﴿وَإِذَا ٱنقَلَبُوٓاْ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِمُ ٱنقَلَبُواْ فَكِهِينَ﴾(المطففين:٣١)

یاخود بخوێنرێتەوەو بەڵام نەنوسرابێت وەك:

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾، ﴿يَـٰٓـَٔادَمُ﴾، ﴿يَـٰٓأَهۡلَ﴾، ﴿هَـٰٓأَنتُمۡ﴾

تێبینی: ئەم جۆرە درێژکردنەوە تەنها لە کاتی گەیاندن (وصل)دایە، خۆ ئەگەر لە سەر وشەی یەکەم وەستای لە (٢) جووڵە زیاتر درێژی ناکەیتەوە.

٣- درێژکردنەوەی لە جیاتی (مد البَدَل):[١٧٢]

بەو درێژکردنەوە دەگوترێت کە لە پێش پیتی درێژکردنەوە لە یەك وشەدا پیتی هەمزە هاتبێت و لە دوای پیتی درێژکردنەوەکەش هەمزەو زەننە نەهاتبێت.

هۆی ناونانی: ناونراوە درێژکردنەوەی لە جیاتی (مد البدل)، چونکە پیتە درێژکردنەوە (المدّ)کە لە بنچینەدا هەمزەیەکی زەنندار بووە بە پێی یاسای زانستی (الصرف) هەرکات دوو هەمزە لە سەرەتای وشەیەکدا کۆبونەوە یەکەمیان بزواو و دووەمیان زەننەداربێت، دووەمیان دەگۆڕڕێت بۆ پیتی درێژکردنەوە (المدّ) لە ڕەگەزی جووڵەی پیتی پێش خۆی.

ئەندازەی درێژکردنەوەی: لە لای (حفص) تەنها دوو جووڵە درێژدەکرێتەوە.

نموونە: ﴿ءَادَمَ﴾، ﴿أُوتُوا﴾، ﴿إِيتَآءِ﴾ لە بنچینەدا (أَأْدم)، (أُؤْتوا)، (إِئْتاء) بوون.

درێژکردنەوەی لێکچوو بە لە جیاتی (المدُّ الشّبيهُ بالبَدَل):

هەر پیتێکی درێژکردنەوە (المدّ) بە دوای هەمزەدا هاتبێ زانایان بە پاشکۆی درێژکردنەوەی لە جیاتی (مد البدل)یان داناوەو، هەمان حوکمی درێژکردنەوەی لە جیاتی (مد البدل) وەردەگرێت، با لە بنچینەشدا هەمزە نەبووبێت.[١٧٣]

وەك: ﴿لَيَـُٔوسٌ﴾، ﴿يَشَآءُونَ﴾، ﴿مُّتَّكِـِٔينَ﴾، ﴿مَـَٔابٍ﴾

دۆخەکانی درێژکردنەوەی لە جیاتی (مد البدل):

١- لە گەیاندن و وەستاندا جێگیرە: ئەگەر لە سەرەتاوە یاخود لە ناوەڕاستەوە هاتبوو، وەکو: ﴿ءَامَنَ﴾، ﴿إِى وَرَبِّىٓ﴾، ﴿أَنۢبِـُٔونِى﴾.

٢- تەنها لە گەیاندندا جێگیرە: وەکو ﴿ٱلۡخَاطِـِٔينَ﴾، ﴿مُسۡتَهۡزِءُونَ﴾، ﴿يُرَآءُونَ﴾

بەڵام لە دۆخی وەستاندا دەبێتە درێژکردنەوەی توشهاتوو بە زەننەو (المد العارض للسكون) (٢) یاخود (٤) یاخود (٦) جووڵە درێژدەکرێتەوە.

---

[١٧٢] تيسير الرحمن ل ٢١٦-٢١٧.

[١٧٣] الروضة الندية شرح متن الجزرية ل ٣٢.

٣- جێگیره تەنها لە وەستاندا: وەك ﴿وَجَآءُوٓ أَبَاهُمۡ﴾ ئەگەر لە سەر وشەی ﴿وَجَآءُو﴾ وەستایت دەبێتە درێژكردنەوەی لە جیاتی (البدل)و دوو جووڵە درێژدەكرێتەوە.

٤- جێگیره تەنها لە كاتی دەستپێكردندا: وەكو وشەی ﴿ٱئۡتُونِي﴾ی ئایەتی

﴿أَمۡ لَهُمۡ شِرۡكٞ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِۖ ٱئۡتُونِي بِكِتَٰبٖ مِّن قَبۡلِ هَٰذَآ﴾ (الأحقاف ٤) **واتە لە كاتی گەیاندندا بە (السماواتِئتوني) دەخوێنرێتەوە بەبێ هەمزە.**

بەڵام ئەگەر لەسەر وشەی ﴿ٱلسَّمَٰوَٰتِ﴾ وەستایت, پاشان دەستتكردەوە بەخوێندنی ﴿ٱئۡتُونِي﴾بە (إیـتوني) دەخوێنرێتەوەو دوو جووڵە درێژدەكرێتەوەو دەبێتە درێژكردنەوەی لە جیاتی (مد البدل)، هەروەها:

﴿وَمِنۡهُم مَّن يَقُولُ ٱئۡذَن لِّي وَلَا تَفۡتِنِّيٓۚ﴾ (التوبة ٤٩)

﴿وَقَالُواْ يَٰصَٰلِحُ ٱئۡتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ﴾ (الأعراف ٧٧)

﴿فَلۡيُؤَدِّ ٱلَّذِي ٱؤۡتُمِنَ أَمَٰنَتَهُۥ﴾ (البقرة: ٢٨٣)

ئەگەر لە سەرەتاوە خوێنرایەوە بە (إیذن لي)و (إِیتِنَا)و (أوتمن) دەخوێنرێنەوە.

دووەم: ئەو درێژکردنەوانەی بە هۆی پیتێکی زەنگنەدارەوە ڕوو دەدەن.

١- درێژکردنەوەی پاپەند (المدُّ اللازم).

٢- درێژکردنەوەی توشهاتوو بەزەننە (المد العارض للسكون).

٣- درێژکردنەوەی ئاسان (مد اللين)

یەکەم: درێژکردنەوەی پاپەند (المدّ اللازم).

بریتیە لە هاتنی پیتێکی زەننەداری بنچینەیی بە دوای یەکێك لەپیتەکانی درێژکردنەوەدا لە هەردوو باری وەستان و گەیاندندا لە وشەیەکدا یاخود لە پیتێك لە پیتەکانی سەرەتای هەندێ لە سوڕەتەکاندا.[١٧٤]

هۆکاری ئەم درێژکردنەوەیە بە یەکگەیشتنی دوو پیتی زەننەدارە، کە هەردوو درێژکردنەوەو زەننەدارەکەیە، پیتی یەکەم درێژ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی درێژکردنەوەکە وەك پیتێکی لێبێت و بکەوێتە نێوان دوو پیتە زەننەدارەکەوە.

ئەندازەی درێژکردنەوەی: پێویستە شەش جووڵە درێژبکرێتەوە.

ئیبنولجەزەری دەڵێت:

فلازمٌ إنْ جاءَ بعْدَ حرفِ مَد　　　　ساكِنُ حَالَيْن وبالطول يُمَد.

هۆی ناو نانی: سەرجەم قورئانخوێنان لە سەر تەواو درێژکرد نەوەی لە هەردوو باری وەستان و گەیاندندا یەکدەنگن.[١٧٥]

درێژکردنەوەی پاپەند (المد اللازم) دەبێت بە دوو بەشەوە:

أ- درێژکردنەوەی پابەندی وشەیی (المد اللازم الكلمي)

ب- درێژکردنەوەی پابەندی پیتیی (المد اللازم الحرفي)

هەریەك لەم دوانەش دەبن بە دوو بەشەوە:

قورسکراو (مُثقل)، سوککراو (مُخَفَّف), (الجمزوري) لە(التحفة)دا بەم شێوەیە ئاماژەی بۆ هەر چواریان کردووە:

---

[١٧٤] تیسیر الرحمن ل ٢٢١.

[١٧٥] الروضة الندية شرح متن الجزرية (٣ / ٢٥).

أَقْسَامُ لاَزِمٍ لَدَيْهِمْ أَرْبَعَهْ   وَتِلْكَ كِلْمِيٌّ وَحَرْفِيٌّ مَعَهْ
كِلاَهُمَا مُخَفَّفٌ مُثَقَّــلُ   فَهَذِهِ أَرْبَعَةٌ تُفَصَّـــــلُ

أ- درێژکردنەوەی پابەندی وشەیی (المد اللازم الكلمي):

ئەگەر بە دوای پیتی درێژکردنەوە (المدّ)دا پیتێکی زەنندەداری هەمیشەیی لە هەمان وشەدا هاتبوو، ئەمیش دوو جۆرە:

* درێژکردنەوەی پابەندی وشەیی قورسکراو (المُثَّقل): ئەگەر لە دوای پیتی درێژکردنەوە (المدّ)ەوە پیتێکی (شدّة)دار هاتبوو. وەك:

﴿ٱلضَّآلِّينَ﴾، ﴿ٱلْحَآقَّةُ﴾،﴿دَآبَّة﴾، ﴿ءَآلذَّكَرَيْنِ﴾، ﴿ءَآللَّهُ﴾، ﴿أَتُحَـٰٓجُّوٓنِّى﴾

پێی وتراوە وشەیی: چونکە پیتە زەنندەدارە بنچینەییەکە بە دوای پیتی درێژکردنەوە (المدّ)و لە یەك وشەدا هاتووە. هەروەها قورسکراوە چونکە تێهەڵکێش دەکرێت.

**درێژکردنەوەی پابەندی وشەیی سووککراو (المخفّف): ئەگەر لە دوای درێژکردنەوە (المدّ)ەوە پیتێکی زەنندەداری بنچینەیی بیٚ (شدّة) هاتبوو.

نموونە: لە قورئانی پیرۆزدا تەنها وشەی ﴿ءَآلْـَٔـٰنَ﴾ هەیەو دووجار لە سورەتی (یونس)دا لە ئایەتی (٥١،٩١) هاتووە. پێی وتراوە سوککراو لە بەر ڕوونەدانی تێهەڵکێش.

- **درێژکردنەوەی جیاکردنەوە (مدّ الفَرق):**[176]

ئەگەر هەمزەی پرسیار (إستفهام) چووە سەر هەمزەی گەیاندن (الوصل)، هەمزەی گەیاندن دەبێتە پیتی درێژکردنەوە (المدّ)و پێی دەوترێ درێژکردنەوەی جیاکردنەوە (مدّ الفَرق)، واتە: جیاکردنەوەی پرسیار (إستفهام) لە هەواڵ (خبر).

ئەم درێژکردنەوە (المدّ)ەش جۆرێکە لە درێژکردنەوەی پابەندی وشەیی، چونکە زەننەی پاش پیتە درێژکردنەوە (المدّ)ەکە بنچینەییە، ئەم دۆخەش لە سێ وشەداو لە شەش شوێنی قورئانی پیرۆزدا ڕوویداوە:

مثقل (قورس): ﴿ءَآلذَّكَرَيْنِ﴾ [الأنعام: ١٤٣، ١٤٤]، ﴿ءَآللهُ﴾ [النمل: ٥٩]، [يونس: ٥٩]

سووك (مخفّف): ﴿ءَآلْـَٰٔنَ﴾ [يونس: ٥١، ٥٩]

تێبینی: ئەو سێ وشەیەی سەرەوە بەئاسانکردن (التسهيل)یش دەخوێنرێنەوە، واتە: ئاسانکردنی هەمزەی دووەم لە نێوان هەمزەو ئەلیفدا بە بێ درێژکردنەوە (المدّ)، بەڵام خوێندنەوەیان بە درێژکردنەوە (المدّ) لە پێشترە.

---

[176] **تيسير علم التجويد ل: ١٤٨- ١٤٩، المنير ل: ١٣١، كتاب الإضاءة فى بيان أصول القراءة, ل١٤، إحكام الأحكام في تجويد القرآن ل ٢١، المنير ل: ١٣١.**

سوود: ئەم جورە درێژکردنەوەی ڕێگرتن (الحجز)یشی پێ دەوترێ، چونکە پیتی ئەلیف ڕێگرە لەنێوان هەمزەی پرسیارو لامی ناساندنداو لەیەکیان دوور دەخاتەوە.

ب– درێژکردنەوەی پابەندی پیتیی (المد اللازم الحرفي).

ئەگەر بە دوای پیتی درێژکردنەوە (المدّ) یاخود ئاسان (اللين)دا (واتە: پیتی عين) پیتێکی زەنندەداری بنچینەیی هاتبوو لە یەکێك لەپیتەکانی سەرەتای هەندێك لە سوڕەتەکاندا، بە مەرجێك ئەو پیتە هیجاکەی لە سیٚ پیت کەمتر نەبێت و پیتی ناوەڕاستی پیتی درێژکردنەوە (المدّ) بێت، ئەمیش دوو جۆرە:

*درێژکردنەوەی پابەندی پیتیی قورسکراو (المُثقّل): ئەگەر دوای پیتی درێژکردنەوە (المدّ) پیتێکی تێهەڵکێشکراو (مدغم) هاتبیٚ. وەك: ﴿الٓمٓ﴾، ﴿طسٓمٓ﴾

پێی وتراوە: پیتیی، چونکە پیتە زەنندەدارە بنچینەییەکە بە دوای پیتی درێژکردنەوە (المدّ)دا لە یەك وشەدا هاتووە. قورسکراویشە, چونکە تێهەڵکێش دەبێت.

** درێژکردنەوەی پابەندی پیتیی سووك (المُخفَّف): ئەگەر دوای پیتی درێژکردنەوە (المدّ) پیتێکی زەنندەداری تێهەڵکێش نەکراو هاتبیٚ. وەك: ﴿قٓ﴾، ﴿يسٓ﴾

پێی وتراوە: سوککراو لە بەر ڕوونەدانی تێهەڵکێش .

(الجمزوري) لە پێشەکیەکەیدا دەڵێت:

فَإنْ بِكلْمَةٍ سُكُونٌ اجْتَمَــعْ مَعْ حَرْفِ مَدّ فَهْوَ كلْمِيٌّ وَقَعْ
أَوْ فِي ثُلاَثِيِّ الحُرُوفِ وُجِدَا وَالمَدُّ وَسْطُهُ فَحَـرْفِيٌّ بَــدَا
كِلاَهُمَا مُثَقَّلٌ إِنْ أُدْغِـــــمَا مَخَفَّفٌ كُلٌّ إِذَا لَمْ يُدْغَــــمَا

پیتە بچڕاوەکان (الحروف المقطعة)ی سەرەتای سورەتەکان.[177]
ئەم پیتانە ژمارەیان چواردە پیتە[178] (الجمزوري) لەم دێڕەدا کۆیکردوونەتەوە:

وَيَجْمَعُ الفْوَاتَحِ الاربَعْ عَشَرْ (صِلْهُ سُحَيْرا مَنْ قَطَعْكَ) ذَا اشْتَهَرْ.

هەندێکی تر لە زانایان لە ڕستەی (نصٌّ حكيمٌ قاطعٌ له سرٌّ).

ئەم (١٤) پیتە لە سەرەتای (٢٩) سورەتدا هاتوون و، دەکرێن بەپێنج بەشەوە:

١- یەك پیتیی: لە (٣) سورەتدا : ﴿صٓ﴾، ﴿قٓ﴾، ﴿نٓ﴾.

٢- دوو پیتیی: لە (١٠) سورەتدا: ﴿طه﴾، ﴿طسٓ﴾ [النمل]، ﴿يسٓ﴾ ﴿حمٓ﴾ لە (٧) سورەتدا: [غافر، فصّلت، الشورى، الزخرف، الدخان، الجاثية، الأحقاف].

٣- سێ پیتیی: لە (١٣) سورەتدا: ﴿الٓمٓ﴾ لە سورەتی (البقرة)، (آل عمران)، (العنكبوت)، (الرّوم)، (لقمان)، (السَّجدة)دا.

﴿الٓر﴾ لە سورەتی (يُونُس)، (هود)، (يُوسُف)، (إبراهيم)، (الحِجر)دا.

﴿طسٓمٓ﴾ لە سورەتی (الشُّعراء)، (القَصَص)دا.

٤- چوار پیتی: لە دوو سورەتدا: ﴿الٓمٓصٓ﴾ الأعراف، ﴿الٓمٓر﴾ الرَّعد.

٥- پێنج پیتیی: لە دوو سورەتدا: ﴿كٓهيعٓصٓ﴾ مريم، ﴿حمٓ ۝١ عٓسٓقٓ﴾ الشورى.

---

[177] بڕوانە: أحكام قراءة القرآن ل: ٢٢٤، غاية المريد ل: ١١٠، تيسير الرحمن ل ٢٢٥-٢٢٦.

[178] بە چواردە شێوەش لە قەرئانی پیرۆزدا هاتوون!

حوکمیان: ئەم چواردە پیتە لە ڕووی حوکمیشەوە دەبن بە چوار بەشەوە:

١- تێرکردن (الإشباع) واتە پێویستە (٦) جووڵە درێژ بکرێنەوە:

ئەو سێ پیتیانەن کە ناوەڕاستیان پیتی درێژکردنەوە (المدّ)ەو بە دوایاندا زەنندەی بنچینەیی هاتووە، ژمارەیان (حەوت) پیتەو لەم ڕستەیەدا کۆکراونەتەوە: (سنقص لکم)، بەم شێوەیە دەخوێنرێنەوە : سین، نون، قاف، صاد، لام، کاف، میم.

٢- تێرکردن (الإشباع)و، ناوەند (التوسط):

ئەو سێ پیتیانەن ناوەڕاستیان پیتی (لین)ە، ئەویش تەنها پیتی (ع: عین)ەو، لە سەرەتای سوڕەتی مریم ﴿كٓهيعٓصٓ﴾ و لە سەرەتای سوڕەتی الشوری ﴿حمٓ ۝١ عٓسٓقٓ﴾دا هاتووە.

دەتوانرێ (٦) جووڵە درێژبکرێنەوە، چونکە درێژکردنەوەی پابەندی پیتیی سووکە، دەتوانرێ (٤) جووڵە درێژبکرێنەوەو وەکو درێژکردنەوەی ئاسان (اللین)ی لێبکرێت، بەڵام پێی ناوترێ درێژکردنەوەی ئاسان (اللین)، چونکە بە دوایدا زەنندەی بنچینەیی هەیەو درێژکردنەوەی ئاسان (اللین)یش بە دوایدا زەنندەی کاتی هەیە، بۆیە هەندێ لە زانایان ناوی ئاسانی پاپەند (اللین اللازم)یان لێناوە. بەڵام لە کاتی خوێندنەوەیدا تێرکردن (الإشباع) واتە: تەواو درێژکردنەوە لەپێشترە.

٣- درێژکرنەوەی ئاسایی: ئەوانەن کە لە دووپیت پێکهاتوون، بەڵام پیتی دووەمیان پیتی درێژکردنەوە (المدّ)ەو، ژمارەیان (٥) پیتە لەڕستەی (حيّ طهر)دا کۆ کراونەتەوەو، بە (حا، یا، طا، ها، را) دەخوێنرێنەوە.

٤- بە هیچ شێوەیەك درێژناکرێنەوە: ئەوەیە کە لە (٣) پیت پێکهاتووەو ناوەڕاستی پیتی درێژکردنەوە (المدُّ)و، ئاسان (اللین) نییە، ئەمیش تەنها پیتی ئەلیف دەگرێتەوە.

دووەم: درێژکردنەوەی توشهاتوو بە زەننە (المد العارض للسکون).

ئەگەر بە دوای پیتی درێژکردنەوە (المدّ)دا پیتێکی زەننەدار بە هۆی وەستان (وقف)ەوە هاتبوو، واتە لە بنچینەدا زەننەدار نییە.

ئەندازەی درێژکردنەوەی: (٢) یاخود (٤) یاخود (٦) جووڵە درێژدەکرێتەوە.

نموونە:

﴿وَفِرۡعَوۡنَ ذِی ٱلۡأَوۡتَادِ﴾ (الفجر:١٠)، ﴿كَلَّا بَلۡ تُكَذِّبُونَ بِٱلدِّينِ ﴾ (الانفطار:٩)

﴿يَعۡلَمُونَ مَا تَفۡعَلُونَ ﴾ (البينة:١٢)، ﴿وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسۡنُ ٱلۡمَـَٔابِ ﴾ (آل عمران ١٤)

﴿إِنَّ فِرۡعَوۡنَ وَهَـٰمَـٰنَ وَجُنُودَهُمَا كَانُواْ خَـٰطِـِٔينَ﴾ (القصص ٨)

﴿ٱلَّذِينَ هُمۡ يُرَآءُونَ ﴾ (الماعون ٦)

سێیەم: درێژکردنەوەی ئاسان (اللين):

بریتیە لە پیتی (و، ي)ی زەننەدار پێشەوەیان سەر (فتحة) بێت و دوایان پیتێکی زەننەداری کاتی بێت بە هۆی وەستانەوە.

هۆی ناونانی: لە بەر ئاساندەربڕینی پیتەکانی.

ئەندازەی درێژکردنەوەی: (٢) یاخود (٤) یاخود (٦) جووڵە درێژدەکرێتەوە

نموونە :﴿قُرَيۡش ﴾ ، ﴿عَلَيۡه﴾، ﴿خَوۡف﴾

- **درێژکردنەوەی گەیاندن (مدُّ الصِّلة):**

بریتیە لە (ـە)ی ڕاناو کە بۆ کەسی سێیەمی تاکی نێر بەکاردێت. بەناو وکردارو پیتەوە دەلکێت, وەکو: ﴿قُلۡتُهُۥ﴾، ﴿حَرِّقُوهُ﴾، ﴿أَجَلِهِۦ﴾، ﴿كَمِثۡلِهِۦ﴾، ﴿إِلَيۡهِ﴾، ﴿فِيهِ﴾.

هۆی ناونانی: چونکە تەنها لە کاتی گەیاندن (صلة)دا دەخوێنرێتەوە.

مەرجی: ئەم ڕاناوە دەبێت لە نێوان دوو پیتی بزواودا بێت.

ئەم ڕاناوە لە بنچینەدا (مبني على الضمّ)ە، بەلاَم ئەگەر (کسرة) یاخود (ي) زەنندار کەوتە پێشیەوە (مکسور) دەبێت، تەنها لە دوو شوێندا نەبێت لە ریوایەتی (حفص)دا:

﴿وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ﴾ (الكهف:٦٣)، ﴿عَلَيۡهُ ٱللَّهَ﴾ (الفتح: ١٠)

ئەم درێژکردنەوەیە دەکرێت بەدوو بەشەوە:

١- درێژکردنەوەی گەیاندنی بچووك (مد الصلة الصغرى): ئەگەر پیتی هەمزەی بەدواوە نەبوو، ئەوە وەك درێژکردنەوەی ئاسایی (طبيعي)یەو دوو جووڵە درێژدەکرێتەوە، واتە ئەگەر ژێری هەبوو ئەندازەی پیتی (ي)، ئەگەر بۆری هەبوو ئەندازەی پیتی (و) درێژدەکرێتەوە. لە (مصحف)دا لەدوای ڕاناوەکەوە واوێکی بچووك یاخود یایەکی بچووکی بۆ دانراوە، وەکو: ﴿إِنَّهُۥ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرُۢ بَصِيرٞ﴾

٢ درێژکردنەوەی گەیاندنی گەورە (الصلة الكبرى): ئەگەر پیتی هەمزەی بەدواوە بوو.

ئەندازەی درێژکردنەوەی: وەك درێژکردنەوەی ڕێپێدراوی جودا (الجائز المنفصل) وایە (٤) یاخود (٥) جووڵە درێژدەکرێتەوە، هەر لە بەر ئەوەش پێی وتراوە: (الإنفصال الحُكمي).

نموونە: ﴿وَمَا يُغۡنِي عَنۡهُ مَالُهُۥٓ إِذَا تَرَدَّىٰٓ﴾ (الليل ١١)، ﴿أَيَحۡسَبُ أَن لَّمۡ يَرَهُۥٓ أَحَدٌ﴾ (البلد ٧)

﴿وَمَا يُكَذِّبُ بِهِۦٓ إِلَّا كُلُّ مُعۡتَدٍ أَثِيمٍ﴾ (المطففين ١٢)

سوود: (ـه)ى ڕاناو لەم دۆخانەى خوارەوەدا درێژ ناكرێتەوە:

أ- ئەگەر كەوتە نێوان دووپیتى زەنندارەوە، وەكو:

﴿وَهَدَيۡنَٰهُ ٱلنَّجۡدَيۡنِ﴾ (البلد ١٠)، ﴿وَمَا تَفۡعَلُواْ مِنۡ خَيۡرٖ يَعۡلَمۡهُ ٱللَّهُۗ ﴾ (البقرة: ١٩٧)

ب- ئەگەر پێشەوەى بزواو (متحرك) و دواوەى زەننەبوو، وەكو:

﴿فَيُعَذِّبُهُ ٱللَّهُ ٱلۡعَذَابَ ٱلۡأَكۡبَرَ﴾ (الغاشية: ٢٤)

ج- ئەگەر پێشەوەى زەننەدارو دواوەى بزواو بوو، وەكو:

﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ﴾ (القدر: ١)

﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَخۡشَ ٱللَّهَ وَيَتَّقۡهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ﴾ (النور: ٥٢)

تێبینی:

١- لە سێ شوێنی قورئانی پیرۆزدا (ـه)ى ڕاناو كەوتۆتە نێوان دوو پیتى بزواو بەڵام درێژ ناكرێتەوە، واتە بە بێ درێژكردنەوەى گەیاندن (مد الصلة) دەخوێنرێتەوە:

﴿ وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُ لَكُمۡۗ ﴾ (الزمر: ٧)

﴿ٱذۡهَب بِّكِتَٰبِي هَٰذَا فَأَلۡقِهۡ إِلَيۡهِمۡ ﴾ (النمل: ٢٨)

﴿قَالُوٓاْ أَرۡجِهۡ وَأَخَاهُ ﴾ (الأعراف: ١١١)، (الشعراء:٣٦)

٢- لە یەك شوێنی قورئانی پیرۆزدا (ـه)ى ڕاناو پێشەوەى زەننەدارو دواوەى بزواوەو دوو جووڵەش درێژ دەكرێتەوە:

﴿وَيَخۡلُدۡ فِيهِۦ مُهَانًا﴾ (الفرقان ٦٩)، لە لاى (حفص) بە(فيهي مُهانا) دەخوێنرێتەوە.

٣- (ـه)ى (إسم الإشارة) هەر چەندە ڕاناو نییە، بەڵام هەمان حوكمى (ـه)ى ڕاناوى هەیە, پێشەوا (ابن برّي) دەڵێت:

وهاءُ هذهِ كهاءِ المُضْمَرِ   فوَصلُها قبل مُحَرَّكٍ حَرِي.

﴿إِنَّ هَـٰذِهِۦ تَذۡكِرَةٌ ۖ﴾ (الانسان ٢٩)، **دوو جووڵه درێژده‌كرێته‌وه, چونكه پیتی هه‌مزه له دوایه‌وه نه‌هاتووه .**

﴿وَإِنَّ هَـٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةً وَٰحِدَةً﴾ (المؤمنون ٥٢)، **(٤) یاخود (٥) جووڵه درێژده‌كرێته‌وه چونكه به دوایدا پیتی هه‌مزه هاتووه.**

﴿هَـٰذِهِ ٱلنَّارُ ٱلَّتِى كُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ﴾ (الطور ١٤)، **لێره‌دا هیچ درێژناكرێته‌وه چونكه دواوه‌ی پیتێكی زه‌ننه‌داره.**

پاشکۆی درێژکردنەوەکان

- درێژکردنەوەی جێگیرکردن (مدُّ التمكين):

لە کاتی گەیشتنی واوێکی درێژکردنەوە بە واوێکی بزواو، یاخود یایەکی درێژکردنەوە بە یایەکی بزواو ڕوودەدات و، سیٚ شێوەی هەیە:

١- یای درێژکردنەوە بە دوای یایەکی (شدة)داردا هاتبێت، وەك: ﴿ٱلنَّبِيِّـۧنَ﴾، ﴿عِلِّيِّينَ﴾، ﴿ٱلۡحَوَارِيِّـۧنَ﴾، ﴿حُيِّيتُم﴾ بۆیە پیتە درێژکردنەوە (المدّ)ەکە پێویستی بە جێگیرکردن و ڕوونکردنەوەیە.

٢- واوی درێژکردنەوە پێش واوێکی بزواو هاتبێت، وەك: ﴿ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ﴾، یاخود یایەکی درێژکردنەوە پێش یایەکی بزواو کەوتبێت، وەك: ﴿فِي يَوۡمَيۡنِ﴾, هەر بۆیە پێویستە هەردوو پیتی واو و یا لێرەدا بە ئەندازەی دوو جووڵە درێژبکرێنەوە تاوە کو پارێزراوبن لە تێهەڵکێش یاخود کەوتن.

٣- واوی درێژکردنەوە بە دوای واوێکی بۆردار (مضموم)دا هاتبێت، وەك: ﴿يَلۡوُۥنَ﴾، یایەکی درێژکردنەوە بەدوای یایەکی ژێرداردا (مکسور) هاتبێت، وەك: ﴿يُحۡيِۦ وَيُمِيتُ﴾، لێرەشدا پێویستە ئەو درێژکردنەوە (المدّ)ە ماڤ بدرێت و دوو جووڵە درێژبکرێتەوە.

تێبینی: ئەم درێژکردنەوەیە (المدّ) پێویستە دوو جووڵە درێژبکرێتەوە بەڵام لە کاتی وەستان لەسەر ﴿ٱلنَّبِيِّـۧنَ﴾ و هاوشێوەکانی دەبنە درێژکردنەوەی (العارض للسكون)و دەتوانریٚ بە ئەندازەی (٢) یاخود (٤) یاخود (٦) جووڵە درێژبکرێتەوە.[١٧٩]

[١٧٩] الإضاءة في بيان أصول القراءة ل: ١٤، المنير ل: ١١٩.

■ درێژکردنەوەی قەرەبوو (مدُّ العوض):

بریتیە لە وەستان لەسەر (تنوین)ێکی (منصوب) لە کۆتایی وشەدا، بە ئەلیفێکی درێژکردنەوە، واتە پیتی ئەلیفەکە لە جیاتی (تنوین)ەکە.

ئەندازەی درێژکردنەوەی: پێویستە (٢) جووڵە درێژ بکرێتەوە.

نموونە: ﴿بَصِيرًا﴾، ﴿كَبِيرًا﴾، ﴿بِنَآءً﴾، ﴿مَآءً﴾، ﴿لَنَسْفَعًا﴾، ﴿وَلَيَكُونًا﴾.

تێبینی: (ت)ی (تأنيث)ی خڕ (مربوطة) ئەگەر (تنوین)ی (فتحة)ی هەبوو بە پیتی (ــە) لەسەری دەوەستی. نموونە :﴿ رحمةً، نِعمةً ﴾.[180]

ڕیزبەندی درێژکردنەوە لاوەکیەکان: [181]

درێژکردنەوە (المدّ)ە لاوەکیەکان لە ڕووی بەهێزیو لاوازیەوە بە پێی جیاوازی هۆکارەکانیان جیاوازن، واتە ئەگەر هۆکاری دروستبوونی درێژکردنەوە (المدّ)ەکە بەهێز بوو درێژکردنەوە (المدّ)ەکەش بەهێزە، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر هۆکارەکەی لاوازبوو درێژکردنەوە (المدّ)ەکەش لاواز دەبێت، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- بەهێزترینیان درێژکردنەوەی پابەند (اللازم).
٢- درێژکردنەوەی لکاو (المتصل).
٣- درێژکردنەوەی تووشهاتو بە زەننە (العارض للسكون).
٤- درێژکردنەوەی جیا (المنفصل).
٥- درێژکردنەوەی لە جیاتی (البدل).
٦- لاوازترینیان درێژکردنەوەی ئاسان (اللین)ە.

کەواتە ئەگەر لەوشەیەکدا دوو هۆکار لە هۆکارەکانی درێژکردنەوە (المدّ) کۆبوونەوە کار بە هۆکارە بەهێزەکەیان دەکرێت، بۆ وێنە: ﴿وَلَآ ءَآمِّينَ ٱلْبَيْتَ ٱلْحَرَامَ﴾

---

[180] المذكرة في التجويد ل ٣٠-٣١، المنير ل ١٢١.

[181] بڕوانە: فتح رب البرية شرح المقدمة الجزرية ل: ٣٧، تيسير الرحمن ل: (٢٢٦-٢٣٠).

وشەی ﴿ءَآمِّين﴾ دوو هۆكاری درێژكردنەوەی تێدایە, یەكەمیان درێژكردنەوەی لە جیاتی (البدل)ە چونكە پیتی هەمزە پێش پیتی درێژكردنەوە (المدّ) كەوتووە. دووەمیان درێژكردنەوەی پاپەند (اللازم)ە چونكە پیتێكی زەنندەداری بنچینەیی بە دوای پیتی درێژكردنەوەی هاتووە، لێرەدا كار بە لاوازەكە ناكرێت كە درێژكردنەوەی لە جیاتی (البدل)ە، بەڵكو كار بە هۆكارە بەهێزەكە دەكرێت كە درێژكردنەوە (المدّ)ە پاپەند (لازم)ەكەیە.

﴿بُرَءَٰٓؤُا﴾ لێرەشدا دوو جۆر درێژكردنەوە (المدّ) هەیە، لە جیاتی (البدل)و پێویستی لكاو (واجب متصل), بۆیە كار بە پێویستە لكاوەكە دەكرێت، لە بەر لاوازیی لە جیاتی (البدل)ەكە فەراموش دەكرێت.

(السّمنودي) دەڵێت:

أَقْوَى المُدودِ لازمٌ فَمَا اتَّصَلْ   فَعَارِضٌ فَذُو انْفِصَالٍ فَبَدَلْ
وَسَبَبَا مَدّ إذا مَا وُجِـــــدَا   فَإِنَّ أَقْوَى السَّبَبَيْنِ انْفَـرَدَا

ئیبنولجەزەریش بەم نیو دێڕە ئاماژەی پێكردووە:

....   وأقْوَى السَّبَبَيْنِ يَسْتَقِلْ.

تێبینی: لە كاتی خوێندنی قورئانی پیرۆزدا پێویستە درێژكردنەوە (المدّ) هاوشێوەكان وەك یەك درێژ بكرێنەوە، بۆ نموونە درێژكردنەوەی (الجائز المنفصل) ئەگەر یەكەمیان (٤) جووڵە بوو دەبێت تا كۆتایی خوێندنەكە لە سەر (٤) جووڵە بەردەوامبیت، هەروەها درێژكردنەوەی توشهاتوو بە زەنندەش دەبێت لە سەر (٢) یاخود (٤) یاخود (٦) جووڵە تا كۆتایی خوێندنەكە لە سەری بەردەوامبیت.[١٨٢]

ئیبنولجەزەری لەمبارەیەوە دەڵێت:

....   واللَّفْظُ فِي نظِيرِهِ كَمِثْلِهِ

[١٨٢] بڕوانە : هداية القاري ل ١٤٢.

بەشی دەیەم

وەستان و دەستپێکردن (الوقف والابتداء)

وەستان‌و دەستپێکردن بە یەکێك لە بەشە هەرە گرنگەکانی زانستی تەجوید دادەنرێت، چونکە بە هۆیەوە واتاو مەبەستی ئایەتەکان بۆ خوێنەرو بیسەر ڕووندەبێتەوە.

بەڵگە:

١- ﴿وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلاً﴾ (المزمل:٤) پێشەوا عەلی خوای لیٚ ڕازیبێت لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی: (الترتيل: تَجْوِيدُ الْحُرُوفِ وَمَعْرِفَةُ الْوَقْفِ).[183] واتە: چاکخوێندنەوەی پیتەکان و زانینی وەستانەکانە.

٢- سەبارەت بە چۆنێتی قورئان خوێندنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسیار کرا لە (أمّ سلمة) –خوای لیٚ ڕازیبێت ئەویش فەرمووی: كان يقطع قراءته آيةً آيةً ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ ثم يقف، ﴿ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ ثم يقف.[184] واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کۆتایی ئایەتەکاندا دەوەستا، ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ی دەخوێند پاشان دەوەستا، ﴿ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ی دەخوێندو پاشان دەوەستا.

ئیبنولجەزەریش دەڵێت:

وَبَعْدَ تَجْوِيْدِكَ لِلْحُرُوفِ   لاَبُدَّ مِنْ مَعْرِفَةِ الْوُقوفِ
وِالابتداءِ ....

[183] النشر في القراءات العشر ل: (٢٠٩/١)، الإتقان في علوم القرآن للسيوطي (١٨٠/١).

[184] بڕوانە ل: ٢٧.

یەکەم - وەستان (الوقف)

پێناسەی وەستان بریتیە لە بچڕاندنی دەنگو وەستان لە سەر کۆتایی وشەیەك بۆ ماوەیەکی کەم تێیدا هەناسە وەردەگرێتو نیازی دەستپێکردنەوەی هەیە.

بەشەکانی وەستان (الوقف): وەستان دەکرێت بە چوار بەشی سەرەکیەوە:

١- وەستانی ناچاری (الوقف الإضطراري):

بریتیە لە وەستانی خوێنەر بە هۆی هەناسە تەواوبوون یاخود هەناسە توندی یاخود پژمەو کۆکەو وەنەوزو هەرشتێکی تر لەم بابەتانە.

ئەم جۆرە وەستانەش لە هەموو کاتێکدا دروستە، بەڵام چاکتر وایە کە خوێنەر تا بۆی دەکرێ بۆ وەستانەکەی وشەی گونجاو هەڵبژێرێ. لە کاتی دەستپێکردنەوەشدا ئەگەر وشەی دوای وەستانەکە گونجاو بوو لە وێوە دەستپێدەکاتەوە گەر نا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی گونجاوە بۆ دەستپێکردنەوە.

حوکمی: ئەم جۆرە وەستانە دروستە لە بەر ناچاری.

٢- وەستانی تاقیکردنەوە (اِختباري):

وەستانە لە سەر وشەیەکی قورئانی پیرۆز کە لە بنچینەدا شوێنی وەستان نییە، بەڵکو تەنها بۆ تاقیکردنەوەو فێرکردنی قورئانخوێنە لەلایەن مامۆستاکەیەوە تا شێوازی وەستان لە سەر ئەو وشەیە فێرببێت.

نموونە: وەستان لە سەر وشەی ﴿حَاضِرِي﴾ لەئایەتی: ﴿ذَٰلِكَ لِمَن لَّمۡ يَكُنۡ أَهۡلُهُۥ حَاضِرِي ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۚ﴾ (البقرة:١٩٦) لە کاتی وەستاندا پێویستە پیتی یاکەی بخوێنرێتەوە، بەڵام لە کاتی گەیاندندا ناخوێنرێتەوە.

حوکمی: دروستە بەو مەرجەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو وشەیەی لە سەری وەستاوەو بیگەیەنێت بەپاش خۆی ئەگەر بۆ دەستپێکردنەوە گونجاو بوو، گەرنا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ وشەیەك لەو وشانەی پێشتر کە گونجاون بۆ دەستپێکردنەوە.

٣- وەستانی چاوەڕوانی (الوقف الإنتظاري):

وەستانە لە کاتی خوێندنەوە بە کۆکردنەوەی قیڕائات (جمع القراءات) بۆ دەرهێنانی هەموو ڕووە (وجه)کان. [١٨٥]

لەم جۆرە وەستانەو ئەوەی پێشووشدا تەواوکردنی واتا بە مەرج نەگیراوە، بەڵکو قوڕئانخوێن لە هەر وشەیەکدا بیەوێ دەتوانێت بوەستێ‌و هەموو شێوەکان دەربهێنێ‌و ڕونیان بکاتەوە مەگەر وشەیەك واتا تێکبدات یاخود واتایەکی خراپ بگەیەنێت.

حوکمی: دروستەو، هەرچیەك بۆ وەستانی پێشوو وترا بۆ ئەمیش دەوترێتەوە. [١٨٦]

٤- وەستانی ئارەزوومەندانە (اِختياري):

بریتیە لە وەستانی خوێنەر بە ویست‌و حەزی خۆی، هەر ئەم جۆرەش لە بابەتی وەستاندا جێگای مەبەستە.

ئەمیش دەکرێت بە چوار بەشەوە: [١٨٧]

(١) وەستانی تەواوتر (تام).

(٢) وەستانی تەواو (كافي).

(٣) وەستانی باش (حسن).

(٤) وەستانی ناشیرین (قبيح).

---

[١٨٥] (د. دیاری)

[١٨٦] بڕوانە: أحكام قراءة القرآن لا ٢٥٣، تيسير علم التجويد لا ٢٨٧، التبيين في أحكام تلاوة الكتاب المبين لا ٤٦٤.

[١٨٧] ئەم دابەشکردنە کاری زانایانی پاشینە وەك: (أبو عمرو الداني ت ٤٤٤ﻫ)، (أبو الفضل الرازي ت ٤٥٤)، (السجاوندي ت٥٣٠ﻫ)و، پەسەندکراوی (ابن الجزري ت ٨٣٣ﻫ)یشە ڕەحمەتی خوایان لێبێت.

(١) وەستانی تەواوتر (تام)[١٨٨]: وەستانە لە سەر ڕستەیەکی تەواو کە نە لە ڕووی واتاو نە لە ڕووی (إعراب)ەوە هیچ پەیوەندیەکی بە پاش خۆیەوە نییە.

حوکمەکەی: وەستان باشترە، گەیاندنیش دروستە.

نموونە:

- کۆتایی ﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾
- کۆتایی چیرۆك و باسەکان وەك: ﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ﴾ (البقرة:٥)

چونکە باسی ئیمانداران کۆتایی دێت.

بەلاّم مەرجیش نییە لە کۆتایی هەموو باسێکدا بێت، وەك: ﴿مُّحَمَّدٞ رَّسُولُ ٱللَّهِۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ ...﴾ لێرەدا وەستان لەسەر وشەی ﴿ٱلله﴾ (تام)ەو باسەکەش کۆتایی نەهاتووە.

- زۆر جار دەکەوێتە کۆتایی ئایەتەکان.

جاری واش هەیە دەکەوێتە سەرەتای ئایەت وەك وەستان لەسەر ﴿وَبِٱلَّيۡلِۗ﴾ لە ئایەتی ﴿وَإِنَّكُمۡ لَتَمُرُّونَ عَلَيۡهِم مُّصۡبِحِينَ ١٣٧ وَبِٱلَّيۡلِۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ﴾ [الصافات: ١٣٧،١٣٨]

هەروەها وەستان لە سەر ﴿وَزُخۡرُفٗاۚ﴾ لە ئایەتی ﴿وَلِبُيُوتِهِمۡ أَبۡوَٰبٗا وَسُرُرًا عَلَيۡهَا يَتَّكِـُٔونَ ٣٤ وَزُخۡرُفٗاۚ وَإِن كُلُّ ذَٰلِكَ لَمَّا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا﴾ [الزخرف: ٣٤، ٣٥]

- هەندێ جاریش دەکەوێتە نزیك کۆتایی ئایەت وەك وەستان لە سەر ﴿أَذِلَّةٗ﴾ لە ئایەتی: ﴿قَالَتۡ إِنَّ ٱلۡمُلُوكَ إِذَا دَخَلُواْ قَرۡيَةً أَفۡسَدُوهَا وَجَعَلُوٓاْ أَعِزَّةَ أَهۡلِهَآ أَذِلَّةٗۖ وَكَذَٰلِكَ يَفۡعَلُونَ﴾[النمل:٣٤]

---

[١٨٨] تيسير علم التجويد ل: (٢٨٩–٢٩٥)، التبيين في أحكام تلاوة الكتاب المبين لا (٤٦٧–٤٧٧)

- جاروباریش دەکەوێتە ناوەڕاستی ئایەتەوە وەك وەستان لە سەر ﴿وَٱلۡمِيزَانَۗ﴾

﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ وَٱلۡمِيزَانَۗ وَمَا يُدۡرِيكَ لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ قَرِيبٞ﴾ [الشورى: ١٧]

نیشانەی لە (مصحف)دا: زۆر جار نیشانەی (قلی)ی بۆ دانراوە ئەگەر نەکەوتبێتە کۆتایی ئایەت[١٨٩]، لە کۆتایی ئایەتیشدا هیچ نیشانەیەکی بۆ دانەنراوە.

نیشانەکانی ناسینەوەی:

زۆر جار یەکێك لەمانەی خوارەوە بەدوایدا دێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم نیشانەیەم (۞) بۆ داناوە:

- پرسیار (استفهام)، وەك:

﴿ٱللَّهُ يَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فِيمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ۞ ٦٩ أَلَمۡ تَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۗ﴾ (الحج ٦٩-٧٠)

- پیتی (یا: النداء) وەك:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ۞ ٢٠ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ﴾ (البقرة: ٢٠-٢١)

- ئامرازی مەرج (شرط)، وەك: ﴿لَّيۡسَ بِأَمَانِيِّكُمۡ وَلَآ أَمَانِيِّ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِۗ ۞ مَن يَعۡمَلۡ سُوٓءٗا يُجۡزَ بِهِۦ...﴾ (النساء : ١٢٣)

- داخوازی (فعل الأمر)، وەك : ﴿ذَٰلِكَ ذِكۡرَىٰ لِلذَّٰكِرِينَ ١١٤ وَٱصۡبِرۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾ (هود: ١١٤-١١٥)

- جیاکردنەوەی ئایەتی سزا لە ئایەتی بەزەیی وەك:

﴿فَٱتَّقُواْ ٱلنَّارَ ٱلَّتِي وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُۖ أُعِدَّتۡ لِلۡكَٰفِرِينَ ۞ ٢٤ وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ (البقرة: ٢٤-٢٥)

---

[١٨٩] (النیسابوری)یش نیشانەی (ط)ی بۆ داناوە.

- **لادان لە هەواڵەوە بۆ چیرۆك وەك :** ﴿وَمِن قَوۡمِ مُوسَىٰٓ أُمَّةٞ يَهۡدُونَ بِٱلۡحَقِّ وَبِهِۦ يَعۡدِلُونَ ۝١٥٩ وَقَطَّعۡنَٰهُمُ ٱثۡنَتَيۡ عَشۡرَةَ أَسۡبَاطًا أُمَمٗاۚ﴾ (الأعراف: ١٦٠)

- **نەرێ (النفي)** ﴿وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخۡتَلَفُواْ فِي ٱلۡكِتَٰبِ لَفِي شِقَاقِۭ بَعِيدٖ ۝١٧٦ ۞لَّيۡسَ ٱلۡبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمۡ قِبَلَ ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ ...﴾ [البقرة: ١٧٧،١٧٨]

- **(النهي)** ﴿وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسۡنُ ٱلثَّوَابِ ۝١٩٥ لَا يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي ٱلۡبِلَٰدِ﴾ [آل عمران: ١٩٥، ١٩٦]

- **لە كاتی جیاكردنەوەی دوو دژ لە یەكتر وەك:** ﴿هَٰذَا هُدٗىۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ لَهُمۡ عَذَابٞ مِّن رِّجۡزٍ أَلِيمٌ﴾

- **تەواوبوونی قسە (القول) وەك:** ﴿إِذۡ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوۡمِهِۦ مَا تَعۡبُدُونَ﴾

- **دوای تەواوبوونی (إستثناء) وەك:** ﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ وَأَصۡلَحُواْ وَبَيَّنُواْ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَتُوبُ عَلَيۡهِمۡۚ وَأَنَا ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ۝١٦٠ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَمَاتُواْ وَهُمۡ كُفَّارٌ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَيۡهِمۡ لَعۡنَةُ ٱللَّهِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجۡمَعِينَ﴾ [البقرة: ١٦٠، ١٦١]

هەروەها وەستان لە سەر پیتە بچڕاوەكانی سەرەتای سورەتەكان و، كۆتایی ئایەتی فەرزەكان وەك نوێژو ڕۆژوو وزەكات و حەج و جیهادو، كۆتایی ئایەتەكانی ئەحكام وەك تەڵاق و عیددەو سوو و حەڵاڵ و حەرام و هتد ...

پاشکۆی وەستانی تەواوتر (التام):

یەکەم: وەستانی ڕوونکردنەوە (البیان) یاخود پابەند (اللازم):[190]

وەستانە لە سەر وشەیەك ئەگەر بگەیەنرێ بە وشەی دوای خۆی مانای ئایەتەکە پێچەوانە دەبێتەوە، یاخود دەیشێوێنێت.

حوکمی: وەستان لە سەری پێویستە.[191]

نیشانەی لە (مصحف)دا: زانایان بۆ ئەم جۆرە وەستانە سەرە پیتی میمیان (مـ) بە بچووکی بە نیشانە بۆ داناوەو بە میمی خەنجەری دەناسرێت.

نموونە:

﴿إِنَّمَا يَسۡتَجِيبُ ٱلَّذِينَ يَسۡمَعُونَ ۘ وَٱلۡمَوۡتَىٰ يَبۡعَثُهُمُ ٱللَّهُ﴾ (الأنعام:٣٦)

﴿فَلَا يَحۡزُنكَ قَوۡلُهُمۡ ۘ إِنَّا نَعۡلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعۡلِنُونَ﴾ (يس:٧٦)

﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَيَقُولُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًاۘ﴾ (البقرة: ٢٦)

﴿لَّقَدۡ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوۡلَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ فَقِيرٞ وَنَحۡنُ أَغۡنِيَآءُۘ﴾ (آل عمران: ١٨١)

﴿لَّقَدۡ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٖۘ وَمَا مِنۡ إِلَٰهٍ إِلَّآ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۚ﴾ (المائدة: ٧٣)

﴿أَوَلَمۡ يَتَفَكَّرُواْۗ مَا بِصَاحِبِهِم مِّن جِنَّةٍۚ﴾ (الأعراف:١٨٤)

لێرەشدا وەستان لە سەر وشەی ﴿يَتَفَكَّرُواْۗ﴾ پێویستە با لە (مصحف)یشدا نیشانەی وەستانی پێویستی بۆ دانەنرابێت، بۆ ئەوەی پیتی (ما) ببێتە (نافية)، چونکە لە کاتی گەیاندندا دەبێتە (موصولة)و مانای ئایەتەکە دەگۆڕێت.[192]

---

[190] ئەشمونی لە کتێبی (منار الهدى)دا ناوی ناوە ڕوونکردنەوە (البیان)، سەجاوەندیش ناوی ناوە پابەند (اللازم)، بەڵام ناوی (البیان) گونجاوترە چونکە بە هۆی وەستانەوە ماناکەی ڕوون و ڕۆشن دەبێتەوە.

[191] مەبەست لە پابەند (اللازم) پابەندی زاراوەییە نەك شەرعی، واتە وەستان پێویستە لە بەر تەواوبوونی ماناکەی نەك ئەوەی کە هەر کەس پێی هەستێ پاداشت وەردەگرێت و ئەوەشی ئەنجامی نەدات سزا دەدرێت. بڕوانە: تيسير علم التجويد ل: ٢٩٣، أحكام قراء القرآن ل: ٢٥٥.

[192] بڕوانە: تيسير الرحمن ل ٢٩٣

﴿لِّتُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكۡرَةً وَأَصِيلاً﴾ (الفتح:٩)

هەروەها لێرەشدا وەستان لە سەر وشەی ﴿وَتُوَقِّرُوه﴾ پێویستە، بۆ جیاکردنەوەی هەردوو ڕاناوی (هاء) لە یەکتر، چونکە ڕاناوی ﴿وَتُوَقِّرُوه﴾ بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دەگەڕێتەوەو، ڕاناوی (هاء)ی ﴿وَتُسَبِّحُوه﴾ بۆ خوای گەورە دەگەڕێتەوە.[193]

دووەم: وەستانی جیبریل (وقفُ جبريل[194]): وەستان لە سەری سوننەتە، چونکە جیبریل سەلامی خوای لێبێت لە سەری وەستاوە، هەروەها پێغەمبەریش (ﷺ) لەکاتی وتنەوەی بەدوای جیبریلدا لە سەری وەستاوە.

ئەم وەستانەش لە (١٠) شوێنی قورئانی پیرۆزدایە: [195]

---

[193] بڕوانە: حق التلاوة ل ١٠٢– ١٠٣.

[194] وەستانی پێغەمبەریشی (وقف النبيّ) (ﷺ) پیَ دوترێت.

[195] بڕوانە: هداية القاري إلى تجويد كلام الباري ل: ٣٧٦– ٣٨٢، هەروەها (١١) وەستانی تری (جبريل)ی لە سەرچاوەکانەوە هێناوەو دەڵێت هەموویان (صحيح)ن و خاوەنی (حق التلاوة) ل: ١٠٥و، (المنير)یش ل: ١٨٢، لێیەوە وەریانگرتووە کە ئەمانەن:

١– ﴿وَمَا تَفۡعَلُواْ مِنۡ خَيۡرٖ يَعۡلَمۡهُ ٱللَّهُۗ﴾ (البقره: ١٩٧)

٢– ﴿وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ﴾ (آل عمران: ٧)

٣– ﴿مِنۡ أَجۡلِ ذَٰلِكَ﴾ (المائدة: ٣٢)

٤– ﴿أَنۡ أَنذِرِ ٱلنَّاسَ﴾ (يونس: ٢)

٥– ﴿قُلۡ إِي وَرَبِّيٓ إِنَّهُۥ لَحَقّٞۖ﴾ (يونس: ٥٣)

٦– ﴿وَلَا يَحۡزُنكَ قَوۡلُهُمۡۘ﴾ (يونس: ٦٥)

٧– ﴿وَلَقَدۡ نَعۡلَمُ أَنَّهُمۡ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُۥ بَشَرٞۗ﴾ (النحل: ١٠٣)

٨– ﴿وَإِذۡ قَالَ لُقۡمَٰنُ لِٱبۡنِهِۦ وَهُوَ يَعِظُهُۥ يَٰبُنَيَّ لَا تُشۡرِكۡ بِٱللَّهِۖ﴾ (لقمان: ١٣)

٩– ﴿وَكَذَٰلِكَ حَقَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّهُمۡ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ﴾ (غافر: ٦)

بۆ دەستنیشانکردنی نیشانەی (۞)م بۆداناوە.

١- ﴿ وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا ۖ فَٱسْتَبِقُوا۟ ٱلْخَيْرَٰتِ ۚ ۞ أَيْنَ مَا تَكُونُوا۟ يَأْتِ بِكُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا ۚ ﴾ (البقرة:١٤٨)

٢- ﴿قُلْ صَدَقَ ٱللَّهُ ۗ ۞فَٱتَّبِعُوا۟ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ﴾ (آل عمران:٩٥)

٣- ﴿وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِى مَآ ءَاتَىٰكُمْ ۖ فَٱسْتَبِقُوا۟ ٱلْخَيْرَٰتِ ۚ ۞إِلَى ٱللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا﴾ (المائدة:٤٨)

٤- ﴿قَالَ سُبْحَٰنَكَ مَا يَكُونُ لِىٓ أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِى بِحَقٍّ ۚ ۞ إِن كُنتُ قُلْتُهُۥ فَقَدْ عَلِمْتَهُۥ ۚ﴾ (المائدة:١١٦)

٥- ﴿قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ ۚ ۞عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ۖ ﴾ (يوسف:١٠٨)

٦- ﴿كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَالَ ۞ ﴿١٧﴾ لِلَّذِينَ ٱسْتَجَابُوا۟ لِرَبِّهِمُ ٱلْحُسْنَىٰ ۚ ﴾ (الرعد:١٧)

٧- ﴿خَلَقَ ٱلْإِنسَٰنَ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ ﴿٤﴾ وَٱلْأَنْعَٰمَ ۗ خَلَقَهَا ۞ لَكُمْ فِيهَا دِفْءٌ وَمَنَٰفِعُ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴾ (النحل:٤)

٨- ﴿أَفَمَن كَانَ مُؤْمِنًا كَمَن كَانَ فَاسِقًا ۚ ۞لَّا يَسْتَوُۥنَ﴾ (السجدة:١٨)

٩- ﴿ثُمَّ أَدْبَرَ يَسْعَىٰ ﴿٢٢﴾ فَحَشَرَ ۞فَنَادَىٰ ﴿٢٣﴾﴾ (النازعات:٢٢-٢٣)

١٠- ﴿لَيْلَةُ ٱلْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ ﴿٣﴾ ۞تَنَزَّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا﴾ (القدر:٣-٤)

١٠- ﴿تَنَزَّلُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمْرٍ﴾ (القدر: ٤)

١١- ﴿فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَٱسْتَغْفِرْهُ﴾ (النصر: ٣)

(٢) وەستانی تەواو (الكافي): وەستانە لەسەر ڕستەیەك لە خودی خۆیدا مانای دروست دەبەخشێت، بەڵام لە ڕووی واتاوە -نەك لە ڕووی (إعراب)ەوە- پەیوەندی بە دوای خۆیەوە ماوە.

حوکمی ئەم وەستانە: وەستان و گەیاندن وەك یەك پەسەندکراوە.

نیشانەی وەستانی (کافي): زۆر جار لە (مصحف)دا نیشانەی (ج)ی بۆ دانراوە، واتە: وەستان و نەوەستان وەك یەکن.

نموونە:

﴿أَمۡ لَمۡ تُنذِرۡهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ﴾ [البقرة: ٦]

﴿فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ﴾ [البقرة: ١٠]

وەستان لە سەر وشەی (الْبَيْتِ) لە ئایەتی: ﴿فَلۡيَعۡبُدُواْ رَبَّ هَٰذَا ٱلۡبَيۡتِ ٣ ٱلَّذِيٓ أَطۡعَمَهُم مِّن جُوعٖ وَءَامَنَهُم مِّنۡ خَوۡفِۭ ٤﴾ (قريش ٣-٤)

زۆرجار دەکەوێتە کۆتایی ئایەتەوە وەك کۆتایی ئایەتەکانی هەر یەك لە سورەتەکانی [الجنّ، المدثّر، التكوير، الإنفطار، الإنشقاق]

نیشانەکانی وەستانی (کافي):

زۆر جار یەکێك لە مانەی خوارەوە بە دوایدا هاتووە:[١٩٦]

- (مبتدأ)، وەك: ﴿وَإِذَا خَلَوۡاْ إِلَىٰ شَيَٰطِينِهِمۡ قَالُوٓاْ إِنَّا مَعَكُمۡ إِنَّمَا نَحۡنُ مُسۡتَهۡزِءُونَ ١٤ ٱللَّهُ يَسۡتَهۡزِئُ بِهِمۡ﴾ (البقرة:٨٥)

- کردار (فعل) وەك: ﴿وَإِن مِّنكُمۡ إِلَّا وَارِدُهَاۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتۡمٗا مَّقۡضِيّٗا﴾ (المائدة:٩٥)

---

[١٩٦] أضواء البيان في معرفة الوقف والأبتداء جمال إبراهيم القِرش ل ١٥- ١٦، التبيين ل: ٤٧٩-٤٨١.

- (مفعول به) (فعل)يْكى (محذوف) وەك: ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ۝ ٣٠ مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَٱتَّقُوهُ﴾ (الروم: ٣٠)

- (إن)ى ژێردار (مكسور): ﴿أَمَّنْ هَٰذَا ٱلَّذِى هُوَ جُندٌ لَّكُمْ يَنصُرُكُم مِّن دُونِ ٱلرَّحْمَٰنِ ۚ ۝ إِنِ ٱلْكَٰفِرُونَ إِلَّا فِى غُرُورٍ﴾ (الملك: ٢١،٢٠)

- (بل): ﴿وَقَالُوا۟ قُلُوبُنَا غُلْفٌ ۚ ۝ بَل لَّعَنَهُمُ ٱللَّهُ بِكُفْرِهِمْ فَقَلِيلًا مَّا يُؤْمِنُونَ﴾ (البقرة: ٨٨)

تێبینی: هەندێ جاریش وەستان لە پێش (بل)ەوە نیشانەی وەستانی باشە (الوقف الحسن).

- (لا): ﴿وَٱلْقَمَرَ قَدَّرْنَٰهُ مَنَازِلَ حَتَّىٰ عَادَ كَٱلْعُرْجُونِ ٱلْقَدِيمِ ۝ ٣٩ ۝ لَا ٱلشَّمْسُ يَنۢبَغِى لَهَآ أَن تُدْرِكَ ٱلْقَمَرَ وَلَا ٱلَّيْلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِ ۚ﴾ (يس: ٤٠)

- (سين) و(سوف)﴿أَشَهِدُوا۟ خَلْقَهُمْ ۚ ۝ سَتُكْتَبُ شَهَٰدَتُهُمْ وَيُسْـَٔلُونَ﴾(الخرف: ١٩)

﴿قُلْ يَٰقَوْمِ ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّى عَامِلٌ ۖ ۝ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن تَكُونُ لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِ ۗ﴾ (الأنعام: ١٣٥)

- نەرێ (النفي) يان (استفهام) وەك: ﴿فَأَعْقَبَهُمْ نِفَاقًا فِى قُلُوبِهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ يَلْقَوْنَهُۥ بِمَآ أَخْلَفُوا۟ ٱللَّهَ مَا وَعَدُوهُ وَبِمَا كَانُوا۟ يَكْذِبُونَ ۝ ٧٧ ۝ يَعْلَمُوٓا۟ أَلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَىٰهُمْ﴾ (التوبة: ٧٧)

- (نعم) و (بئس) وەك: ﴿وَوَهَبْنَا لِدَاوُۥدَ سُلَيْمَٰنَ ۚ نِعْمَ ٱلْعَبْدُ ۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ﴾ (ص: ٣٠)

تێبینی: لە وەستانی تەواو (الوقف الكافي)دا پلەبەندی هەیە، بۆ نموونە:

﴿فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ﴾ وەستانێکی تەواوە

﴿فَزَادَهُمُ ٱللَّهُ مَرَضًا ۖ﴾ لە یەکەم تەواوترە

﴿وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمُۢ بِمَا كَانُواْ يَكۡذِبُونَ﴾ لە هەردووکیان تەواترە.

(٣) وەستانی باش (الحسن): وەستانە لە سەر وشەیەك مانای دروست بێت، بەڵام لە ڕووی ماناو (إعراب)ەوە پەیوەندی بە پاش خۆیەوە هەیە.

حوکمی ئەم وەستانە: وەستان لە سەری باشو دروستە بەو وشەیەی کە بەدوای وەستانەکەدا دێت دەست پێبکەیتەوە بە مەرجێك واتایەکی ناشیرین نەگەیەنێت.

وەکو: وەستان لەسەر ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾ی سوڕەتی (الفاتحة) کە وەستانێکی باشە، بەڵام دەستپێکردن بە ﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ دەستپێکرنێکی ناشیرینە.

هەروەها وەستان لە سەر وشەی ﴿ٱلرَّسُولَ﴾ باشە بەڵام دەستپێکردن بە﴿وَإِيَّاكُمۡ ۙ أَن تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ رَبِّكُمۡ ...﴾ [الممتحنة: ١] دروست نییەو دەبێتە وەستانێکی ناشیرین.

بەڵام ئەگەر کۆتایی ئایەت بوو پێویست بە گەڕانەوە ناکات، چونکە وەستان لە سەر کۆتایی ئایەتەکان سوننەتە هەروەك (أمّ سلمة) خوای لێ ڕازیبێت لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاویەتیەوە،[197] ئەمیش بە مەرجێك پەیوەندی زۆری بە پاش خۆیەوە نەبێت گەرنا وا باشترە بگەڕێتەوە بۆ وشەیەکی گونجاو با لە کۆتایی ئایەتیشدا وەستابێت.[198]

نموونە: ﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّكُمۡ تَتَفَكَّرُونَ ۝٢١٩ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ ۗ﴾ (البقرة: ٢١٩،٢٢٠)

---

[197] بڕوانە لاپەڕە ٢٧.

[198] بڕوانە: تيسير علم التجويد ل: ٢٩٧-٣٠١،

﴿قَالَ إِنِّىٓ أُشۡهِدُ ٱللَّهَ وَٱشۡهَدُوٓاْ أَنِّى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ۝ مِن دُونِهِۦۖ﴾ (هود:٥٤، ٥٥)

نیشانەی وەستانی باش: زۆربەی جار لە (مصحف)دا نیشانەی (صلی)ی بۆ دانراوە، لە کاتێکدا ئەگەر دەستپێکردن بەدوای وەستانەکەوە دروستبێت.[199]

ئیبنولجەزەری سەبارەت بە هەر سێ جۆری وەستانەکان دەڵێت:

.... وَهْيَ تُقْسَـــــــمُ إِذَنْ	ثَلَاثَةً تَامٌ وكَافٍ وَحَسَــــنْ
وَهْيَ لِمَا تَمَّ فَإِنْ لَمْ يُوجَـــدِ	تَعَلُّقٌ أَوْ كَانَ مَعْنًى فَابْتَـــدِي
فَالتَّامُ فَالْكَافِي ولَفْظًا فَامْنَعَنْ	إِلَّا رُؤُوسَ الآيِ جَوِّزْ فَالْحَسَنْ

سوود: وەستانی چاودێری (وقف المراقبة)[200]**: بریتیە لە کۆبونەوەی دوو شوێنی گونجاو بۆ وەستان ئەگەر لە شوێنێکیاندا وەستا نابێت لەوی تریاندا بوەستێت بۆ ئەوەی واتاکە تێك نەچێت.**

حوکمی: دروستە لە یەکێکیاندا بوەستێت، دەشتوانێت لە هیچیاندا نەوەستێت.

هۆی ناونانی: پێی دەوترێت (وقف المراقبة) چونکە قورئانخوێن لە یەکەمیاندا دەوەستێت و چاودێری ئەوی تریان دەکات بۆ ئەوەی لە سەری نەوەستێت.

هەروەها (وقف التعانق)یشی پێ دەگوترێت، چونکە هەردوو وەستانەکە ئەوەندە لە یەکەوە نزیکن وەك ئەوە وایە دەستیان لە ملی یەکتری کردبێت. ئەم جۆرە وەستانە لە (٣٥) ئایەتی قورئانی پیرۆزدا هەڵهێنراوە، لە (١٤) شوێندا وەستانی یەکەمیان کۆتایی ئایەتە.

نیشانەی لە (مصحف)دا: نیشانەی (∴ ∴)ی بۆ دانراوە.

نموونە: ﴿ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَ ۛ فِيهِ ۛ هُدًى لِّلۡمُتَّقِينَ﴾

---

[199] بڕوانە: أضواء البيان في معرفة الوقف والأبتداء، جمال إبراهيم القِرش ل ١٨.

[200] بڕوانە: تيسير علم التجويد لا: ٣٠٢- ٣-٥، إحكام الأحكام ل ٢٦.التبيين لا: ٤٨٤-٤٨٥،

(٤) وەستانی ناشیرین (قبیح):[٢٠١] وەستانە لە سەر وتەیەك لە خودی خۆیدا لە ڕووی وشەو ماناوە واتای تەواو نابەخشێت، لە بەر پەیوەست بوونی بە پاش خۆیەوە هەر بۆیە مانایەکی بیٚ مەبەست یاخود خراپ دەگەیەنێت.

حوکمی ئەم وەستانە: دروست نییە لە کاتی ناچاریدا نەبێت، وەك: کۆکەو پژمەو هەناسە توندی، لەم بارەشدا پێویستە لە کاتی دەستپێکردنەوەدا بگەڕێتەوە بۆ پێش وەستانەکە بۆ ئەو شوێنەی مانایەکی دروست دەبەخشێت.

ئیبنولجەزەری دەڵێت:

وَغَيْرُ مَا تَمَّ قَبِيْــحٌ وَلَهُ   الْوَقْفُ مُضْطَرًّا وَيَبْدا قَبْلَه.

وەستانی (قبیح) چوار شێوەی هەیە:

١- دەقە پیرۆزەکە والیٚ دەکات کە هیچ واتایەك نەبەخشیٚ، وەکو:

وەستان لە سەر ﴿وَهَل أَتَىٰكَ﴾ ی ئایەتی ﴿وَهَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ مُوسَىٰٓ ﴾ (طه ٩)

وەستان لە سەر ﴿ٱسۡمَ ﴾ ئایەتی ﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى ﴾ (الأعلى: ١)

٢- واتایەك دەبەخشێت کە پەروەردگار مەبەستی ئەو واتایە نیە، وەك وەستان لە سەر وشەی ﴿وَٱلۡمَوۡتَىٰ﴾ی ئایەتی:﴿إِنَّمَا يَسۡتَجِيبُ ٱلَّذِينَ يَسۡمَعُونَ وَٱلۡمَوۡتَىٰ﴾(الأنعام:٣٦)

یاخود وەستان لەسەر وشەی ﴿ٱلصَّلَوٰةَ﴾ی ئایەتی: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَـٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعۡلَمُواْ مَا تَقُولُونَ ﴾ (النساء ٤٣)

٣- وەستان لە سەر وشەیەك کە واتاکەی شایستە نەبێت بەخوای پەروەردگار، یاخود واتایەك بگەیەنیٚ کە پێچەوانەی بیرو باوەڕی ئیسلامیی بێت، وەکو وەستان لە سەر وشەی ﴿لَا يَهۡدِى﴾ لە ئایەتی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِى ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَـٰسِقِينَ ﴾ (المنافقون ٦)

---

[٢٠١] بڕوانە: تیسیر الرحمن ل ٢٩٩- ٣٠٠، تیسیر ل: ٣٠٦- ٣٠٩، التبیین ل:٥٠١- ٥٠٤.
سەحاوەندی ناوی ناوە وەستانی قەدەغە (القوف الممنوع).

هەروەها وەستان لە سەر ﴿لَا يَسۡتَحۡيِۦ﴾ لە ئایەتی: ﴿وَٱللَّهُ لَا يَسۡتَحۡيِۦ مِنَ ٱلۡحَقِّۚ﴾ (الأحزاب: ٥٣)

٤- وەستانی زۆر لە خۆکردن (التعسّف): وەستانە لە سەر وشەیەك کە مانایەکی بێ مەبەست دەگەیەنێت، ئەم جۆرەش هەندێ لە بەناو قورئانخوێنەکان بە ناڕەوایی لە سەری دەوەستن. نموونە:

وەستان لە سەر وشەی ﴿فَلَا جُنَاحَ﴾ وپاشان دەستپێکردن بە ﴿عَلَيۡهِ﴾ لە ئایەتی:

﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلۡمَرۡوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِۖ فَمَنۡ حَجَّ ٱلۡبَيۡتَ أَوِ ٱعۡتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَاۚ﴾ (البقرة:١٥٨)

وەستان لە سەر ﴿لَا تُشۡرِكۡ﴾ لە ئایەتی: ﴿وَإِذۡ قَالَ لُقۡمَٰنُ لِٱبۡنِهِۦ وَهُوَ يَعِظُهُۥ يَٰبُنَيَّ لَا تُشۡرِكۡ بِٱللَّهِۖ إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٌ﴾ (لقمان: ١٣)

نیشانەی وەستانی ناشیرین لە (مصحف)دا: سەجاوەندی نیشانەی (لا)ی بۆ داناوە، واتە: لە سەری مەوەستە.

دووەم: دەستپێكردن (الابتداء)

دەستپێكردن: بریتیە لە دەستپێكردنەوەی خوێندن پاش بچڕاندن یاخود وەستانو كۆتاییهێنان بە خوێندن، دەستپێكردنەوەش بە ویستی خوێنەرەو ناچاریی تێدا نییە، دەكرێت بە دوو بەشی سەرەكیەوە:

(١) دەستپێكرنی دروست (الابتداء الجائز):

دەستپێكردنە بە واتایەك لە خودی خۆیدا سەربەخۆیەو واتایەك ڕووندەكاتەوە كە پێچەوانە نییە لە گەڵ ئەوەی خوای گەورە ویستوویەتی. دەبێت بەسێ بەشیشەوە:

١- دەستپێكرنی تەواوتر (الابتداء التام): دەستپێكردنێكە بە دوای وەستانی (تام)دا دێت، یاخود دەستپێكردنێكە لە ڕووی (إعراب)و واتاوە هیچ پەیوەندیەكی بە پێش خۆیەوە نییە.

وەك: دەستپێكردن بە سەرەتای سوڕەتەكان، چیرۆكەكان، ئایەتەكانی ئەحكام، سیفەتەكانی ئیمانداران یاخود بێباوەڕان یاخود دوو ڕووان، سەرەتای باسكردنی بەهەشت یاخود دۆزەخ، یاخود پاش وەستانی تەواوتر (التام)و ڕوونكردنەوە (البیان).[٢٠٢]

٢- دەستپێكرنی تەواو (الإبتداء الكافي): دەستپێكردنێكە بە دوای وەستانی (كافي)دا دێت، یاخود دەستپێكردنە بە ڕستەیەك كە واتایەكی تەواو دەبەخشێت، بەڵام هەر لەڕووی واتاوە پەیوەندی بە پێش خۆیەوە هەیە، وەك:

﴿أُوْلَـٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدٗى مِّن رَّبِّهِمۡۖ﴾ (البقرة:٥)

﴿وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمُۢ بِمَا كَانُواْ يَكۡذِبُونَ﴾ (البقرة:١٠)

٣- دەستپێكرنی باش (الابتداء الحسن): دەستپێكردنێكە بەدوای وەستانی (باش)دا دێت، یاخود دەستپێكردنە بەڕستەیەك لە ڕووی ماناو (إعراب)ەوە پەیوەندی بە پێش خۆیەوە هەیە.

---

[٢٠٢] المذكرة في التجويد ل ٨٨، تیسیر علم التجوید ل: ٣١٣.

وەك:

دەستپێكردن بە ﴿مِن قَبۡلُ﴾ لە ئایەتی: ﴿...وَأَنزَلَ ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ ۝ مِن قَبۡلُ هُدٗى لِّلنَّاسِ وَأَنزَلَ ٱلۡفُرۡقَانَۗ﴾ (آل عمران: ٣-٤)

هەروەها دەستپێكردن بە ﴿مَن يَقُولُ﴾ لە ئایەتی: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَمَا هُم بِمُؤۡمِنِينَ﴾ (البقرة:٨)

(٢) دەستپێكرنی ناشیرین (الابتداء القبیح):

دەستپێكردنە بە ڕستەیەك كە هیچ مانایەك نابەخشێ یاخود دەیشێوێنێ یاخود مانایەك دەبەخشێ كە خوای گەورە مەبەستی نییە، بۆیە پێویستە لە سەر قوڕئانخوێن خۆی لەم جۆرە دەستپێكردنانە بپارێزێت هەرچەندە بە مەبەستی خراپیشەوە نەبێت.

بۆ نموونە دەستپێكردن بە:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ فَقِيرٞ وَنَحۡنُ أَغۡنِيَآءُۘ﴾ (آل عمران: ١٨١)

﴿إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٖۘ﴾ (المائدة: ٧٣)

﴿يَدُ ٱللَّهِ مَغۡلُولَةٌۚ﴾ (المائدة: ٦٤)

﴿عُزَيۡرٌ ٱبۡنُ ٱللَّهِ﴾ (التوبة: ٣٠)

﴿ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ ٱللَّهِۖ﴾ (التوبة: ٣٠)

وەستان (السَّكت)

السكت: وەستان یاخود بێدەنگبوون لە سەر وشەیەکی قورئانی پیرۆز بۆ ماوەیەکی کەم (٢جووڵە) بە بێ هەناسەدان.[٢٠٣]

شوێنەکانی (السّکت) لە قورئانی پیرۆزدا: لە ریوایەتی (حفص) لە (عاصم)ەوە لە رێگای (الشاطبیة)وە چوار (سکتة)ی ئەرك (واجب) هەن کە ئەمانەن:

١- وەستان (سکتة) لە سەر پیتی ئەلیفی وشەی (عِوَجَا) لە ئایەتی ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَىٰ عَبۡدِهِ ٱلۡكِتَٰبَ وَلَمۡ يَجۡعَل لَّهُۥ عِوَجَاۜ ۝١ قَيِّمٗا...﴾ (الکهف ١-٢) **ئەمەش لە باری گەیاندندا، ئەگینا وەستان لە سەر وشەی ﴿عِوَجَا﴾ دروستە چونکە کۆتایی ئایەتە.**

٢- وەستان (سکتة) لە سەر پیتی ئەلیفی وشەی ﴿مَّرۡقَدِنَاۜ﴾ لەئایەتی: ﴿قَالُواْ يَٰوَيۡلَنَا مَنۢ بَعَثَنَا مِن مَّرۡقَدِنَاۜۗ هَٰذَا مَا وَعَدَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَصَدَقَ ٱلۡمُرۡسَلُونَ﴾ (یس:٥٢)

لێرەدا وەستانی تەواو (الوقف التام)یش دروستە.

٣- وەستان (سکتة) لە سەر پیتی نونی وشەی ﴿مَنۡ﴾ لە ئایەتی:

﴿وَقِيلَ مَنۡۜ رَاقٖ﴾ (القیامة: ٢٧)

٤- وەستان (سکتة) لە سەر پیتی لامی وشەی ﴿بَلۡ﴾ لە ئایەتی ﴿كَلَّاۖ بَلۡۜ رَانَ عَلَىٰ قُلُوبِهِم مَّا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ﴾ (المطففین: ١٤)

نیشانەی (سکتة)کان لە (مصحف)دا: زانایان پیتی (س) بە بچووکی لە سەر پیتی کۆتایی وشەکە بە نیشانە بۆ داناوە.

---

[٢٠٣] **بڕوانە: غایة المرید في علم التجوید ل ٢٣٤-٢٣٥.**

پێشەوا (الشاطبي)یش بە دوو دێر ئاماژەی بۆ (سکتة)کانی (حفص) کردووە:[٢٠٤]

وَسَكْتَةُ حَفْصٍ دُونَ قَطْعٍ لَطِيفَةٌ عَلَى أَلِفِ التَّنْوِينِ فِي عِوَجــــاً بَلاَ
وَفِي نُونٍ مَنْ رَاقٍ وَمَرْقَـــدِنَا وَلاَ مِ بَلْ رَانَ وَالْبَاقُونَ لاَ سَكْتَ مُوصَلاَ

هەروەها دوو (سكتة)ی تریش لە (حفص)ەوە ڕیوایەتکراوە، بەڵام ئەرك (واجب) نین بەڵکو ڕێپێدراو (جائز)ن:

١- وەستان (سكتة)ی نێوان سورەتی (الأنفال)و (التوبة)، کە یەکێکە لە سێ شێوازی گەیاندنی ئەم دوو سورەتە بە یەکەوە، واتە: بچڕاندنی هەردووکیان، گەیاندنی هەردووکیان بە بێ وەستانو بە بێ (سكتة)، (سكتة) لە نێوانیاندا.

٢- وەستان (سكتة) لە سەر پیتی های وشەی (مَالِيه) لەئایەتی: ﴿مَآ أَغْنَىٰ عَنِّى مَالِيَهْ ۜ ﴿٢٨﴾ هَلَكَ عَنِّى سُلْطَـٰنِيَهْ﴾ (الحاقه: ٢٩،٢٨)

لێرەشدا خوێندنەوەی بە وەستان (سكتة)و بە بێ وەستان (سكتة)ش دروستە، بەڵام وەستان (سكتة)کە لە پێشترە، بەڵام ئەگەر بە بێ (سكتة) خوێنرایەوە پێویستە هەردوو پیتی (هـ) تێهەڵکێش بکرێن، چونکە تێهەڵکێشی لێکچووی بچووکن.[٢٠٥]

---

[٢٠٤] بڕوانە: متن الشاطبية المسمى حرز الأماني ووجه التهاني في القراءات السبع للشاطبي، لا ٦٦.

[٢٠٥] بڕوانە: تيسير الرحمن ل ٣٠٤.

نیشانەکانی وەستان

م: نیشانەی وەستانی پاپەند (لازم).

قلی: نیشانەی وەستانی تەواوی ڕەها (التام المطلق)، واتە: وەستان (وقف) چاکترە.

ج: نیشانەی وەستانی تەواو (الوقف الکافي)، واتە: وەستان و گەیاندن وەك یەکن.

صلی: نیشانەی وەستانی باش، بەڵام گەیاندن (وصل) چاکترە.

لا: نیشانەی وەستانی ناشیرینە، واتە: (الوقف القبیح)

∴ ∴: ئەگەر لەسەر یەکێك لەم دوو نیشانەیە بوەستی لە سەر ئەوی تریان ناوەستی، دەشتوانی لە سەر هیچ کامیان نەوەستی.

وەستان لە سەر کۆتایی وشەکان

قورئانخوێن دەتوانێ بە سێ شێوە لە سەر کۆتایی وشەکانی قورئانی پیرۆز بوەستێ:[206]

١- زەنگەی ڕووت (السکون المحض): ئەم شێوەیە بنچینەیە (أصل) لە وەستاندا، چونکە عەرەب لە قسەکردندا بەزەنە (ساکن) دەستپێناکەن و بە بزوایش (متحرّك) کۆتایی بە قسەکردن ناهێنن.

٢- الرَّوم: دەربڕینی بەشێك لە جوولە (حرکة)ی کۆتایی وشەکە، بە شێوەیەك کەسی نزیکی گوێگر بیبیستێ و کەسی دوور نەیبیستێ. مەبەست لە جوولە (ضمّة)و (کسرة)یەو هیچ جیاوازییەك نییە ئەگەر وشەکە (مبني) یاخود (مُعرب) بێت. زۆرێك لە زانایان دەڵێن دوو لە سەر سێی جوولە (حرکة)ی پیتەکە دەمێنێتەوە.

تێبینی: لەم دۆخانەی خوارەوەدا (ڕَوم) قەدەغەیە:

أ- ئەگەر کۆتایی وشەکە سەر (فتحة) بوو.

ب- لە میمی کۆ (جمع)دا، وەك: ﴿كُتِبَ عَلَيۡكُمُ﴾ تەنها بەزەنە لە سەری دەوەستیت.

ت- (هاء التأنيث) یاخود (التاء المربوطة) چونکە لە سەری بوەستی دەبێتە پیتی (ـە)، وەك: ﴿وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ﴾

ث- های ڕاناو (هاء الضمير) لە سەر ڕای بەهێزی زانایان، وەك: ﴿إِنَّهُۥ﴾، ﴿عَلَيۡهِ﴾

ج- ژێر (کسرة)ی کاتی (عارض)، وەك: ﴿أَمِ ٱرۡتَابُوٓاْ﴾

٣- الإشمام: کۆکردنەوەی لێو لە پاش زەنگەدارکردنی (إسکان) پیتە بۆر (ضمّة) دارەکە بە بێ دەربڕینی دەنگ، بە شێوەیەك چاوساغ دەیبینێت و نابینا نایبینێت. واتە شێوەی هەردوو لێو وەك شێوەی دەربڕینی پیتی واوی لێدێت. کەواتە (إشمام) شێوازە نەك دەنگ.

---

[206] بڕوانە: فتح رب البريّة ل ٥٨- ٥٩.

سوودی (ڕَوم)و (إشمام):[207]

ڕوونكردنەوەو دەرخستنی جووڵە (حركة)ی بنچینەیی (أصلي) وشەكەیە بۆ بیسەر لە كاتی (ڕَوم)داو، بۆ بینەریش لە كاتی (إشمام)دا.

تێبینی:

یەكەم–(إشمام) حوكمی وەستان لە سەر زەننە (الوقف بالسكون)ی هەیە، هەر بۆیە لە گەڵیدا درێژكردنەوەی توشهاتوو بە زەننە (العارض للسكون) درێژدەكرێتەوە بە مەرجیٛ پیتی كۆتایی وشەكە بۆر (ضمة)دار بێت.

سێیەم: (ڕَوم)یش حوكمی گەیاندن (وصل)ی هەیە، بۆیە درێژكردنەوەی توشهاتوو بەزەننە (العارض للسكون) لە گەڵیدا درێژ ناكرێتەوە.[208]

دووەم: سەبارەت بە وشەی ﴿لَا تَأْمَنَّا﴾ (یوسف:١١) لە ریوایەتی (حفص)دا پێویستە بە (إشمام) یاخود بە(ڕَوم) بخوێنرێتەوە، بۆیە لە سەر قورئانخوێن پێویستە لە دەمی ماموٚستایانی شارەزاو مۆڵەت پێدراوەوە فێری ببێت.[209]

چوارەم: ئەگەر كۆتایی وشەكە (تنوین)ی (ضمّة)و (كسرة) بوو لە كاتی (ڕَوم)دا (تنوین)ەكە لادەبەین و بە بەشێكی (ضمّة) یاخود (كسرة)كە لە سەری دەوەستین.[210]

ئیبنولجەزەری دەڵێت:

وَحَاذِرِ الْوَقْفَ بِكُلِّ الْحَرَكَهْ   إلاّ إذَا رُمْتَ فَبَعْضُ الْحَرَكَهْ
إلاَّ بِفَتْحٍ أَوْ بِنَصْبٍ ، وَأَشِمّ   إِشَارَةً بِالضَّمِّ فِي رَفْعٍ وَضَمّ.

بۆ ئاسانكردنی ئەم بابەتە – وەستان لە سەر كۆتایی وشەكان – ئەو وشانەی لە سەری دەوەسترێت لە (١٠) جۆردا هەڵهێنراون و لەم خشتەیەدا بە كورتی ڕوونكراوەتەوە:[211]

---

[207] تيسير الرحمن ل ٢٣٨، أحكام قراءة القرآن للحصري ل ٢٣٦.

[208] وانەكانی د. أيمن سويد.

[209] هەمان سەرچاوە.

[210] هەمان سەرچاوە.

[211] أحكام قراءة الرآن للحصري ل: ٢٣٧– ٢٥٠، المنير في أحكام التجويد ل: ١٩٦– ٢٠٣.

ژ	جۆر	جووڵەی پیتی کۆتایی	نموونە	شێوەکانی وەستان
١	زەنەی بنچینەیی	زەنە	فَلَا تَنْهَرْ	١- زەنەی ڕووت
٢	بزواو لەکاتی گەیاندناو پێشەوەی پیتی درێژکردنەوە (المدّ)و ئاسان (اللین) نەبێت	سەردار (مفتوح)	هُنَالِكَ	١- زەنەی ڕووت
		ژێردار (مكسور)	رَبِّ	١- زەنەی ڕووت ٢- الروم
		بۆردار (مضموم)	لَهُ ٱلْحَمْدُ	١- زەنەی ڕووت ٢- الروم ٣- الإشمام
٣	درێژکردنەوەی توشهاتوو بەزەنە یاخود ئاسان (اللین)	سەردار (مفتوح)	ٱلدِّينَ ٱلْقَوْلَ	١- زەنە لەگەڵ (٢) جووڵە ٢- زەنە لەگەڵ (٤) جووڵە ٣- زەنە لەگەڵ (٦) جووڵە
		ژێردار (مكسور)	مَتَابِ ٱلْحُسْنَيَيْنِ	١- زەنە لەگەڵ (٢) جووڵە ٢- زەنە لەگەڵ (٤) جووڵە ٣- زەنە لەگەڵ (٦) جووڵە ٤- (الروم) لەگەڵ (٢) جووڵە
		بۆردار (مضموم)	نَسْتَعِينُ	١- زەنە لەگەڵ (٢) جووڵە ٢- زەنە لەگەڵ (٤) جووڵە ٣- زەنە لەگەڵ (٦) جووڵە ٤- (الروم) لەگەڵ (٢) جووڵە ٥- (الإشمام) لەگەڵ (٢) جووڵە ٦- (الإشمام) لەگەڵ (٤) جووڵە ٧- (الإشمام) لەگەڵ (٦) جووڵە
٤	(تنوین)دار	سەردار (مفتوح)	عَلِيمًا	١- گۆڕینی (تنوین) بۆ ئەلیف
		ژێردار (مكسور)	حَمِيدٍ	١- زەنە لەگەڵ (٢) جووڵە ٢- زەنە لەگەڵ (٤) جووڵە ٣- زەنە لەگەڵ (٦) جووڵە

<table dir="rtl">
<tr><td rowspan="2"></td><td rowspan="2"></td><td></td><td></td><td>٤- (الروم) لەگەڵ (٢)جووڵە</td></tr>
<tr><td>بۆردار
(مضموم)</td><td>سَمِيعٌ</td><td>١- زەننە لەگەڵ (٢) جووڵە
٢- زەننە لەگەڵ (٤) جووڵە
٣- زەننە لەگەڵ (٦) جووڵە
٤- (الروم) لەگەڵ (٢) جووڵە
٥- (الإشمام) لەگەڵ (٢) جووڵە
٦- (الإشمام) لەگەڵ (٤) جووڵە
٧- (الإشمام) لەگەڵ (٦) جووڵە</td></tr>
<tr><td rowspan="3">٥</td><td rowspan="3">درێژکردنەوەی
پێویستی لکاو</td><td>سەردار (مفتوح)</td><td>شَآءَ</td><td>١- زەننە لەگەڵ (٤) جووڵە
٢- زەننە لەگەڵ (٥) جووڵە
٣- زەننە لەگەڵ (٦) جووڵە</td></tr>
<tr><td>ژێردار (مكسور)</td><td>مِّنَ ٱلسَّمَآءِ</td><td>١- زەننە لەگەڵ (٤) جووڵە
٢- زەننە لەگەڵ (٥) جووڵە
٣- زەننە لەگەڵ (٦) جووڵە
٤- (الروم) لەگەڵ (٤) جووڵە
٥- (الروم) لەگەڵ (٥) جووڵە</td></tr>
<tr><td>بۆردار
(مضموم)</td><td>يَشَآءُ</td><td>١- زەننە لەگەڵ (٤) جووڵە
٢- زەننە لەگەڵ (٥) جووڵە
٣- زەننە لەگەڵ (٦) جووڵە
٤- (الروم) لەگەڵ (٤) جووڵە
٥- (الروم) لەگەڵ (٥) جووڵە
٦- (الإشمام) لەگەڵ (٤) جووڵە
٧- (الإشمام) لەگەڵ (٥) جووڵە
٨- (الإشمام) لەگەڵ (٦) جووڵە</td></tr>
<tr><td rowspan="2">٦</td><td rowspan="2">درێژکردنەوەی
پابەند (المدُّ اللازم)</td><td>سەردار (مفتوح)</td><td>صَوَآفَّ</td><td>١- زەننە لەگەڵ (٦) جووڵە</td></tr>
<tr><td>ژێردار (مكسور)</td><td>مُضَآرٍّ</td><td>١- زەننە لەگەڵ (٦) جووڵە
٢- (الروم) لەگەڵ (٦) جووڵە</td></tr>
</table>

ژ			نموونە	
		بۆردار (مضموم)	وَٱلدَّوَآبُّ	١- زەننە لەگەڵ (٦) جووڵە ٢- (الروم) لەگەڵ (٦) جووڵە ٣- (الإشمام) لەگەڵ (٦) جووڵە
٧	هاى ڕاناو (هاء الكناية)		قُلْتُهُۥ	١- زەننەی ڕووت
			بِهِۦ	١- زەننەی ڕووت
			وَمَا قَتَلُوهُ رَأَوْهُ	١- زەننە لەگەڵ (٢) جووڵە ٢- زەننە لەگەڵ (٤) جووڵە ٣- زەننە لەگەڵ (٦) جووڵە
			فَأَلْقِيهِ إِلَيْهِ	١- زەننە لەگەڵ (٢) جووڵە ٢- زەننە لەگەڵ (٤) جووڵە ٣- زەننە لەگەڵ (٦) جووڵە
			مِنْهُ	١- زەننەی ڕووت ٢- (الرّوم) ٣- (الإشمام)
			عَلِمْتَهُۥ دَلْوَهُۥ	١- زەننەی ڕووت ٢- (الروم) ٣- (الإشمام)
			عَلَّمْنَهُ	١- زەننە لەگەڵ (٢) جووڵە ٢- زەننە لەگەڵ (٤) جووڵە ٣- زەننە لەگەڵ (٦) جووڵە ٤- (الروم) لەگەڵ (٢) جووڵە ٥- (الإشمام) لەگەڵ (٢) جووڵە ٦- (الإشمام) لەگەڵ (٤) جووڵە ٧- (الإشمام) لەگەڵ (٦) جووڵە
٨	هاء التأنيث		رَحْمَةً وَرَحْمَةٌ	دەبێت بە هاى زەننەدار

			رَحۡمَةٍ	
		سەردار (مفتوح)	رَحۡمَتَ	١- زەنندەی ڕووت
			رَحۡمَتِ	١- زەنندەی ڕووت ٢- (الرَّوْم)
			رَحۡمَتُ	١- زەنندەی ڕووت ٢- (الرَّوْم) ٣- (الإشمام)
٩	زەنندەی توشهاتوو بەجووڵە		قُمِ ٱلَّيۡلَ ٱشۡتَرَوُاْ ٱلضَّلَٰلَةَ	١- زەنندەی ڕووت
١٠	میمی كۆ (میم الجمع)		عَلَيۡكُمُ ٱلۡغَمَامَ	١- زەنندەی ڕووت

بڕین (القطع)

واته لێبوونەوەو کۆتایهێنان به قورئانخوێندنو دەستکردن به کارێکیتر. بۆیه پێویسته له سەر قورئانخوێن لەو شوێنەدا کۆتایی به خوێندنەکەی بێنێت که مانای تەواو دەبەخشێت، باشتر وایه خۆی پاپەند نەکات بەو نیشانانەی له کۆتایی (جزء)و (حزب)و (نصف الحزب)و... هتد دانراون.

چونکه مەرج نییه ئەو نیشانانه لەو شوێنانەدا دانرابن که مانایان تەواوبێت، بەڵکو زانایان دایانناون له سەر بنەمای ژمارەی دێڕەکانو دابەشکردنی پیتەکان به مەبەستی دابەشکردنی قورئانی پیرۆز به سەر (جزء)و (حزب)و ... هتد.[٢١٢]

بۆ نموونه کۆتایی جوزئی (٤) پەیوەسته به سەرەتای جوزئی (٥) واته ئایەتی (٢٤)ی سورەتی (النساء)، چونکه تەواوکەره بۆ ئایەتی پێشوو باسی ئەو ئافرەتان دەکات که خوازبێنی کردنیان قەدەغەکراوه، بۆیه باش وایه ئەو ئایەتەشی لەگەڵدا بخوێنرێت.

هەروەها جوزئی (١٢) چاکتر وایه به ئایەتی (٥٣)ی سورەتی (یوسف) کۆتایی به خوێندنی ئەو جوزئه بهێنرێت.

جوزئی (١٩) باشتر وایه به تەواوبوونی چیرۆکی پێغەمبەر (لوط) کۆتایی به خوێندنەکەی بهێنێت واته ئایەتی (٥٨) نەك لەکۆتایی ئایەتی (٥٥)دا.

جوزئی (٢١)یش به خوێندنی ئایەتی (٢٠)ی سورەتی (الأحزاب) کۆتایی به خوێندنەکەی بهێنێت.

جوزئی (٢٢)یش به خوێندنی تەواوی سورەتی (فاطر) کۆتایی به خوێندنەکەی بهێنێت.

جوزئی (٢٤)یش به خوێندنی هەموو سورەتی (فصلت) کۆتایی به خوێندنەکەی بهێنێت.

---

[٢١٢] دابەشردنی قورئانی پیرۆز به سەر جوزئو حیزب و چارەکدا له سەردەمی شوێنکەوتوان (التابعین)دا (نصر)ی کوڕی (عاصم) به فەرمانی (الحجّاج)ی کوڕی (یوسف الثقفي) ئەنجامی دا، له سەدەی چوارەمی کۆچیشدا نیشانەکانی بۆ دانرا. (تیسیر علم التجوید ل: ٣٢١– ٣٢٢).

جوزئی (٢٦)یش بە خوێندنی سورەتی (ق) کۆتایی بە خوێندنەکەی بهێنێت واتە سورەتی (الذاریات) بکەوێتە سەرەتای جوزئی (٢٧)

سەبارەت بە (حزب)و بەشەکانیشی نموونەکان زۆر لەوە زیاترن کە لێرەدا باسیان لێوە بکرێت.[٢١٣]

[٢١٣] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: تیسیر علم التجوید ل: ٣١٩- ٣٢٢، حق التلاوة ل ١٢٩-١٣٠.

بەشی یازدەیەم
چەند بابەتێك

یەكەم: دەنگ بەرزكردنەوە (النَّبْر).[٢١٤]

لە زمانەوانیدا: دەنگ بەرزكردنەوەو هاواری توندە. لە زاراوەشدا: دروستكردنی فشارێكی زیادە لەسەر پیت.

شوێنەكانی (النبر) لە قوئانی پیرۆزدا:

١- لە كاتی وەستان لەسەر پیتی (شدّة)دار. وەك: ﴿مُّسْتَقِرٌّ﴾، ﴿أَضَلَّ ﴾، ﴿مِنَ ٱلْمَسِّ ﴾.

هۆكارەكەی: بۆ ئەوەی گوێگر هەستبكات كە پیتە (شدّة)دارەكە دوو پیتە.

بەڵام ئەم دوانەی خوارەوە ناگرێتەوە:

✓ پیتەكانی لەرینەوە (القلقلة) ئەگەر (شدّة)دار بوون: ﴿ٱلْحَجِّ﴾، ﴿ٱلْحَقُّ﴾، ﴿وَتَبَّ﴾، ﴿أَشَدُّ﴾.

ئەمانە لەرینەوە (القلقلة)یان پێدەكرێت و پەیوەندیان بە(نَبر)ەوە نییە.

✓ نون و میمی (شدّة)دار: ﴿ٱلْيَمِّ ﴾، ﴿وَلَا جَآنٌّ﴾. ئەم دوو پیتەش مینگە هاوەڵایەتیان دەكات.

٢- لە كاتی وەستان لە سەر پیتی هەمزە كاتێك بە دوایدا پیتی درێژكردنەوە (المَدّ) یاخود ئاسان (اللین) هاتبێت: ﴿ٱلسُّفَهَآءِ﴾، ﴿وَجِاْىٓءَ﴾، ﴿ٱلسُّوٓءَ﴾، ﴿شَىْءٍ﴾، ﴿ٱلسَّوْءِ﴾.

هۆكاری: نەفەوتانی پیتی هەمزە بە هۆی سەرقاڵبوونی دەم بەدەركردنی پیتی درێژكردنەوە (المدّ)ەوە.

---

[٢١٤] فتح رب البرية شرح المقدمة الجزرية ل ٦٤– ٦٥

٣- درێژکردنەوە (المدّ): گواستنەوە لە پیتی درێژکردنەوە (المدّ)ەوە بۆ پیتێکی (شدّة)دار. وەك: ﴿وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾، ﴿وَٱلصَّـٰٓفَّـٰتِ﴾، ﴿ٱلۡحَآقَّةُ﴾

هۆكاری: تیانەچوونی پیتە (شدّة)دارەكە بە هۆی سەرقاڵبوونی دەم بە دەركردنی پیتی درێژكردنەوە (المدّ)ەوە، بۆ ئەوەی گوێگر هەستبكات كە پیتە (شدّة)دارەكە دووپیتە.

تێبینی: ئەگەر پێش پیتەكانی لەرینەوە (القلقلة) پیتی درێژكردنەوەی پاپەند (المدُّ اللازم) هاتبوو ئەوا (نبر) پێویست (واجب) دەبێت. وەك:

﴿ٱلدَّوَآبِّ﴾، ﴿يُشَآقِّ﴾، ﴿حَآدَّ﴾

٤- لە كاتی كەوتنی ئەلیفی دوو كەسدا (ألف الاثنين) بە هۆی گەیشتنی دوو (ساكن) بەیەك (نبر) پێویست دەبێت، ئەگەر لەگەڵ تاك (مفرد)دا جیانەدەكرایەوە، بۆ ئەوەی گوێگر هەست بە پیتی ئەلیفەكە بكات، لێرەدا (نبر) تەنها لە باری گەیاندن (وصل)دا پێویستە. وەك: ﴿ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ﴾، ﴿وَٱسۡتَبَقَا ٱلۡبَابَ﴾، ﴿وَقَالَا ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ﴾. بەڵام ئەگەر لە تاك (مفرد) جیاكرایەوە ئەوا پێویستی بە (نبر) نابێت، وەك: ﴿دَّعَوَا ٱللَّهَ﴾، ﴿ٱدۡخُلَا ٱلنَّارَ﴾.

٥- لە كاتی دەربڕینی پیتی (و)و (ي) (شدة)داردا، لە باری وەستانو گەیاندن وەك: ﴿تَوَّابًا﴾، ﴿نَبِيًّا﴾ ﴿عَصَوا وَّكَانُواْ﴾، ﴿عَدُوٌّ﴾، ﴿ٱلنَّبِيُّ﴾

هۆكاری: تێكەڵنەبوونی (و)و (ي) (شدة)دار لە گەڵ (و)و (ي) درێژكردنەوە (المدُّ)و، ئاسان (اللين)دا.

دووەم: چەند زانیاریەك سەبارەت بە ریوایەتی (حفص) لە ڕێگای (الشاطبیة)وە:[215]

١- دەبێت درێژكردنەوەی پێویستی لكاوو درێژكردنەوەی ڕێپێدراوی جودا (٤) یاخود (٥) جووڵە دریژبكرێنەوە، بەڵام (٤) جووڵە لەپێشترە.[216]

٢- ﴿وَٱللَّهُ يَقۡبِضُ وَيَبۡصُۜطُ وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ﴾ [البقرة: ٢٤٥]، ﴿وَزَادَكُمۡ فِي ٱلۡخَلۡقِ بَصۜۡطَةٗۖ﴾ [الأعراف: ٦٩] تەنها بە پیتی (سین) دەخوێنرێنەوە.[217]

﴿أَمۡ عِندَهُمۡ خَزَآئِنُ رَبِّكَ أَمۡ هُمُ ٱلۡمُصَۣيۡطِرُونَ﴾[الطور: ٣٧] بە پیتی (صاد) و بە پیتی (سین)یش دەخوێنرێتەوە، بەڵام خوێندنەوەی بە (صاد) لە پێشترە.[218]

﴿لَّسۡتَ عَلَيۡهِم بِمُصَيۡطِرٍ﴾ [الغاشیة: ٢٢] تەنها بە پیتی (صاد) دەخوێنرێتەوە.[219]

٣- لە كاتی گەیاندنی ئایەتی یەكەم بە دووەم لە سورەتی (آل عمران)دا پیتی (م) سەر (فتحة) وەردەگرێت لە بەر گەیشتنی دوو زەننە بە یەك (التقاء الساكنین)، ئینجا بە دوو شێوە دەخوێنرێتەوە:

أ- تەواو درێژكردنەوەی (میــمَ) واتە: (٦) جووڵە درێژدەكرێتەوە.

ب- كورتكردنەوەی (میمَ) واتە: (٢) جووڵە درێژدەكرێتەوە.

بەڵام شێوەی یەكەم لە پێشترە.[220]

٤- وشەی ﴿ءَآلذَّكَرَيۡنِ﴾ [الأنعام: ١٤٣،١٤٤]و، ﴿ءَآلۡـَٰٔنَ﴾[یونس: ٥١،٥٩]و، ﴿ءَآللَّهُ﴾ [یونس: ٥٩، النمل: ٥٩] بە دوو شێوە دەخوێنرێنەوە:

---

[215] هەندێكیان پێشتر باسیان لێوەكراوە، بەڵام لەبەر گرنگیان لێرەدا تەنها ئاماژەی بۆ دەكەمەوە.

[216] المنیر في أحكام التجوید ل: ٢٦٠

[217] البدور الزاهرة في القراءات العشر المتواترة ل: ٩٨، ٢٢٢

[218] هدایة القاري إلى كلام الباري ل: ٥٧٩.

[219] البدور الزاهرة في القراءات العشر المتواترة ل: ٦٥٨

[220] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل: ١١١

أ- تەواو درێژکردنەوە (الإشباع).

ب- (التسهيل)، بەڵام شێوەی یەکەم لە پێشترە .[221]

٥- شێوەکانی خوێندنی نێوان سورەتی (الأنفال) و(التوبة) سیانن:

أ- وەستان بە هەناسەوە لەسەر ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىۡءٍ عَلِيمٌ﴾و پاشان خوێندنی ﴿بَرَآءَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ ...﴾ بە بێ (بَسملة).

ب- گەیاندنی هەردووکیان ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىۡءٍ عَلِيمٌ بَرَآءَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ...﴾

ت- وەستان بە بێ هەناسە (السَّكت) لەسەر وشەی ﴿عَلِيم﴾ پاشان خوێندنی ﴿بَرَآءَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ ...﴾.[222]

٦- وشەی ﴿مَجۡرٜىٰهَا﴾ لە ئایەتی ﴿وَقَالَ ٱرۡكَبُواْ فِيهَا بِسۡمِ ٱللَّهِ مَجۡرٜىٰهَا وَمُرۡسَىٰهَآۚ﴾ [هود:٤١] بە لارکردنەوە (الإمالة) واتە بە (یٚ) دەخوێنرێتەوە.[223]

٧- تێهەڵکێشکردنی پیتی (ب) لە (م)دا لە ئایەتی ﴿يَٰبُنَيَّ ٱرۡكَب مَّعَنَا﴾[هود:٤٢][224]

٨- ﴿لَا تَأۡمَ۫نَّا﴾ لە ئایەتی ﴿قَالُواْ يَٰٓأَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأۡمَ۫نَّا عَلَىٰ يُوسُفَ﴾ [يوسف:١١] بە دوو شێوە دەخوێنرێتەوە، یەکەمیان لەپێشترە:

أ- (الرّوم): واتە وشەکە بەدوو نون دەخوێنرێتەوە (تأمنُنَا) یەکەمیان بە بۆر (ضمّة)و دووەمیان بە سەر (فتحة)، بەڵام نونە بۆردارەکە بە خێرایی (إختلاس) دەخوێنرێتەوە چونکە لە گەڵ نونی دووەمدا تێهەڵکێش نابێت، زانایان دەڵێن نونە بۆردارەکە (مضموم) دوو لە سەر سێی دەمێنێتەوە.

---

[221] بڕوانە لاپەڕە: ١٦٣

[222] بڕوانە لاپەڕە: ٤٢

[223] بڕوانە: البدور الزاهرە ل: ٢٨٨

[224] بڕوانە لاپەڕە: ١٢٨

ب- (الإشمام): کۆکردنەوەو خڕکردنی لێو لە پاش زەنندارکردنی (تسکین) پیتە بۆردارەکە (مضموم) بە مەبەستی ئاماژەکردن بۆ (ضمّة)کە، چونکە نونی یەکەم بە تەواوی تێهەڵکێشی نونی دووەم دەبێت و ئیتر (ضمّة)کە ناخوێنرێتەوە.
کەواتە لە گەڵ (إشمام)دا تێهەڵکێس پێویستە لە گەڵ (روم)یشدا (إختلاس) پێویستە.[225]

٩- پیتی (عین) لە ﴿كٓهيعٓصٓ﴾[مريم:١]و، ﴿عٓسٓقٓ﴾[الشورى:١]، بە (٦) جووڵەو بە (٤) جووڵە دەخوێنرێتەوە.[226]

١٠- ﴿وَيَخۡلُدۡ فِيهِۦ مُهَانًا﴾[الفرقان: ٦٩]، بە (فيهي مُهاناً) دەخوێنرێتەوە.[227]

١١- وشەی ﴿لۡـَٔيۡكَةِ﴾ لەئایەتی ﴿كَذَّبَ أَصۡحَٰبُ لۡـَٔيۡكَةِ ٱلۡمُرۡسَلِينَ﴾ [الشعراء: ١٧٦]، و﴿وَثَمُودُ وَقَوۡمُ لُوطٖ وَأَصۡحَٰبُ لۡـَٔيۡكَةِ﴾[ص: ١٣] بە بێ (ألف) نوسراونەتەوە، بەڵام لە هەردوو سورەتی (الحجر)و (ق)دا بە(ألف) نوسراونەتەوە، ﴿وَإِن كَانَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡأَيۡكَةِ لَظَٰلِمِينَ﴾[الحجر: ٧٨]، ﴿وَأَصۡحَٰبُ ٱلۡأَيۡكَةِ وَقَوۡمُ تُبَّعٖ﴾. لە هەر چواریاندا لە کاتی گەیاندن (الوصل) بە لامێکی زەنندارەوە دەخوێنرێنەوە، بەڵام لە کاتی دەستپێکردندا (الإبتداء) بە هەمزەیەکی سەردار (مفتوح)و بە دوایدا لامێکی زەنندار دەخوێنرێنەوە، واتە: (أَلْأَيكة).[228]

١٢- لە کاتی وەستان لە سەر وشەی ﴿ءَاتَىٰنِۦ﴾ لە ئایەتی: ﴿فَمَآ ءَاتَىٰنِۦَ ٱللَّهُ خَيۡرٞ مِّمَّآ ءَاتَىٰكُم﴾ [النمل: ٣٦] بە دوو شێوە دەخوێنرێتەوە: بە پیتی (ي) دەخوێنرێتەوە،

---

[225] بروانە: أحكام قراءة القرآن الكريم للحصري ل: ١٢٧و ٣٢٦-٣٢٧.
[226] بروانە لاپەڕە: ١٦٩.
[227] بروانە لاپەڕە: ١٧٢ .
[228] المنير في أحكام التجويد، ل: ٢٦٤.

واته: (آتاني)، هەروەها بە بێ پیتی (ي)ش دەخوێنرێتەوە، واته: (آتانْ)، بەڵام یەکەمیان لە پێشترە.[229]

١٣- هەر سێ وشەی (ضَعف) لە ئایەتی: ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن ضَعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ ضَعْفٍ قُوَّةً ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ قُوَّةٍ ضَعْفًا وَشَيْبَةً﴾ [الروم: ٥٤]، **بە دوو شێوە دەخوێنرێتەوە.**

أ- (ضَعف)، (ضَعفاً)

ب- (ضُعف)، (ضُعفاً)، بەڵام یەکەمیان لە پێشترە.[230]

١٤- لەم دوو شوێنەدا تێهەڵکێش ڕوو نادات بەڵکو نونە زەنندەدارەکە ئاشکرا دەکرێت: ﴿يسٓ ۝١ وَٱلْقُرْءَانِ ٱلْحَكِيمِ﴾، ﴿نٓ ۚ وَٱلْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ﴾[231]

١٥- ﴿ءَا۬عْجَمِىٌّ وَعَرَبِىٌّ﴾ [فصلت: ٤٤]، **تەنها بە (التسهيل) دەیخوێنێتەوە.[232]**

١٦- لە کاتی دەستپێکردن (الإبتداء) بە وشەی ﴿ٱلِٱسْمُ﴾ **لە ئایەتی** ﴿بِئْسَ ٱلِٱسْمُ ٱلْفُسُوقُ بَعْدَ ٱلْإِيمَـٰنِ﴾[الحجرات: ١١] **بە دوو شێوە دەخوێنرێتەوە:[233]**

أ- (أَلِسْمُ).

ب- (لِسْمُ).

١٧ - لە کاتی گەیاندنی ئەم دوو ئایەتە ﴿مَآ أَغْنَىٰ عَنِّى مَالِيَهْ ۜ ۝٢٨ هَلَكَ عَنِّى سُلْطَـٰنِيَهْ﴾[الحاقة: ٢٨-٢٩] **بە یەکتر بە دوو شێوە دەخوێنرێتەوە:**

أ- وەستان لە سەر وشەی ﴿مَالِيَهْ﴾ **بە بێ هەناسە واته (السّكت).**

---

[229] **غاية المريد في علم التجويد ل: ٢١٠-٢١١.**

[230] **البدور الزاهرة في القراءات العشر المتواترة ل: ٤٧١**

[231] **بڕوانە لاپەڕە: ١٣٥**

[232] **هەمان سەرچاوەی پێشوو ل: ٥٣٧.**

[233] **هەمان سەرچاوەی پێشوو ل: ٥٧٢ .**

ب- تێهەڵکێشکردن (الإدغام) واته به (ماليهَّلك) دەخوێنرێتەو، بەڵام شێوەی یەکەم لەپێشترە.[234]

١٨- له کاتی وەستان لەسەر وشەی ﴿سَلَٰسِلَاْ﴾ لەئایەتی ﴿إِنَّآ أَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ سَلَٰسِلَاْ وَأَغۡلَٰلٗا وَسَعِيرًا﴾ [الإنسان: ٤] بەدوو شێوە دەخوێنرێتەوە: به پیتی ئەلیف و به بێ پیتی ئەلیفیش دەخوێنرێتەوە[235]

١٩- وشەی ﴿قَوَارِيرَاْ﴾ی دووەم له ﴿وَيُطَافُ عَلَيۡهِم بِـَٔانِيَةٖ مِّن فِضَّةٖ وَأَكۡوَابٖ كَانَتۡ قَوَارِيرَاْ ۝ قَوَارِيرَاْ مِن فِضَّةٖ تَقۡدِيرٗا قَدَّرُوهَا﴾[الإنسان: ١٥-١٦]، له باری گەیاندن و وەستانیشدا ئەلیفەکەی ناخوێنرێتەوە، بەڵام ﴿قَوَارِيرَاْ﴾ی یەکەم له باری گەیاندندا ناخوێنرێتەوەو له باری وەستاندا دەخوێنرێتەوە.[236]

٢٠- وشەی ﴿نَخۡلُقكُّم﴾ له ئایەتی ﴿ أَلَمۡ نَخۡلُقكُّم مِّن مَّآءٖ مَّهِينٖ ﴾ [المرسلات٢٠] به دوو شێوە دەخوێنرێتەوە:

أ- تێهەڵکێشکردنی تەواو واته به (نخلكُّم) دەخوێنرێتەوە.

ب- تێهەڵکێشکردنی ناتەواو.[237]

٢١- له کاتی وەستان له سەر ﴿يُحۡيِۦ﴾و هاوشێوەکانی ئەگەر به دوایدا پیتێکی بزواو (متحرك) هاتبوو، وەك: ﴿يُحۡيِۦ وَيُمِيتُ﴾[البقرة: ٢٥٨] یاخود زەنندار هاتبوو بەڵام خۆی سەر (فتحة)ی هەبوو وەك: ﴿أَن يُحۡـِۧيَ ٱلۡمَوۡتَىٰۚ ﴾ [الأحقاف: ٣٣] ئەوا پێویستە قورئانخوێن به دوو (ي) له پاش پیتی (ح)وە له سەری بوەستێ ودەشبێتە درێژکردنەوەی جێگیرکردن (مدّ التمكين)، بەڵام ئەگەر به دوای ﴿يُحۡيِ﴾و

---

[234] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل: ٦٢٥.

[235] بڕوانه لاپەڕە: ١٥٣-١٥٤.

[236] بڕوانه لاپەڕە: ١٢٦.

[237] بڕوانه لاپەڕە: ١٢٦.

هاوشێوەکانیدا پیتێکی زەنندەدار هاتبوو لە هەمان کاتیشدا پیتێکی (ي) لە بەر دۆخی گەیاندن (وصل) نەمابوو وەك: ﴿يُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ﴾ [الروم: ٥٠]، خوێنەر دەتوانێت بە یەك (ي) لە سەری بوەستیٚ لە بەر شوێنکەوتنی (الرسم)و، دەشتوانێت بە دوو (ي) لە سەری بوەستیٚ چونکە هۆکار نەماوە بۆ سڕینەوەی.[٢٣٨]

٢٢- دروست نییە قوڕئانخوێن لە سەر (أو) لەم ئایەتانەی خوارەوەو هاوشێوەکانی بوەستێت چونکە (أو)ی پرسیار (الإستفهامية)ن و لە کاتی وەستان لە سەریان وەك (أو)ی ئامرازی لێکدەر (العاطفة)یان لێدێت.[٢٣٩]

﴿أَوَأَمِنَ أَهۡلُ ٱلۡقُرَىٰٓ أَن يَأۡتِيَهُم بَأۡسُنَا ضُحٗى وَهُمۡ يَلۡعَبُونَ﴾ [الأعراف: ٩٨]، ﴿أَوَءَابَآؤُنَا ٱلۡأَوَّلُونَ﴾[الصافات:١٧]، [الواقعة:٤٨]، ﴿أَوَلَمۡ يَرَ ٱلۡإِنسَٰنُ﴾[يس:٣٦]

---

[٢٣٨] المنير في أحكام التجويد ل: ٢٦٢- ٢٦٣، إحكام الأحكام في تجويد تلاوة القرآن ل ٥٧.

[٢٣٩] هەمان سەرچاوە ل: ٢٦٣- ٢٦٤.

سێیەم: سەنەدی (حفص):

چوارەم: ناوی دە قورئانخوێنەکان و ڕاویەکانیان:

شار	قاريء	ساڵی کۆچکردن	ڕاوی	ساڵی کۆچکردن
مەدینە	١- نافع	١٦٩ ك	١- قالون ٢- وَرْش	٢٢٠ ك ١٩٧ ك
مەککە	٢- ابن كثير	١٢٠ ك	١- البَزِّي ٢- قُنبُل	٢٠٥ ك ١٩١ ك
بەسڕە	٣- أبو عمرو	١٥٤ ك	١- الدُّوري ٢- السُّوسي	٢٤٦ ك ٢٦١ ك
دیمەشق	٤- ابن عامر	١١٨ ك	١- هشام ٢- ابن ذكوان	٢٤٥ ك ٢٤٢ ك
کوفە	٥- عاصم	١٢٧ ك	١- شُعبة ٢- حَفص	١٩٣ ك ١٨٠ ك
کوفە	٦-حمزة	١٥٦ ك	١- خَلَف ٢-خَلَّاد	٢٢٩ ك ٢٢٠ ك
کوفە	٧- الكسائي	١٨٩ ك	١- أبو الحارث ٢- الدُّوري	٢٤٠ ك ٢٤٦ ك
مەدینە	٨- أبو جعفر	١٣٠ ك	١- ابن وَردان ٢- ابن جَمَّاز	١٦٠ ك ١٧٠ ك
بەسڕە	٩- يعقوب	٢٠٥ ك	١- رُوَيْس ٢- رَوْح	٢٣٨ ك ٢٣٤ ك
کوفە	١٠- خلف	٢٢٩ ك	١- إسحاق ٢- إدريس	٢٨٦ ك ٢٩٢ ك

سەرچاوەکان

١- الإتقان في علوم القرآن للسيوطي، دار الكتب العلمية.

٢- إحكام الأحكام في تجويد القرآن سيد جمعة سلاّم، موقع شبكة مشكاة الإسلامية.

٣- أحكام قراءة القرآن الكريم محمود خليل الحصري، دار البشائر الإسلامية، ط١٠، ٢٠١١.

٤- الإضاءة فى بيان أصول القراءة على محمد الضباع، موقع شبكة مشكاة الإسلامية.

٥- أضواء البيان في معرفة الوقف والابتداء، جمال إبراهيم القِرش، ط٢، ١٤٢٦هـ.

٦- أطلس التجويد د. أيمن سويد.

٧- إِعانَةُ المستفيد بضبط مَتنَي (التُّحْفة والجزريَة) حسن مصطفى الوَرَّاقِيِّ، موقع مكتبة صيد الفوائد.

٨- البدور الزاهرة في القراءات العشر المتواترة عبدالفتاح القاضي،مكتبة دار الفجر- دمشق ط١، ٢٠٠٥.

٩- التبيين في أحكام تلاوة الكتاب المبين عبداللطيف فايز دريان، دار المعرفة لبنان، ط١، ١٩٩٩.

١٠- تەفسیری ڕامان ئەحمەد کاکە محمود، نەشری ئیحسان، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦

١١- التجويدالمصور لأيمن رشدي سويد، مكتبة ابن الجزري، ط٢، ٢٠١١.

١٢- التلخيص الحبير في تخريج أحاديث الرافعي الكبير لابن حجر العسقلاني دار الكتب العلمية، ط١، ١٩٨٩.

١٣- تفسير العلامة محمد العثيمين، إعداد موقع روح الإسلام

١٤- تيسير الرحمن في تجويد القرآن د.سعاد عبدالحميد، دار التقوى، ط١، ٢٠٠٩.

١٥- تيسير علم التجويد أحمد بن أحمد محمد عبدالله الطويل، دار كنوز إشبيليا، ط١، ٢٠٠٩.

١٦- الجامع الكبير في علم التجويد نبيل بن عبدالحميد بن علي، الفاروق الحديثة للطباعة والنشر، ط١، ٢٠٠٥.

١٧- حق التلاوة حسني شيخ عثمان، دار جهينة، ط١٠، ٢٠٠٢.
١٨- الروضة الندية شرح متن الجزرية محمود محمد عبد المنعم، المكتبة الشاملة.
١٩- سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها وفوائدها للألباني، مكتبة المعارف.
٢٠- سنن ابن ماجة بتحقيق شعيب الأرنؤوط، دار الرسالة العالمية، ط١، ٢٠٠٩
٢١- سنن أبي داود بتحقيق شعيب الأرنؤوط، دار الرسالة العالمية، ط١، ٢٠٠٩
٢٢- سنن الدارمي تحقيق: حسين سليم أسد الداراني، دار المغني، ط١، ٢٠٠٠.
٢٣- السنن الكبرى للبيهقي دائرة المعارف النظامية الكائنة في الهند، ط١، ١٣٤٤.
٢٤- شرح رياض الصالحين محمد بن صالح العثيمين، دار الوطن، ١٤٢٦هـ.
٢٥- شعب الإيمان للبيهقي، مكتبة الرشد، ط١، ٢٠٠٣
٢٦- صحيح ابن حبان تحقيق شعيب الأرنؤوط، مؤسسة الرسالة، ط٢، ١٩٩٣.
٢٧- صحيح أبي داود للألباني، مؤسسة غراس، ط١، ٢٠٠٢.
٢٨- صحيح البخاري محمد إسماعيل البخاري، دار طوق النجاة، ط١، ١٤٢٢.
٢٩- صحيح الترغيب والترهيب للألباني، مكتبة المعارف، ط٥.
٣٠- صحيح الجامع الصغير وزيادته للألباني، المكتب الإسلامي، ١٤٠٨هـ.
٣١- صحيح مسلم، دار الجبل بيروت + دار الآفاق الجديدة.
٣٢- ضعيف وصحيح سنن ابن ماجة محمد ناصر الدين الألباني، مكتبة المعارف.
٣٣- علم التجويد د. يحيى عبدالرزاق الغوثاني، دار الغوثاني، ط١، ٢٠٠١.
٣٤- غاية المريد في علم التجويد عطية قابل نصر، ط٣.
٣٥- فتح الباري شرح صحيح البخاري لابن حجر العسقلاني، دار المعرفة، ١٣٧٩.
٣٦- فتح رب البرية شرح المقدمة الجزرية صفوت محمود سالم، ط٢، ٢٠٠٣.
٣٧- فضائل القرآن لابن كثير بتحقيق أبي إسحاق الحويني، مكتبة ابن تيمية، ط١، ١٤١٦هـ.
٣٨- فيض القدير شرح الجامع الصغير للمناوي، المكتبة التجارية الكبرى، ط١، ١٣٥٦
٣٩- كيف تقرأ القرآن محاضرات الدكتور أيمن سويد.
٤٠- لآلئ البيان في تجويد القرءان إبراهيم على شحاتة السمنودي.

٤١- متن السلسبيل الشافي في علم التجويد عثمان بن سليمان مراد.
٤٢- متن الشاطبية المسمى حرز الأماني ووجه التهاني في القراءات السبع للشاطبي بتحقيق محمد تميم الزعبي، مطبعة الغوثاني ، ط٥، ٢٠١٠
٤٣- مَتْنُ طَيِّبَةِ النَّشْرِ فِي الْقِرَاءَاتِ الْعَشْرِ لابن الجزري، تحقيق محمد تميم الزغبي، دار الهدى، ط١، ١٤١٤ هـ - ١٩٩٤م
٤٤- مجمع الزوائد ومنبع الفوائد للهيثمي، مكتبة المقدسي، ١٩٩٤.
٤٥- مجموع الفتاوى لابن تيمية، مجمع الملك فهد، ١٩٩٥.
٤٦- مجموع فتاوى ومقالات ابن باز، الناشر: الرئاسة العامة للبحوث العلمية والإفتاء.
٤٧- المحلى بالآثار لابن حزم الأندلسي، دار الفكر.
٤٨- المذكرة في التجويد محمد نبهان بن حسين مصري، ط٣١، ٢٠٠٥.
٤٩- المستدرك على الصحيحين للحاكم النيسابوري دار الكتب العلمية، ط١، ١٩٩٠
٥٠- مسند الإمام أحمد بن حنبل مذيلة بأحكام شعيب الأرنؤوط عليها، مؤسسة الرسالة، ط١، ٢٠٠١.
٥١- مسند أبي يعلى الموصلي تحقيق حسين سليم أسد دار المأمون للتراث دمشق، ط١، ١٤٠٤ - ١٩٨٤
٥٢- مشكاة المصابيح للتبريزي بتحقيق الألباني، المكتب الإسلامي، ط٣، ١٩٨٥.
٥٣- مصنف ابن أبي شيبة تحقيق محمد عوامة، دار القبلة
٥٤- المعجم الأوسط للطبراني تحقيق محمد عوض، دار الحرمين.
٥٥- المعجم الكبير للطبراني بتحقيق حمدي السلفي، مكتبة ابن تيمية، ط٢.
٥٦- المفيد في علم التجويد شهاب الدِّين أَحمد بن بدرالدِّين الطِّيبِيّ، مكتبة اولاد الشيخ للتراث.
٥٧- منار الهدى في بيان الوقف والابتدا، للأشموني دار الكتب العلمية، ط٢، ٢٠٠٧.
٥٨- المنير في أحكام التجويد جمعية المحافظة على القرآن الكريم، المطابع المركزية، ط٢٢، ٢٠١٣.
٥٩- النشر في القراءات العشر لابن الجزري، بتحقيق علي محمد الضباع، المطبعة التجارية الكبرى.

٦٠- نهاية القول المفيد في فن التجويد محمد مكي نصر الجريسي، مكتبة الصفا، ط١، ١٩٩٩.
٦١- هداية القاري إلى تجويد كلام الباري عبد الفتاح المرصفي، مكتبة طيبة، ط٢.
٦٢- الوجيز في تجويد الكتاب العزيز د. محمد بن سيدي محمد الأمين، مكتبة العلوم والحكم، ط١، ٢٠٠٢.

ناوەڕۆك

بابەت **لاپەڕە**

بەشی سێیەم :

بەشی چوارەم:

دووەم: سیفەتە بێ دژەکان:

بەشی پێنجەم:

بەشی شەشەم:

بەشی حەوتەم:

بەشی هەشتەم:

بەشی نۆیەم:

بەشی دەیەم: